# هەوڵێک بۆ دادپەروەری



نووسینی
کاروان حەمەد

هەوڵێک بۆ دادپەروەری

نووسینی : کاروان حەمەد

هەوڵێک بۆ دادپەروەری

An attempt for Justice

# An attempt for JUSTICE



ئەو کۆدەنگیەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی کە دەنگ بەرز دەکاتەوەو هاوار ئەکات
وەک تەوژمی ڕەشەبایەکی سیاسی لەبەر نەبونی دادپەروەریە خەریکە هەڵدەکات و
هەموو شتێک ڕائەماڵێت ،ئەم هێزەش کاتێک لە چاوەڕوانی ئەم تەوژمە ئامادە
دەبێت بۆ هەڵکۆڵینی هەر بابەتێک و ناوێک کە تێگەیشتنێک هەبێت بۆ هەر شتێک
کە مۆرکێکی نامۆی لەسەر بێت و نەزانراو بێت ،چونکە ئەم بابەتە نەزانراوانەی دوێنێ
مرۆڤەکان لە خزمەتی دابون ئەمڕۆ لە دژی مرۆڤەکانە ئەم مەترسیەش جێی گومانە،
ئەبێت مرۆڤەکان لە کۆتاییدا تێبگەن کە ئەوەی لە پێناوی هەوڵی بۆ ئەدەن لە خزمەتی
سەرمایەداری و لە ناوچونی خۆیانە

By: Karwan Hamad

هەوڵێک بۆ دادپەروەری

# هەوڵێک بۆ دادپەروەری

کاروان حەمەد

کتێب: هەوڵێک بۆ دادپەروەری

نووسەر: کاروان حەمەد

هەڵەچن: بەهجەت حەسەن

دیزاینی ناوەوە: ماهر حەسەن

دیزاینی بەرگ: ئومێد سەعید (میرۆ)

سپاردە: ژمارە (١٠٩٥)، ساڵی ٢٠٢٠

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانە: تاران


مافی لەچاپدانەوە و لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرهەمە بە هەموو شێوەیەک بۆ نووسەر پارێزراوە.

ئەم کتێبە، پێشکەشە بە ڕۆحی دایک و باوکم، بە خانەوادەکەم.

# پێرست


پێشەکی........................................................ ٩

با کۆیلەکان لەناو ببەین ...................................... ١٣

دروستبوونی هەرەم و خولانەوەی.................................. ٢٩

سیزیف دەمرێت ................................................. ٥٣

پێویستی نەتەوەیەک ........................................... ٨٧

سەرچاوەکان ................................................... ١٤١

# پێشەکی

دادپەروەریی واتا ژیانێک بە هەموو ماف و ئەرکەکانم کە ژیان لەگەڵ لەدایکبوونم وەک مافێکی سروشتی پێی داوم. هەوڵێک بۆ دادپەروەری واتا بەکارهێنانی هێز بۆ گەڕانەوەی ئەو مافە زەوتکراوەی کە خوا لە ژیاندا پێی داوم. دادپەروەری کاتێک بەدەست دێت گەر مردن هەزار ساتیش لەوادەی خۆی زووتر بێت لەپێناو دەستهەڵگرتن لە مافەکەت دەستی لێ هەڵنەگری و شەڕ لەپێناوی بکەی، ئەوکات هێزو بازوەکەت دەبێتە بنەمایەک بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری.

کاتێک دەتەوێت بە مردنێکی سروشتی بمریت لەسەر جێگەکەت، ئەوە بەزەلیلی دەژی یان بە زەلیلی پێش وادە سروشتییەکەی خۆی بەجۆرێک دەمریت، کە نەت دەویست بەم شێوە بمریت. هەموو مافێکی خۆشت لەدژی ئەم جۆرە مردنە ڕەت دەکردەوە، بۆیە لەم هەڵبژاردنە ترسنۆکانە بە زەلیلی دەژی و بە زەلیلی دەمری.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەپێناو ڕوحی هاوڕێکەمە، کە بە زەلیلی ژیاو بە زەلیلی مرد. هەر بۆیە لەسەرەمەرگیدا دەیگوت: "سەدانی وەک من بێئاگان لەوەی لە ڕێگەدان بۆ زەلیلبوون."

کاتێک لەگەڵ هاوڕێکەم دەکەوتینە گفتوگۆ لەسەر دادپەروەری و یەکسانی و گەڕانەوەی مافەکانمان خۆی دوور دەگرت و دەیگوت:

باوەڕم بەوە نییە لە پێناو خەڵکانێک ژیانە ئاسایی و سروشتییەکەی خۆم تێک بدەم. ژیان یەک جارە، ئەوەی پێم دراوە ئاساییە و هیچ کەم و کوڕیەکی نییە بۆ خۆم. بۆیە نامەوێت بە ترسەوە بژیم و مردنیش پێش وادەی خۆم یەخەم بگرێت. ئەمانە لەپێناو چ بکەم؟!

ماوەیەک دواتر نەخۆش کەوت، کە نەخۆشیەکی درێژخایەن و توند بوو. بەهۆی نەبوونی کەرتی تەندروستی و کەم و کوڕیەکان لە دابینکردنی پێداویستی ئەم نەخۆشییەی، ئەوا وردە وردە هەموو ئەوەی خاوەنی بوو بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییە بە نەخۆشخانەکان و دکتۆرەکانی بەخشی، تا گەیشتە ئەو ڕادەی بەشەرمەوە داوای یارمەتیی لە دەوروبەری دەکرد.

بۆیە هاورێکەم بە کەم و کوڕیەوە ژیا و پێش وادەی سروشتی خۆی مرد، کە خۆی لێی دەترسا، تائێستاش بابەتی گفتوگۆمان لەبارەی دادپەروەری بە کۆتا نەهات.

لە کۆتایی سەردانێکم کە نزیک وادەی مردنی بوو، دەستی گرتم گوتی: لەپێناو زۆرشتی هیچ ژیام وە ئێستاش لەپێناو هیچ دەمرم. هەموو ئەمانە دڵتەنگم دەکەن، نەک مردنەکە خۆی. خۆزگە هەزار ڕوحم هەبوایە و هەمووم دەکردە قوربانی کەسانی تر کە ڕێی زەلیلبوونی من نەگرن. لێرە وتەکەی (فیدل کاسترۆ) سەرکردە و

شۆڕشگێری کوباییم هاتەوە یاد، لە کۆتا وتاری ڕاپگەیاند: من وەک شـــۆڕشـــگێرێک بۆ ماوەی نیو ســـەدە بەرەنگاری زلهێزترین وڵاتی جیهان بوومەوە. لەبەر ئەوەی ماف و باوەڕەکەم هەڵبژارد لە ژیان، نەک ترســـەکە. لێرەشـــەوە بەهەموو ترســـنۆکەکانی جیهان دەڵێم ئەوانەی ترســـــیان هەڵبژاردوە و دەســـــتبەرداری مافەکانیان بوون لەپێناو ئەوەی بە ئارامی لە وادەی ســـروشـــتی خۆیان بمرن نەک زووتر، من شـــــەڕم کرد لەپێناو مافی خۆم و گەلەکەم کە زیاتر لە شـەش سـەد جار هەوڵی کوشـتنم درا ئێسـتاش لەوادەی سـروشـتی خۆم لەتەمەنی نەوەت ساڵی بە سەر بەرزییەوە خەریکە دەمرم.

لە کۆتـــا ییـــدا هەواڵی مردنی هـــاوڕێکەمم زانی، هەواڵەکە بەشـــێوەیەک بوو وەک ئەوەی هەڵۆیەک بەســـەرمەوە بقیژێنێ! بە ئازارەوە باســـی مەینەتییەکانی ژیان بکات و پەیامی شـــەڕ بێت لە پێنـــاو دادپەروەری. هەموو ئەم بیرۆکە جوانـــانەی ڕابردوو، کە لە لایەن چەند بیرمەندێک پێشـــکەش کراون لەپێناو خەمخۆریان بووە بۆ مرۆڤایەتی و زەلیل نەبوونی ئێســـتای ئێمە. کەچی ئێســـتا ئێمە بەوپەڕی لاوازییەوە لەقـــاوغێکی داڕزاو و هەنـــاوێکی ڕزیو هەنگـــاو دەنێین. هەنگـــاوێـک نەک بەرەو ئەم چەمکە جوانـــانەی لە ڕابردوو باســـــمان دەکردن و هەوڵی بەدی هاتنمان دەدان وەک ئازادی و یەکســـانی و هەموو ئەو شـــتانەی بە حەزەوە خولیای بەدیهاتنیان

بووین.

بەڵکو ئێستا زۆر زیاترمان بەدەست هێناوە تەواوی مرۆڤایەتیی بە دەست ئێمەوە ئازادە، نەک دادپەروەرین بەڵکو بەش و بەرهەمی سێ نەوەی داهاتوومان لە سامانی سروشتیی ئەم وڵاتە بە یەکسانی قۆرخ کردووە! هەموو ئەمانەمان تەنیا بە نووسین و دروشم و هوتافکێشانەوە جێبەجێ کرد، لەگەڵ ئەوەش بە بڕوا بەخۆبوون و بێشەرمییەوە باسی مافی ژیان و هەوڵەکانی ڕابردوومان دەکەین. وەک ئەفسانەیەک دەیگێڕینەوە و شانازیی بە شۆڕشەکەمان دەکەین.

**کاروان حەمەد**

# با کۆیلەکان لەناو ببەین

ژیان بە بێ جیاوازیی بە مانا مرۆڤایەتییەکەی بۆ هەمووومان وەکوو یەکە، خوێنی هیچ کەس لە هیی کەسێکی تر پیرۆزتر نییە، مافی هیچ کەس لە هیی کەسێکی تر بە مانا بوونەکەی بۆ ژیان زیاتر نییە.

ئەگەر لەمانەش یەکسان بین واتا مرۆڤایەتیی بە لەدایکبوون و مردن لە ڕووی مرۆڤبوونەوە بە شێوەیەکی سروشتی و هەمیشەیی لەگەڵ یەکتر یەکسان دەبن. بەمەش هیچ شتێک ناتوانێت جیاوازیی دروست بکات لە تای تەرازووی یەکسانی مرۆڤبوونەوە.

ئەی چ شتێک لەنێوان لەدایکبوون و مردنیان ئەم جیاوازییە دروست دەکات؟ ئەم جیاوازییە سەرمایە دروستی دەکات، کە لەشێوەی هەرەمی، مافی مرۆڤبوونی زیاتر لەسەر مرۆڤ بە جیاوازیی سەرمایە پۆلین دەکات. واتا لە نووکی هەرەم، کە مرۆڤە لەگەڵ خواری هەرەم، کە مرۆڤە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە خەسڵەتی مرۆڤبوونیان هەبێت، تەنیا ئەوەی جیاوازیی بێت لەنێوانیان سەرمایەیە! بەمەش سەرمایە بە جیاوازیی لە ڕووی مافی بەرزتری مرۆڤبوونەوە لە شێوەی هەرەم مرۆڤەکان ڕێک دەخات.

لێرەوە پرسیار دەست پێ دەکات، کە ئەم هەرەمە چۆن دروست

بووە؟ کێ دروستی کردووە؟ بە چ پێوەرێکی یەکسانیی ئەم هەرەمە دروســـت کراوە؟ وە چۆن دەتوانین تێکی بشـــکنێنین؟ ئەم لۆژیکە بابەتێکی جەبری نییە بۆ لێکدانەوە و ســـەلماندنی، تا کار بە یاســـایەک بکرێت، کە پێمان بڵێت لە خۆوە دروســـت بووە یان بە سروشتی لە ئەزەلەوە مرۆڤەکان بەم شێوەیە قالب دەگرن و دروست دەبن. بەڵکو دروستبوونەکەی لە شێوەی هەرەم مرۆڤەکان خۆیانن، مەبەست لەم هەرەمە شـێوە سـێگۆشـەیە، کە لە سـەری سـەرەوە خۆشـــگوزەرانترین مرۆڤەکانی زەوین و هەموو شـــتێکیان بۆ دابین کراوە لە پێویسـتیەکانی ژیان تا دەگاتە خوێنی مرۆڤەکان. هەروەها تاکە ئامانجەیەکیش بەســـە بۆ ئەوەی هەرشـــتێکیان بوێت، بۆیان جێبەجێ بکرێت. ئەم پۆلێنکردنە بەشـێوەیەک کراوە، کە مرۆڤەکان بەپێی ئـاســـتی نزمبوونەوە لە نووکی هەرەمەکە بۆ خوارەوە پێوسـتییەکان و دەسـەڵاتەکانیان کەم دەبێتەوە تا دەگاتە نزمترین ئاست، کە بێ دەسەڵاتترین و بەشخوراوترین مرۆڤەکانی سەرزەوین. وە هەرەمەکەش لەسەر پشت و قورسایی ئەرکی ئەوان دامەزراوە.

ئەم شـێوە ڕێکخراوبوونەی مرۆڤ لەسـەر ئەم شـێوەیە لە هیچ ئـاینێکیش ڕێگەپێـدارو نییە، بەڵکو ئـاینەکـان مزگێنیەکن بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لەم کۆت و بەندەی، کە خۆیان بۆ خۆیان دروستیان کردووە. واتا ئەم جۆرە بوونە نە سروشتییە و نە ئامانجەی

ئـاینەکـانە، بەڵکو نەزانی و نەفـامی و خۆبەکەمزانی مرۆڤەکـانە. لێرەوە پێویســـــتە مرۆڤەکـانی خوارەوەی هەڕەمەکە تێبگەن، کە خوێنی هیچ کەسێکی سەرەوەی هەڕەم لە هیی ئەوان پیرۆزتر نییە، وە مافی هیچ کەسـێکیش بۆ ژیان لە هیی کەسـێکی تر زیاتر نییە. ئەم تێگەیشــــتنەی مرۆڤ شــــێوەی ڕێکخراوبوونی هەڕەمەکە دەلەرزێنێ، لەخوارەوە درزو کەلێنی تێ دەکات.

ئەی چۆن ئەم هەڕەمە گۆڕانی بەســـەر دادێــت و تێــک دەشکێندرێت؟

لەدوای قۆناغی ســــەرەتایی، واتا دوای کۆمۆنی ســــەرەتایی مرۆڤەکان بە گشــتی لە هەوڵدان بۆ شــکاندنی ئەم هەڕەمە، چونکە دوای ئەم قۆناغە مرۆڤەکان بەرەو ســــەرکەوتنی ســــەرووی خۆیان چوون، کە بوە هۆی دروستبوونی ئەم شێوە ناڕێکە. واتا مرۆڤەکانی خوارەوە بە درێژایی مێژوو تا ئێســــتاش لە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی قۆناغی سـەرەتایی، کە ئەو کات هێشـتا شـێوەی سـەفتی مرۆڤەکان لەم قۆناغە لە شــــێوەی هێڵێکی ڕاســــتی تەخت بوو. بە تێپەڕینی کات، دوای گەشەسەندنی غەریزە تەماعکاریەکانی مرۆڤ، وردە وردە ئەم دوو ســــەرە ڕاســــتەهێڵە بەرەو ســــەرەوە بەرز بوونەوە، واتا مرۆڤایەتیی لە یەکسانییەوە بەرەو جیاوازیی چوو.

گۆڕانی ئەم شــێوەیە لەلایەن مرۆڤە تەماعکارو چاوچنۆکەکانەوە

ڕوویدا، کە ئێستا پێیان دەڵێن سەرمایەدار. وە سیستەمێکی جیهانیان دامەزراند بەناوی سەرمایەداری. واتا مرۆڤایەتیی لەسەرەتای تەرازووی یەکسانبوون و هەموو ئەم سروشت و ژینگەیەی، کە لەبەردە ستیان بوو بە بێ جیاوازیی بۆ هەمووان وەک یەک بووە. دوای دەست بەسەرداگرتن و دزینی مافەکانی تریان لەلایەن مرۆڤە تەماعکارەکان ئەوا غەریزەی هەموو مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەر داهات. بووە هۆی گۆڕانی قۆناغێکی مێژوویی لە شێوەیەک بۆ شێوەیەکی تر، چونکە مرۆڤە ساویلکە و بەشخوراوەکە چاوپۆشی لە خورانی مافەکەی کرد و دانی بەدەسەڵاتی مرۆڤە بەشخۆرەکەی دانا. بەمەش گۆڕانکاری ڕوویدا لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە بەرەو کۆمۆنی کۆیلەداری.

ئەم قۆناغە نوێیەی کۆیلەداری، مرۆڤەکانی خوارەوە بەو کەسانە دەبەستێتەوە، کە خاوەنی ئەم دەست پێڕاگەیشتنەن بۆ دەست بەسەرداگرتن. واتا ئەوانەی سەرووی خۆیان هیچ شتێکیان لەمان زیاتر نییە تەنیا چاوچنۆکی و خۆسەپاندن نەبێت، لە زوو دەست بەسەرداگرتنی مافی ئەوانی تر.

ئا لێرەوە دوو جۆر غەریزە لە مرۆڤ جوڵاو و دروست بوون، یەکیان ترسنۆکی و سەردانواندن و قبوڵکردنە، کە دەبێتە مرۆڤێکی ( خۆ بە کەمزان ) ئەوی تریشیان چاوچنۆکی و تەماعکاری و

زاڵبوونە، کە دەبێتە مرۆڤێکی ( خۆ بە زلزان ). بۆیە تا ئێستاش ئەم دوو ڕوحیەتەی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو سەتان ساڵ بەردەوامی و بوونی هەیە، هەموو ئەمانەی ئەمڕۆش، کە بەهەمان ڕوحیەتی دەست پێڕاگەیشتن و دەست بەسەرداگرتن کاردەکەن لە ڕووی بایۆلۆجییەوە نەوەی توخمێکن، کە هۆکاری دروستبوونی ئەم هەرەمەن، وە بەهەمان شێوەش مرۆڤە لاواز و ترسنۆکەکانیش نەوەی باوە کۆیلەکانن.

بەدرێژایی مێژوو سەتان ساڵە مرۆڤەکان لە هەوڵ و ململانێدان لەپێناو گەڕانەوەی سروشتی بەرزی ژینگەی مرۆڤایەتی، کە لەم سروشتە مرۆڤەکان ئەوەی هەیان بووە بەبێ جیاوازیی بە یەکسانی بەردەست بووە بۆیان، بۆ گەڕانەوەی ئەم قۆناغەش هەوڵەکان بەردەوامن بە سەتان ڕێگە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بوونی هەیە، هەموو ڕێگەکانیش بۆ گەیشتن بەم قۆناغە بەدەرنین لە توندوتیژی و ڕق، ڕق و قینەکەش مەبەست لێی گۆڕینی شوێنی کۆیلە و ئاغاکەیە. واتا ئەو کەسەی، کە ساڵانێک لە مافە سرووشتییەکەی بێبەشە بە ڕقێکەوە لە هەوڵ دایە بۆ گەیشتن بە مافی خۆی و خواردنی مافی کەسانی تریش. کە پێی وایە ئەم دەست بەسەرداگرتنە قەرەبووی خورانی مافی خۆیەتی لە ڕابردوو.

ئەم هەرەمە بە هیچ شێوەیەک بە ململانێی نێوان ئەم دوو

غەریزە لەنــاو نــاچێــت. ئەم دوو ڕوحیەتە لە مرۆڤ هۆکــاری دروستبوونی ئەم هەڕەمەن.

واتــا ئەگەر لەهەوڵێکــدا کۆیلەیەک ڕزگــار بکەین و ڕوح و شـــــەڕەفێکی شـــــەرەفمەندانەی پێ بدەین لەگەڵ دەســــەلاتێک و قــامچیەک، ئەوا لە یەکەم هەوڵی ڕاکێشـــــانی قــامچیەکە و جێبەجێکردنی کارەکەی ئەوا کۆیلەکردن و لێدانی ئاغاکەی دەبێت. وا تا ئێمە هیچ شــــتێکمان نەکرد تەنیا شــــوێنی مرۆڤەکان بە مرۆڤەکــانی تر دەگۆڕین و پێی دڵخۆش دەبین. ئەمەش لە ڕق و قینەوە دەبێت بەهۆی ســــۆزێکی بێمانای ئێمە بۆ زاڵکردنی کۆیلە بەســــەر خــاوەنەکەیــدا. ئەم شــــوێنگۆڕینەش دەبێتە مــایەی دڵخۆشــــبوونمان، کە هەســــتێکمان پێ دەدات چێژێکی هەیە بۆ تۆڵەســــەنــدنەوەی بەردەوامی مرۆڤەکــان لەگەڵ یەکتری، ئەم غەریزەیەش بە شــــەڕانگێزی مرۆڤەکان بەرامبەر مرۆڤەکان کۆتایی نایەت، ئەگەر بێت و ڕوحیەتیان نەگۆڕین.

چۆن دەبێــت ئەگەر کۆیلەکــان ڕوحیەتیــان نەگۆڕێــت و ڕزگــار بکرێن؟

بۆ ڕزگارکردنی ســەت کۆیلە لەژێر دەســتی تاکە زۆردارێک ئەوا شتێک دەبینین، زۆرینەیەک لەژێر دەستی تاکە کەسێک، ئەگەر لەو ســەت کۆیلە، بیســت کەســیان بۆ پارێزگاریکردن و پاراســتنی

ئـاغـاکەیـان دامەزرابن ئەوا لە بنەچەدا ئەوانیش هەر کۆیلەن. هیچ جیاوازیان نیە لەگەڵ هەشـــتا کۆیلەکەی تر، کە پێویســـتیان بە ڕزگاربوونە. واتا لەو ســەت کەســە هەریەکەیان ئەرکێک و فرمانێکی پێ ســپێردراوە، هەندێکیان بەرامبەر هاوڕێ و هاوکۆیلەکەی دەبێتە زۆردار ئەویش بۆ بەرژەوەنـدیی پـارچە نـانێکی زیـاتر یـان بوونی ڕوحیەتێکی پیستر و بەرزتری کۆیلەبوون هەواو هەوەسێکی خۆشی پێ دەدات ئەگەر خاوەنەکەی وەک سەگ سەیری بکات و بەری بداتە گیانی هاوڕێکانی تری. بۆیە زۆرینەیەک لە ڕزگاربوونی تاکە کەسێک جێی ســـەرســـوڕمانە! ئەمەش خودی ئەم ڕوحیەتە کۆیلەبوونەیە لەناوەوە دروســـتی کردیە بە زنجیرێکی واتایی دەیبەســـتێتەوە بە ژیانی خاوەنەکەی.

ئەگەر هێرشـــێکی دژە کۆیلە بوون بۆ ڕزگارکردنی ئەم ســـەت کۆیلە بکرێت ئەوا ڕەنگە یان بێگومان ئەو بیســـت کۆیلەیەی کە ئەرکی پاراســـتنی ژیانی خاوەنەکەیان لە ئەســـتۆیە، ڕووبەڕووی شــاڵاوی هێرشــی ڕزگاریخوازان ببنەوە و ببنە هۆکاری شــکانی ئەم هێرشـــەی، کە دەبێتە مایەی ڕزگاربوونیان. بۆیە لەم کاتەدا نابێت ڕزگاریخوازان یەک ســات ســڵ بکەنەوە لە کوشــتنی ئەم بیســت کۆیلەیەی، کە دەبنە مایەی ڕزگاربوونی هەشــتا کەســی تر، بەمە بیست کەس لە دەست بدەین باشترە لەوەی سەت کەس لەدەست

بدەین. ئەم میکانیزمە بۆ ڕزگارکردنی کۆیلەکان بەردەوامی دەبێت و سەرکەوتوو دەبێت بەڵام بە مەرجێک گۆڕینی ڕوحیەتیان لەگەڵ بێت.

ئەگەر بێت و لە هێرشی ڕزگاری کۆیلەکان تووشی هیچ جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی کۆیلەکان نەبینەوە ڕزگاریان بکەین، ئەوا لە دەرفەتێکی تردا بۆ گەرانەوە و بینینی مرۆڤە ئازادەکان دەبینین دووبارە مۆرکی کۆیلەبوون وکۆت و زنجیرێکی ئەستوورتریان پێوە بەستراوە، وە بەشێوەیەکی خراپتر خاوەندارێتی دەکرێن لەلایەن کۆیلەیەکی هەڵبژێردراوی تر، کە یەکێک بوو لەو سەت کۆیلەیەی بەدەستی شۆرشگێڕان ڕزگارکرابوو.

ئەمەش پێمان دەڵێت ئەگەر دەیان جار کۆت و زنجیری دەستیان بشکێنین و ڕزگاریان بکەین ئەوا ناتوانین ئازادیان بکەین، چونکە هێشتا ناوەوە و ڕوحیەتیان زنجیرکراوە. بۆیە پێش ئەوەی کۆیلەکان لە هەوڵێکی مەیدانی ڕزگار بکەین، پێویستە بە شێوەیەکی واتایی ڕوحیان ئازاد بکەین.

ئەگەر نا لە سەر ئەم دەقە پەروەدەیی و تێگەیشتنەی خۆیان بە ئازارێکی زۆرەوە هاواری کەسێک دەکەن ببێتە خاوەنیان. ئەم میکانیزمەی ئێمە باسی دەکەین لە کردەنیدا تەنیا بۆ هەڵکۆڵینی ئەم هەڕەمەیە، ئەویش لەخوارەوە دەست پێ دەکەین. چونکە بە

لە ناوبردن و ڕووخانی خوارەوەی هەرەم، ســـــەرەوە خۆی شــــی دەبێتەوە و دەکەوێت. ئەگەر بێت و کۆیلەکان لەناو ببەین ئەوا ئاغا خاوەنداریێتی بەسەرکێدا دەکات؟

بەڵکو ئەویش وەک کە سێکی ئا سایی ئا ستی پێیەکانی لەئا ست پێی کۆیلەکانی پێشووتری دەبێت نەک لە ئاستی سەریان. ئەو کات بابەتێک بوونی نابێت کاری لە سەر بکات. واتا هیچ پشتێکی دە ست ناکەوێت تا پێیدا سەربکەوێت.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەم میکــانیزمەی خوارەوە، ئەگەر بێتو ســەرووی بندەســتەکان لەناو ببەین واتا ئاغا و ســەردەســتەکان، کۆیلە کان ڕزگار بکەین بە ما نای ئازادبوونی بیروڕا یان هەلبژاردنی ژیــانیــان بەپێی هەڵبژاردنیــان، ئەوا ڕەنگە بێ چەنــد و چۆن لە جارێکی تردا هەوڵێکی تری بوێت بۆ ڕزگارکردنیان لەئا غایەکی تر، کە هەڵبژێردراوی کۆیلەکانی خۆیانن.

بۆیە ناکرێت پێشــمەرجی هیچ شــۆڕشــێکی مەیدانی وەلا بنرێت، ئەویش سەرەتاکەی شۆرشێکی فیکریە، کە هەوڵێکە بۆ سەر لەنوێ دروســتکردنەوەی باوەڕی تاک و بەهای بوونەکەی. ئەمەش دەکرێت پێش ئەوەی کۆت و زنجیری دەســتیان بکەینەوە و ڕزگاریان بکەین، دەبێــت ڕوحیــان بکەینەوە، بــاوەڕیــان بەهێز بکەین بۆ مــافە ســـروشـــتیەکەیان، ئەمەش ســـەرەتای وەشـــاندنی گورزێکە بۆ

دروستکردنی درزێک لە ژێرەوەی هەڕەمدا.

بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستە دوو شت لەبەرچاو بگرین، کە لە ئەنجامی ئەم هەوڵە بەرهەم دێت و دەبینرێت.

لەناو کۆیلەکاندا دوو جۆریان شـــایەنی لەناوچوونن، ئەوانەی ناگۆڕدرێن و خۆشیان نایانەوێت ڕزگاریان بێت وە ژیانیان پەیوەست کردووە بە مانەوەی ئاغاکەیان. جۆرەکەی تریان ئەوانەی دەگۆڕێن لە هەوا و هەوەسی ئازادبوون تووشی گرێی تۆڵەکردنەوە دەبنەوە و بە گرتنەوەی شوێنی ئاغا کۆنەکەی خاڵی دەبنەوە و دەحەسێنەوە. ئەمانە وەک دڕندە دەجووڵێنەوە بۆ گرتنەدەسـتی دەسـەڵات. بۆیە لەناوبردنی ئەمانە پێشـمەرجی سـەرکەوتنی دادپەروەرییە لەژیاندا، وە شۆڕشێکە بۆ ڕووخانی بەردێکی بچووکی ئەم هەڕەمە.

لێرە بەدواوە سەرکەوتنی هەوڵەکانمان بۆ دادپەروەریی لەژێرەوە دەست پێ دەکات. بە پێچەوانەی زۆرینەی بیرمەندە سیاسییەکان، کە پێیان وایە شـکانی سـەرووی هەڕەم و لووتکەکەی هۆکارە بۆ هەڵوەشـاندنەوەی تەواوی هەڕەم. بەمەش بۆ سـەرخسـتنی ئەم بیرۆکەیەش دەبێت هەوڵەکان تەنیا بۆ دژایەتی سـەروەر و ئاغاکان بێت بۆیە ئەم بیرۆکەیە تەنیا ئامرازە بۆ دژایەتی شـەڕی تەنیا یەک غەریزە ئەویش زاڵبوون و دەسـت بەسـەرداگرتنە لەلایەن سەردەستەکاندا، بەم بیرۆکەیە ناتوانین تەواوی دوژمنی دادپەروەری

لەناو ببەین. ئەگەر بێت و ئەم غەریزەیەش لەناو ببەین و بنبڕی بکەین، ئەوا بە گۆڕینی کات و پەرەسەندنی مێژوو سەرلەنوێ ئەم ڕوحیەتە لە غەریزەی سەردانواندن و کۆیلایەتی بە پێچەوانەی دژەکەی خۆی سەرهەڵدەداتەوە، کە ئەویش ئاغاکەیە.

ئێستا تێدەگەین، کە مرۆڤەکان خودی خۆیان بەرپرسن لەکۆیلەبوونیان هەر ئەوانیش داینەمۆی گۆڕینی هەموو قۆناغەکانی مێژوون ئەوان هۆکاری گۆڕینی کۆمۆنی سەرەتایین، ئەوان دروستکەر و دامەزرێنەری قۆناغی فیودالێین ئەوان بەرپرسن لە دروستبوونی بورژووا و سەرمایەداران. وە هۆکاری بوونی دەرکەوتنی بابەتی ئیشتراکین، بەمەش دەبنە ڕەوتی گۆڕانی هەموو قۆناغەکان و دامەزرێنەری سەرەکی هەڕەم و( تێکدانی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان ) کە ئەمەش دەبێتە دژەبوون و دژە تێزی دادپەروەری واتا هەموو ئەمانە دژی بابەتی بوونی دادپەروەرین، کە سەرەکیترین کارەکتەری ئەم دژە دادپەروەرییە (کۆیلەکانن)

ئەم دوو ڕوحیەتەی مرۆڤ (ئازادی و کۆیلەیی) چۆن سەرهەڵدەدات؟

ڕوحی مرۆڤەکان بۆ ئازادیی لەگەڵ سەربەرزیان گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت. ئەو مرۆڤەی کە ژیانی بۆ ئازادیی تەرخان دەکات و هیچ هەلێک نادات بۆ کۆیلەبوونی ئەوا بە شێوەیەکی گشتی

دەبێتە مرۆڤێکی ئازاد، تا ئەو ئاستەی سروشتی مرۆیی ڕێگە بەو ئازادییەی دەدات. بە پێچەوانەوە ڕوحی کۆیلەکان بۆ کۆیلەبوون لەگەڵ سەردانواندن گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت. ئەو مرۆڤەی، کە ژیانی تەنیا بۆ خزمەتکردن و سەرشۆڕی مرۆڤەکانی تر تەرخان دەکات و هیچ هەوڵێک نادات بۆ ئازادبوونی، ئەوا بە شێوەیەکی گشتیی دەبێتە مرۆڤێکی کۆیلە، تا ئەو ئاستەی سروشتی مرۆیی ڕێگە بەو کۆیلەبوونەی دەدات.

" لەگەڵ ئەوەشدا بۆرژوواکان لە کۆنەوە چیرۆکی بوونی سەروەتیان بەوە پڕکردۆتەوە، کە گوایە ئەوان بۆیە سەربەستن و لە سەرەوەی هەڕەمەکەن و ڕەشوڕووت و برسییەکانیش لە خوارەوەن، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ پێشینەی باوانیان، کە پێیان وایە پێش سەردەمانێکی زۆر و ئەو کاتەی مرۆڤ بەوپەڕی ئازادی و یەکسانییەوە لەسەر زەویدا دەگەڕان تەنیا ژمارەیەکی کەمیان ڕەنجکێش و بیرتیژ و چالاک بوون، ئەوانی دیکە تەمبەڵ و ئارەزوباز و دەستبڵاو و خراپ بوون. لە ئەنجامدا کۆمەڵەی یەکەم دەوڵەمەند بوون و ئەوانی دیکەش هەژار مانەوە. ئەوانەی کە ژمارەیەکی کەمیان پێک هێنابوو، ئیدی (خۆیان و نەوەکانیان) لەوپەڕی توانای خۆیانەوە بوونە خاوەنی مافی مامەڵەکردن بە سامانی کەڵەکەبوەوەوە و سوودمەندبوون لێی. لە کاتێکدا ئەوانەی

ژمارەیەکی زۆریان پێک دەهێنا، (واتە کۆمەڵەی دووەم) کەوتنە ناو چڕنگی هەژارییەوە و (خۆیـان و نەوەکـانیـان) خۆیـان بە دەوڵەمەندەکان فرۆشـــت، دەوڵەمەندەکانیش بە خزمەتکردنیان ( ژیاندنیان) تا کۆتایی ژیان، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم کۆمەڵەیەدا سەپاند."

(هەندێک هاوڕێی بورژوازیی بەو شـــێوەیەی ســـەرەوە ڕاڤەی بابەتەکە دەکەن) " بۆ نموونە بەڕێز تێیر، بە شـــکۆیەکی پیاوانەی دەوڵەتەوە، بۆ بەرگری لە خاوەندارییەتی تایبەت، زوو زوو ئەم قسە ســووک و منداڵانەیە بە گوێی فەرەنســیەکاندا دەدات: کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلێکی تا بڵێی زیرەک و هۆشمەند بوون."

" ئەگەر لە واقیعدا ئەم ڕیشـــەی کەڵەکردنی یەکەم بێت، ئەو تیۆرەی لێوەی دەردەهێنرێت گوزارشـــت دەبێت لە گوناهی یەکەمی ( ئادەم ) و قەدەر. باوک تەمبەڵ و ئارەزووبازە، کەواتە دەبێت چارەنووسی منداڵەکەی هەژاریی بێت.

منداڵی دەوڵەمەند، قەدەری ئەوەیە بەختەوەر و دەســـەڵاتدار و زانا و بەهێز بێت... بەڵام منداڵی هەژار، قەدەری ئەوەیە هەژار و بێچارە و نەزان و گەمژە بێت... کۆمەڵگەیەک لەسەر یاسایەکی لەم شێوەیە بونیاد نرابێت، بێ هیچ گومانێک دەبێت وەک کۆمەڵگەکانی دیکەی لێبێت، کە کەمتر دڕەندە و کەمتر بەربادن، هەر بۆیە لەناو

زۆرێک لە ئایین و خوداوەندەکاندا، کە سەرەتاکەی مەسیحیەتە یاساگەلێک دەبینین هەڵگری نموونەی هاوشێوەن لەسەر دادپەروەری" .

ئەم گەڕانەوە بۆ قەدەرو هەڵەی باوانیان پێیان دەڵێت (ئێوە کۆیلەکان) لە قەدەر و چارەنووسی باوانتان بۆ ئێوە نووسراوە، بۆ دان بەخۆداگرتن و سەرشۆڕی، بۆیە بێدەنگ بن و خزمەت بکەن تا بتوانن بە ئارامی لەژێر سایەی ئەم مرۆڤە میهرەبانانە بژین، کە ئاغاکانتانن.

ئەم چیرۆکە هەڵبەستراو و پڕوپووچانە هۆکارن بۆ هەڵخەڵەتاندن و بەزۆرکردنی کۆیلەکان، کە پێمان وابێت قەدەری چارەنووسە لە باوانمان بۆمان نووسراوە دەبێت وابێت، کە کۆیلەکان نەوەی باوە کۆیلەکانی ڕابردوون خۆشیان نەوەی ئە شرافەکانی دە سەلات، تەنیا لە یەک شت کۆیلەکان نەوەی کۆیلەکانی کۆنن ئەویش لە بێدەنگی و دان بە خۆدا گرتن بۆ مافەکەی، نەک لە میرات و مافە سروشتییەکەی خۆی، کە هەیەتی لەژیان. بۆیە کۆیلەکانی ئەمڕۆیان وەک کۆیلە باپیرەکانیان بێدەنگی کردوون.

دەکرێت لێرە هەڵوەستەیەک بکەین و بوەستین چونکە بۆ زانینی چیرۆکی ڕاستەقینەی کەڵەکەکردنی یەکەم دەبێت بگەڕێینەوە.

" لەسەردەمانی ڕابردوودا، ڕۆژانێک دانیشتوان لە باشترین و

دەوڵەمەندترین ناوچەی ســـروشـــتدا گیرســـابوونەوە، شـــارەکانیان بونیادنان، دەستیان بە کشتوکێڵ و چاندنی زەوییەکان کرد، کەوتنە ئەنجامدانی ئەو کار و پیشە جیاوازانەی بۆ بەدیهاتنی خۆشگوزەرانی خۆیان پێویســـتبوون بەڵام لەمیانەی ئەو پرۆســـەی پێشـــکەوتن و گەشـــەســـەندنەدا، ئەم گرووپە (جیاوازانە) پێکگەیشـــتن و تووشـــی ئاڵۆزی بوون لەگەڵ یەکتردا. ئیدی جەنگ و کوشـــتار و ســـوتماک و تالانی و گۆماوی خوێن دەســـــتی پێکرد. هەموو ئەوەی دۆڕاوەکان هەیان بوو، دەبوو بە موڵک و دەسکەوتی براوەکان، لەنێو ئەوانەشدا مرۆڤەکان، مرۆڤی ڕزگاربووی دۆڕاوەکان هەبوون. کە ڕووبەڕووی بە کۆیلەکردن دەبوونەوە ( لەلایەن براوەکانەوە)" .

ئەمە یەکەم ڕیشەی کەڵەکەکردنی سەرەتایە بۆ سەرمایەداری و دانانی یەکەم بەردی بناغەی هەرەمە بۆ دروســـتکردنی لووتکەکەی. لەم ســـــەرەتایەش یەکەم دوو غەریزەی مرۆڤایەتیی ســـــەرهەڵدەدات لەنـێـوان ڕوحـیـەتـی زاڵـبـوون و کـۆیـلایـەتـی دا. لە نـێـوان ئەم ململانێیەشدا، سەنتێزێک دەبێتە بابەتی سەرکەوتن و دادپەروەریی، ئەویش ئازادییە.

بەمەش بۆ ســـەرکەوتنی تەواوەتی ناکرێت بوار بە مانەوەی یەک کۆیلەش بـدرێـت لەژیـان، ئەگەر بێـت و ڕوحیەتی نەگۆڕێـت بۆ کەســـــێکی ئازاد، یان ڕزگاری دەکەی بە گۆڕینی ڕوحیەتی، یان

**لەناوی دەبەی بێ ئەوەی بگۆڕێت.**

**مەرجی شکانی ئەم هەڕەمە، لەناوبردنی هەردوو غەریزەیە لەیەک کـاتـدا، بێ چەنـدوچوون ئـامـاژەیە بۆ هەڵکۆڵینی ئەم هەڕەمە و ســـــەرکەوتنی دادپەروەری. هەروەک چۆن ئەم دوو غەریزەیە هۆکار بوون بۆ گۆڕینی قۆنـاغی مێژوویی لە کۆمۆنی ســـــەرەتـاییەوە بۆ کۆمۆنی تر، وە بوون بە میکانیزیمی گۆڕینی ڕاستەهێڵە ڕووتەختەکە بۆ هەڕەمێکی قووچەکی، ئــاواش لەنــاوبردنی ئەم دوو غەریزەیە هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڕەم.**

# دروستبوونی هەڕەم و خولانەوەی

لە سـەدەی نۆزدەم تا کۆتاییەکانی سـەدەی بیسـتەم هەوڵێکی زۆر دراوە لەپێناو ڕزگاری مرۆڤایەتی. ڕەنگە ئەوانەی ئەم نووسراوانە دەخوێننەوە ئێسـتا پێیان وابێت جێی سـەرسـوڕمانە! مرۆڤ بۆ دەبێت ڕزگاری ببێت؟ لە چی ڕزرگاری ببێت؟ سـەیری دەسـتەکانی دەکات خاڵین لە زنجیر، هیچ قەواڵەیەکیش نابینێت کەسێک خاوەنی بێت یان موڵکی کەسێک بێت.

بۆیە بە بێبایەخەوە بێ هەسـتکردن بە هیچ بەرپرسـیاریەتییەک خۆی بە ئازاد دەزانێت. لەم کاتەدا بیر لە کاری خۆی یان لە کارێکی تر دەکاتەوە بە خۆشـییەوە هیوایەک دەداتە خۆی، کە دەتوانێت چەند دینارێک زیاتر لە داهاتوو پەیدا بکات.

ئەم پشـوودرێژی و خۆڕاگریەی تەنیا لەپێناو ئەوەیە تۆزە نانێک زیاتر بخوات یان زیاتر پاشەکەوت بکات.

کاتێکیش لە هەوڵێکی بێهودەدا ناتوانێت ئەم چەند دینارە زیادە پەیدا بکات، وە بۆی ناکرێت بە فرۆشـتنی هێزی کاریش پەیدای بکات، ئەوا ئەوکات نەک بیر لە فرۆشـتنی هێزی کاری دەکاتەوە بەڵکو بیر لە فرۆشتنی خۆشی دەکاتەوە لە پێناو چارەنووس.

بۆیە هەریەکەمان کاتێک کۆمەڵگەی خۆی بەپێوەری هێڵکاری و

دابەشکاری چینایەتی و کەسی دروست دەکات لە زیهنی خۆی، یان بە شـــێوەیەکی کرداری لەســـەر کاغەز وێنای دەکێشـــێ، ئەوکات شـــێوەیەکی هەرەمی بۆ دروســـت دەبێت لەچوارچێوەی دەوڵەت. دەتوانێت شوێنی خۆی لە پلەبەندی هەرەمەکە دیاریی بکات، کە لە چ ئاستێک دایە.

ئـایـا هیچ یەکێـک ڕەوایەتی و دادپەروەریی لەشـــوێنی خۆی دەبینێ؟ بە بەراوردکاری لە ئاســـتی بوونی خۆی لە هەموو بوار و تواناکانیدا، بێجگە بە بەراورد بە مافە ســـروشـــتییەکەی، کە لەم کۆمەڵگەیە وەک مافی خۆی هەیەتی.

هەریەکەمـان خۆمـان بەپێی ئـاســـتی توانـای خۆمـان و بە بەراوردکاری بوونی پێگەمان لە پلەبەندی هەرەمەکە شـوێنی خۆمان بـاش دەزانین، کە خۆمـان شـــیـاوی چین و دەبێـت لەکوێ بین. ئێســـتـاش هەر تـاکێـک بـاش دەزانێـت لەکوێی پلەبەنـدی ئەم هەرەمەدایە

ئەگەر لەخوارەوە بێ، ئەوا کۆت و زنجیر و قەواڵەی ناوێت بۆ سەلماندنی ئازادیەکەی.

کـاتێـک مرۆڤەکـان لەوە تێـدەگەن، کە بێ هیچ تـاوانێـک لە خوارەوەن وە مافی خۆیان پێ نەدراوە، لە شـــوێنی خۆیان بن، وە

کەسانێکیش دەبینین بێ هیچ پێویستییەکی زەرووری لە سەرەوەی خۆیانن. ئەوکات دەبێ تێبگەن کە ئازاد نین. ئێستا دەبێ بزانێت (چی سیاسەتێک لە خزمەتی چ شتێک لە ئارادایە) ئایا لە خزمەتی ئەوانەی خوارەوە لە ئارادایە؟ نەخێر، ئەو سیاسەتەی ئێستا لە ئارادایە هۆکاری سەرخستنی ئەوان و ژێردەستکردنی ئێوەیە.

ئەم شێوە هەرەمییە سەرەتا لە گروپێکەوە دەست پێ دەکات، وردە وردە گەشە دەکات بەشێوەیەک، کە سەرمایە بۆ ئاستێکی زۆر کەڵەکە دەکات گەورەتر دەبێت بۆ پانتایی کۆمەڵێکی زۆر. تا دەگاتە ئاستی تەواوی کۆمەڵگە لەدوایی دەبێت بە چوارچێوەی دەوڵەت و تا دەگاتە ئاستی بچووککردنەوەی چەند دەوڵەتێک، بەمەش ناوەستێت تا بە تەواوی زەوی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئەو چوارچێوە هەرەمییە.

لەو وڵاتە سەرمایەدارەکەی خۆت سەیربکە و پاشان پۆلێنی بکە لەسەر بنەمای چینایەتی، دەگەیتە ئەو ئەنجامەی، کە سەری لووتکەی هەرەمی دەوڵەتەکەت، دەبێتە پایەکی بچووک بۆ بناغەی هەرەمی جیهانی سەرمایەداری. وە ژێر هەرەمی کۆمەڵگەی بچووکی وڵاتەکە بە بەرارود بە هەرەمی جیهانیی لە ئاستی پلەبەندیدا دەبێتە چینێک یان شتێک، کە بوونی نابێت و نامۆیت بە بوونە جیهانییەکە. بۆیە لە چوارچێوەی هەرەمی بچووکی خۆشتدا تەذیا دەبیت بە

ژێرەوە بۆ ڕاگرتنی کەسـانێـک، بۆ ئەوەی لەژێرەوەی هەرەمە جیهانییەکە پەسەند بکرێت.

ئەم بوونە سـەرمایەدارییە سـەرەتا لە نەبوونەوە سـەرهەڵدەدات، هۆکاری بوونەکەی لە کەمی بوونی پێویستییەکانی بەردەست نییە، کە پاڵنەر بن بۆ دروسـتکردنی سـەرمایەیەکی کەڵەکە کراو لەژێر دەسـتی چەند کەسـانێک. بەڵکو هاندانی بیرۆکەی بوونی ئەو سیستەمە جیهانییە (سەرمایەیە) کە شێوەی هەرەم لەخۆ دەگرێت، بوون و بناغەکەی لە ستەم و چەوساندنەوە سەرهەڵدەدات. واتە لەو غەریزە سـەرکوتکەرو زاڵەی، کە تەماعن بۆ بوونی دەسـەڵاتێکی قۆرخکاری کەسـێک بەرامبەر کەسـێک، واتا ئەم دروسـتبوونە هیچ پەیوەست نابێت بە کەمی بەرهەمی پێویست بەڵکو تەنیا پەیوەست دەبێت بە زۆری بەرهەم و غەریزەکەی.

((واتـا دەوڵەت خۆی دەچێتە نـاو چوارچێوەی ئەو هەرەمە لەناوەوە زۆر بە بچووکراوەیی بە بوونێکی بەرجەستەکراوی هەستی پێ دەکرێت.))

دەسـەڵاتی دامەزراوەیی چۆن دروسـت دەبێت و گەورە دەبێت؟ ئەگەر بە نموونەیەکی بچووککراوەیی ببینین لە بوونی کۆمەڵگەیەکی بچووک کە سـەرمایەی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیە بچووکە تەنیا دوو گیانداری شـیردەر بێت، کە شـیرەکەیان سـەرچاوەی بژێو و بوونی

سـەـــامانی ئەم کۆمەڵگەیە بێت. دەبێت بۆ پارێزگاری لە ژێرخان و سەرچاوەی بژێویان، ( بیرورا و دامەزراوە) لەشێوەی ئەنجوومەنێکی بچووک بێتە ئاراوە بۆ ڕێکخسـتن و دابەشـکردنی کار، وە پێویسـتە کەسێک بۆ سەرپەرشتی و دابەشکردنی بەرهەمی شیرەکە وە چەند کەسێکیش بۆ پارێزگاریکردن لە لەوەڕی ماڵاتەکە دابنرێت.

سـەـــرەتا لە کاری دامەزراوەیی بە هۆی کەمی بەرهەم و ڕێژەی دیاری شـیرەکە هیچ کێشـەیەک نابێت، بیروڕاکان یەک ئاڕاسـتەیان دەبێت و کارەکان دادپەروەرانە دەڕۆن. بەڵام بە تێپەڕینی کات و زیادبوونی بەرهەم لە ڕووی چەندێتیدا وە بەرزبوونەوەی بەرهەمی بەرهەمهاتوو لە ڕێژەی پێویستی ئەم کۆمەڵگەیە دەبێتە سەرەتایەک بۆ سـەـــرهەڵـدانی غەریزەیەک، کە ئـامـاژەیەکی لێکـدژە لە نێوان ململانێی مرۆڤەکاندا.

( ئەمەش پێچەوانە دەبێت لەگەڵ بیروڕای زۆری مارکسیستەکان، کە پێیان وایە لە کەمی بەرهەمی پێویست کێشەکان سەرهەڵدەدەن، وە زۆربوونی بەرهەم و پێویسـتی زیاد لە ڕێژەی خۆی سـیسـتەمی سـەـــرمایە و کێشـــەکان لەناو دەبات)، ئەم بیرۆکەیەش لە ڕووی لۆجیکییەوە زۆر ڕاسـەـــتە بەڵام لە ڕووی فیزیکیەوە بە بوونی غەریزەکەی مرۆڤ پێچەوانە دەبێتەوە.

چونکە ئەوانە غەریزەی تەماعکاری مرۆڤیان بەهەند وەرنەگرتووە،

کە دەبێتە بنچینەی بوونی سیستەمێکی سەرمایەداریی، بۆیە هەرچەند بەرهەمەکان زیاد دەکەن، کۆمەڵگە تێرتر و ئاسوودەتر دەبێت. لەگەڵیشیدا ژمارەی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر دەبێت، ئەمەش شوێن و پێگەی دامەزراوەییی بەرزتر و خۆشتر و توندوتۆڵتر دەبێت.

کەسی یەکەمی دامەزراوەیی بەهۆی بوونی پێگەکەی لە خۆشگوزەرانی، وە ترسی زۆر بوونی بیروڕاکان وا دەکەن بەرهەمی زیاد لە ڕێژەی دانراو بۆ کەسانی دامەزراوەیی زیاد بکات. وە کەسانێکیش دامەزرێنرێت بە مەرجی پاراستنی پێگەکەی، لە بەرامبەریشدا زیاد لە ڕێژەی دانراوی شیرەکەیان پێ بدات. بەمەش ڕێژەی دابەشکردنی بەرهەم نادادپەروەرانە دەبێت.

لێرەوە ڕێژەی دابەشکاری بەرهەم لە ڕووی دامەزراوەیی نادادپەروەرانە دەبێت. ئەم نادادپەروەرییە دەبێتە دەرکەوتەی دوو ئاراستەی بەهێزی لێکدژ، کە یەکێکیان بیروڕای ئەنجوومەنی سەرەتایی دەگۆڕێت بۆ چەند ئایدۆلۆجیایەک، کە دابەش دەبن بەسەر دامەزراوەیی و دژە دامەزراوەیی. دووەمیان دەبێتە هەنگاوی سەرەتایی بۆ دروستبوونی دەوڵەت، بەهۆی گۆڕینی ڕاستەهێڵە ڕووتەختەکە بۆ شێوەی هەڕەم، کە هەنگاوێکە بۆ دەوڵەتبوون، وە دەوڵەت دەچێتە ناو هەڕەمەکە، واتا پاڵنەری دروستبوونی دەوڵەت

نادادپەروەرییە. چونکە هێزی گەشـــەی نادادپەروەری هۆکارە بۆ تێکچوونی شـێوە ڕێکخسـتنە کۆمەڵایەتییە ئاسـاییەکەی، لەسـەر بنەمای یەکسانی نێوان تاکەکان دامەزراوە. ئەم نادادپەروەرییە زیاد لە هێزە ئاسـاییە سـروشـتییەکەی خۆی پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت، بەمەش سـەنتەری هێز لە دابەشـکاریی نێوان تاکەکان بە جیاوازی ئاسـمان و ڕێسـمانی لە سـەرەوە بۆ خوارەوە دروسـت دەکات و ( بنیات دەنێت ).

لە بنیاتی ئەم گەشـە ئابوورییە نادادپەروەریە هەڕەم دروسـت دەبێت خودی ئەم هەڕەمەش خۆی سەرمایە و تاریفی سەرمایەدارییە، هەر ئەم هەڕەمەش دەبێتە هۆی دروسـتبوونی دەوڵەت. چونکە چوارچێوەی لاکانی خۆی لەسەر جێگیر دەکات بۆ مانەوەی خۆی.

لێرەوە دەوڵەت خۆی دەرهاویشـتەیەکی نادادپەروەرانەیە لە هێزێکی سـەرکوتکاری غەریزی سـەرهەڵدەدات و گەورە دەبێت، بەمەش خودی دەوڵەت خۆی دەبێتە هێزێکی سـەرکووتکـاری چەوسـێنەر. هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکدا هاوشـانی بزووتنەوە و ڕەوتێکی سـیاسـی سـەر هەڵدەدات، کە ئامانجی ئەم ڕەوتە وەسف و تاریفی دادپەروەرییە بۆ داهاتووی ئەم دەوڵەتە.

لێرەدا جیـاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی بە ڕووکەش دەوڵەتە، ڕوونتر ئەو دەوڵەتەی

کە لە لایەن سەرکردەیەکی سەربازیی یان پێشەوایەکی خێڵەکییەوە بەڕێوە دەبرێــت، تەواو جیــاوازە لە دەوڵەتی نویٚ و شـــــێوە هەمەچەشـــــنەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نویٚ. دەکرێت ئەم بابەتە ببێتە دەســــتپێکی نووســــینەوەی مێژوو یاخود نووســــینەوە و فۆرمەلەکردنی جارێکی تری مێژووی دەوڵەت و دەســـەڵات. (هێگڵ) لە چوارچێوەی هەوڵە کانی بۆ دوو بارە نووســــینەوەی مێژوو ئەم بابەتەی لە دەستپێکی هەنگاوەکانی دانا، جارێکی تر بەشێوەیەکی گشتی مێژووی دەوڵەتی بەستەوە بە مێژووی فەلسەفە و مەعریفەوە.

هێگڵ پێی وایە: مێژووی دەوڵەت شـــتێک نییە جگە لە مێژووی ئەو هزرەی خۆی لە سروشت و عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، دواتر ئەم هزرە بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن تا ئەوەی لە کۆتاییدا خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێدا دەبینێتەوە. جیاواز لە هێگڵ هەریەک لە مارکس و ئەنگلس، ئەم تیۆری فەلسەفییە هەڵدەگێڕنەوە بە تیۆریـــایەک، کە زیـــاتر بەرجەســــتەیە لەوەی پێش خۆی لەم چوارچێوەیەدا مارکس و ئەنگلس پێیان وایە:

سەرخانی (ئایدۆلۆژی و دامەزراوەیی) ئاستی هێزی بەرهەمهێنان دیاریی دەکات، بە گۆڕان لەســــەرخانی (ئایدۆلۆژی و دامەزراوەیی) ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی بەرچاو زیاد دەکات.

پاشـــان بەرەو هەڵکشـــان و تەقاندنەوە دەچێت کاتێک ئەم هێزە

دەگۆڕێت یاخود زیاد دەکات، بێگومان لە دۆخێکی ئاوادا جۆرێک لە لێکـدژی لە هەنــاوی ئەم کۆمەڵگەیەوە دێتە دەر. کۆمەڵگەیەکی لێوانلێو لە تۆتـالیتـاریەت و ســــفووورداری پێوەنـدییەکـانی لەگەڵ سـفوورەکانی و مەعریفە و کەرەسـتەکانی پێشـکەوتن و ڕێکخسـتنی کاری دەرەکی. دەوڵەتیش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم (سەرخانە) و بەو پێیەی خودی دەوڵەت ســــەرچــاوە و جەوهەری ئــامــانجی عەقڵانیەتی کۆمەڵایەتیی نییە وەک ئەوەی هێگڵ پێی وایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوڵەت دەبێتە کەرەســــتەیەک بۆ بەرهەمهێنــانی (توندوتیژی چینێک دژی چینێکی تر) بەم شـــێوەیە دەســــتی پێ کردووە. بەڵام ئەو کاتەی دەگاتە لووتکە کۆتایی دێت، وەک هەر بــابەتێکی تر، کە مەحکوومە بە دۆخی جووڵانەوە بــازنەییە مێژووییەکەی.

ئەم لێکدانەوە تیۆریەی (مارکس و ئەنگلس) لە ڕووی لۆجیکەوە ڕاســـتە. بەگۆڕانی ســــەرخانی (ئایدۆلۆژی و دامەزراوەیی) ئاســـتی بەرهەمهێنــان بە ڕێژەیەکی بەرچـاو زیـاد دەکـات واتـا ژێرخـانەکە دەگۆڕێت. بەمەش دەپرســـین ئەگەر هۆکارێک هەبێت بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو، کە گۆڕانی سەرخانەکەیە، ئەی چ شــــتێک هۆکارە لە گۆڕانی ســــەرخان ( ئایدۆلۆجی و دامەزراوەیی)؟ وە بە پێچەوانەشــــەوە ڕاســـتە زیـادەی ڕێژەی

بەرهەمهاتووی ژێرخان دەبێتە هۆی گۆڕینی ســـەرخانی (ئایدۆلۆجی و دامەزراوەیی) و لەگەڵیشـــیدا دەبێتە گۆڕانی ئاســـتی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی، کە هاوشانی ئەم جووڵەیە ڕێ دەکات.

(مــارکس) لە مــاتریــالیزمی مێژوویی دەڵێ: دەتوانم کــاکڵەی توێژینەوەکـانم بەم شـــێوەیە بخەمە بەرچـاو: "خەڵکی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دەســـتە جەمعیەوە، پەیوەندیەکی دیاریکراو لە نێوان خۆیاندا دەبەسـتن، کە لە خواسـت و ئارەزووی خۆیان بەدەرە، ئەم پەیوەندیەش لە تەک ئاســـتی گەشـــەکردنی هێزە بەرهەمهێنەکاندا، هاوشـــــان و گونجاوە.. بونیادی ئابووری کۆمەڵیش ســـــەرجەم ئەو پەیوەندییانە پێکیان هێناوە بگرە ئەو ژێرخانە ڕاســـــتەقینەیە کە ســەرخانی سـیاسـی و یاسـایی لەســەر بنیات دەنرێ و شـێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیش هاوشانیەتی".

شێوازی بەرهەمهێنانی ماددیش، سیمای گشتی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ســـــیاســـــی و ڕوحی دەســـــتنیشـــــان دەکا. هێزە بەرهەمهێنەکان لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشـــــەکردنیاندا، لە تەک پەیوەنـدییەکـانی بەرهەمهێنـانـدا، بەیەکـدا دەدەن، یـاخود هێزە ماددیەکانی بەرهەمهێنان وەک زاراوە یاساییەکە ناوی ناوە.

لەگەڵ پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتیدا، کە پێشـــــتر لەناویاندا کـاریـان کردووە، بەرەنگـاری یەکتر دەبن، ئیتر ئەو پەیوەنـدییـانە

دەبنە کۆت و پێوەند بۆ هێزە بەرهەمهێنەکان و قۆناغی شـــۆڕشـــی کۆمەڵایەتیی دەســـت پێ دەکات و تەواوی ســـەرخانی کۆمەڵ لەگەڵ ژێرخانە ئابوورییەکەیدا دەگۆڕدرا.

(مارکس) لە درێژەی توێژینەوەکەی بە ڕاشـــکاوی ڕای دەگەینێ و دەڵێ " ئێمە بیرکردنەوەی مرۆڤێکی دیاریکراو ناکەینە بناغە بۆ هەڵسەنگاندن و هۆی گۆڕانی قۆناغێکی دیاریکراویش نابەینەوە سەر هۆشـــــیـــاری مرۆڤ لەو قۆنـــاغەدا. بە پێچەوانەوە دەبێ خودی هۆشـــــیارییەکەش لەبەر ڕۆشـــــنایی ناکۆکیە مادییەکان و ململانێی نێوان هێزی بەرهەمهێن و پەیوەنـدییەکـانی بەرهەمهێنـانـدا لێـک بدەینەوە بە درێژایی مێژوویش ســـیســـتەمێکی کۆمەڵایەتیی نەبووە بەر لە گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەکان سەرنگون بووبێ".

ئەگەر هەریەکە لە (ژێرخان وســـەرخان) هۆکاری گۆڕانی ئەوی تر بێت کە کارتێکردنەکە دروست دەکات، ئەی دەبێت هۆکاری جووڵەی یەکەمی تەواوکەری پرۆســـەکە چی بێت؟ کە ســـەرەتای ئەم جووڵە میکانیکیە دروست دەکات.

سەرەتا بۆ ڕێژەیەکی کەمی بەرهەمهاتووی پێویست ئەم جووڵەیە دە ست پێ دەکات، ئەویش لە ڕێگەی غەریزە سەرەتاییەکان هەوڵی بۆ دەدرێت، کە تەنیا بۆ تێربوونە. بەردەوامی لەگەشـــەکردنی هێزو بازوودا، دەبێتە هۆی تێگەیشـتنی مرۆڤ کە کاری (دەسـتە جەمعی

و هەرەوەزی) دەتوانێ بەرهەمی پێویسـتـ بە ڕێژەی بەرچاو زیاد بکـات. وە لەگەڵیشـیـدا دەبێتە هۆی دروسـتبوونی ئـامرازی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی کارکردن.

(کارل مارکس) دەڵێ: "چەندێک توانای مرۆڤ لە بەرهەمهێنان زیاد بێت هێندەش زیاتر نزیک دەبێتەوە لە ئەگەری ڕزگاربوونی لە کۆیلەیی کار" هەرچەند ئەو زەمەنەی ئێمە باسـی دەکەین پێش لێکدانەوەکانی کارل مارکسـە" هێشـتا لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتە، ئەوان کۆیلەی هیچ کەس نین، بەڵام کرێکاری هاوبەشـی کارن بۆ بەرهەمی دابەشکراو بەسەر غەریزە و پێویستی هەر تاکێک کە کار دەکات. غەریزەی جووڵاو گەشە دەکات وا دەکات مرۆڤ زیاد لە پێویسـتبوونی خۆی بەرهەم بهێنێ. ئەم زیادە بەرهەمە کەڵەکە دەکات و گەورە دەبێت زیاد لە ڕێژەی پێویسـتی تاکەکان. ئەگەر غەریزەی چاوچنۆکی و خۆویسـتی نەبێت، ئەوا لۆجیکیەت بێ هیچ گومانێک توانای مرۆڤ و بەرهەمە زیادەکەی دەبێتە هۆی حەسانەوە و ئازادیی مرۆڤ. بێ هیچ بوونێکی ئیجباری، کە زیاد لە هێزی خۆی کـاری پێ بکـات. بەمەش ڕادەکشـێت بەپێی پێویسـتییەکـان هەڵدەستێتەوە.

(کـارل مـارکس) پێی وایە " ئەم کۆمۆنەی کە هەموومـان لە هەوڵداین بۆ گەیشـتن پێی هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دادپەروەریی لە

ڕێی زۆربوونی زیادەی سەرمایە دروست دەبێت. " واتا زیاد لە پێویستی پێویستییەکان بۆ مرۆڤ هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری. ئەمەش بە مەنتقیەتەکەی ڕاستییەکی سەلمێنراوە کاتێک مرۆڤەکان هەموو ئەو پێویستیانەیان بەردەست بوو زیاد لەپێویستی خۆیان، ئەوا مرۆڤ ناچاری ژێربارێکی قورسی فرێدانی بەرگی مرۆڤبوون ناکات بۆ شێوەیەکی تر بەڵام بەم شێوەیە دەیهێڵێتەوە، کە مرۆڤەکە خۆی دەیەوێت.

با لێرەوە بپرسین لە گۆڕانی قۆناغی سەرەتایی کۆمۆنە بۆ قۆناغێکی تر، لە ئەنجامی کەمبوونەوەی، بەرهەمە پێویستیەکان گۆڕا؟

هەروەک (کارل مارکس) دەڵێ: " ئاشکرایە هەتا کاری مرۆڤ کەم بەرهەم بێ، کەمتر پێداویستییەکانی دابین دەکا و پاشەکەوتکردن کەمتر دەبێ، بەبێ دابەشکردنی کاریش نەدەبوو، نە گەشە بە دەوڵەت و نە بە یاسا بدرێ و نە بازرگانی پەرە بسێنێ و نە گۆڕانی چەندیەتیش بەسەر هێزە بەرهەمهێنەکاندا دەهات و نە بناغەیش بۆ زانست وهونەر فەراهەم دەبوو. "

واتا هەموو گۆڕانکارییەکان یەک میتۆد لەبەرهەمی زیادە قۆناغێک دەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی تر، بەمەش بەپێی بۆچوونەکانی مارکس قۆناغی سەرمایەداری بە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەم بە

شێوەیەکی بەرچاوی زیاد لە پێویستیەکانی پێویستی مرۆڤ دەبێتە هۆی بڕینی ئەم قۆناغە وە کەم بایەخبوونی ئەو پێویســتیانەی، کە مرۆڤ لەپێناویدا دەبێت بە کۆیلە. واتا کۆتایی ئەدای مارکسـیش بۆ ســـەلماندن و ســـەرکەوتنی تیۆرەکەی لەپێنـاو بە مرۆڤبوونی کۆیلەکانە. ئەمەش دەیســـەلمێنێ، کە کۆیلەکان هۆکاری مانەوەی ئەم قۆناغەن وەک خۆی وە بەربەستن لەپێش ڕەوتی پەرەسەندن و گەیشـــتنی مرۆڤەکانی تریش بە مافە ســـروشـــتییەکانی خۆیان، کە بتوانن وەک مرۆڤێکی ئاســـایی و ئەوانی تر هەموو ئەم شـــتانەیان هەبێت کە خواو سروشت و ژیان بەبێ بەرامبەر پێی داون.

لێرەوە ســـەرنجی گۆڕانی قۆناغی یەکەمی مێژوو دەدەین، کە کۆمۆنی ســـەرەتـاییە و دەگوازرێتەوە و دەگۆڕێـت بۆ کۆمۆنی کۆیلەداری. ئەم گۆڕانکاریەش لە ئەنجامی کەمی پێویســـتییەکان نەگۆڕا بەڵکو دەرئەنجامی زیادەی بەرهەم، هۆکاربوو بۆ پێشـچوونی زەمەنی مێژوویی. بەڵام لە ڕووی تێگەیشتنی مافی سروشتی مرۆڤانە بۆ ژیان ئەمیان پێچەوانەی ڕەوتە پێشـــکەوتنەکەی مێژوو بۆ دواوە بە ئاراستەیەکی دژە مرۆڤانە و دڕندانە ڕۆیشتن، کە ئەویش کۆمۆنی کۆیلەداری بوو.

واتــا هەرچەنـد بەرهەمی پێویســـــت زیـاد لە ڕێژەی خۆی بەشـێوەیەکی بەرچاو بەرهەم بێت و زیادەی ڕێژەی هەڵیگراویش پڕ

بکاتەوە، ئەوا ناتوانین ئەگەری باشـــتربوونی قۆناغی داهاتوو بە بەراورد بە قۆناغەکانی ڕابردوو بکەین. چونکە ســروشــتی مرۆیی لە ڕووی غەریزەیەوە نەگۆڕاوە، دەبێــت بۆ دڵنیــایی بــاشــــترینی قۆنــاغەکــان، کۆمۆنێـک بێـت بەدەربێـت لەو ڕوحیەتە پیســــەی کۆکەرەوەی بەرهەمە کان، کە ئەم مرۆڤانە بەردەوام لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی زیادە، وە بەدەربێت لەو مرۆڤە کۆیلانەی کە بەردەوام لەســەر چۆکن بۆ بژێوی ژیان مشــەخۆرن لەســەر بەرهەمی زیادەی کەڵەکەکراوی مرۆڤە چاوچنۆکەکان دەژین.

ئەم لێکدانەوەیەی (مارکس و ئەنگلس) لە چوارچێوەی بوونی دەوڵەتە، کاتێکیش ئەم شــرۆڤانە دەکەن لە ســەردەمەکەی خۆیان مرۆڤەکان کۆیلەی ئاغاکان و کرێکاری خاوەن کارگەکان بوون، واتا ئەمان سەرەتای سەرهەڵدانی غەریزەی بوونی مرۆڤ بۆ سەرکوتکردن و ســــەردانواندن و لەگەڵ بوونی دەرئەنجامی جۆری کۆیلەکان، کە هۆکـاری ئەم بـارە نـادادپەروەرییەن فەرامۆشـــــی کردووە. واتـا ســروشــتی بوونی جۆری مرۆڤەکان بەو حەز و ویســتەی، کە خۆیان دەیانەوێت بۆ کۆیلەبوون جیا نەکردۆتەوە لەگەڵ ئەو مرۆڤەی دوور لەویستی خۆی بە هەل و مەرجە دەستکردەکان کۆیلە دەکرێن.

بەمەش لەگەڵ دروســت بوونی دەوڵەت و گۆڕانکارییەکاندا چەند جۆرێک لە ڕوحیەتی مرۆڤ بە غەریزەی جیاواز ســــەری هەڵدا،

بەشـــێکیان کۆیلەکران و بەشـــێکیان ڕوحیەتی کۆیلەبوونیان بە سروشتێکی مرۆیی و ئاسایی بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە پێگەی دامەزراوەی دەســـەڵاتدا، بەشـــێکیان لەرووی غەریزیەوە بوونەتە ســـەرکوتکارو چەوســـێنەری دەســـەڵات، کۆتا بەشـــی مرۆڤیش بە ژمارەیەکی بچووک بە ڕوحیەتە ســـەرەتاییەکەی مرۆڤایەتیی مانەوە ئەم مرۆڤانە هەوڵیان دا بۆ خەبات و ڕزگارکردنی کۆیلە کراوان و لەناوبردنی ئەم غەریزە دڕندانەی، کە جوانی مرۆڤی بۆ هەڵخلسیکا.

بۆیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی هەرەمی هەرچەند بەرهەم زیاد بێت کرێکار برســـیتر و کۆیلەکان زیاتر دەبن. بەڵام بە پێچەوانەی پێش دروســـتبوونی دەوڵەت و نەبوونی هەرەم، زیادەی بەرهەم دەبێتە هۆی حەســانەوە و گەشـــەی ئازادیی مرۆڤەکان، بە مەرجێک بوونی هۆشـــیاریەکی کەمی پێویســـت لەو ڕێژەی، کە مارکس پێشـــکەشـــی دەکـــات لەســـــەردەمەکەی خۆی بۆ مرۆڤبوونی مرۆڤەکـــان و سەرکوتکردنی ئەو غەریزە سەرەتاییەی، کە تێیدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی چەوسێنەر.

چۆن هەرەمەکە سەرەوژێر دەکرێت؟

دوای گەشـــەکردنی بیروڕاکانی مارکس و بڵاوبوونەوەی بەقووڵایی جیهـان ئەوا هەوڵەکـانی جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکە لە چوارچێوەی کۆمەڵی بچووک تـاقی کرانەوە. ئەمەش ســـــەرەتـای دژایەتی و

دووبەرەکی لەناو هەر گەلێ دروســـت دەکرد، کە ســـەری هەڵدەدا. ئاقاری دابەشــکاری و دوژمنکاری نێوان چینەکان ســەرەتای ڕەوتی تێگەیشـــتن و بێزاربوونی کەســـــانی بنکەی هەڕەمەکە بوو لە لووتکەکەی. بەمەش هەلومەرجە ســـیاســـییەکان لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە فیکریەکە بە تەواوی گەشەی کرد تا ئاستێک، کە بتوانن لەچوارچێوەی دەوڵەت ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ بکەن.

روســـیا یەکەم ســـەنتەری جێبەجێکاری ئەم بیرۆکەیە بوو لە ئەورووپای رۆژهەڵات، کە ئەم هەلومەرجەی تێدا ڕەخســـا وە لەوێدا ئەم بیرۆکەیە هەوڵی گەشەکردن و جێبەجێ کردنی پێ درا بۆ کۆی وڵاتان، ڕوسیا بوو بە سەنتەری جیهانی کۆمۆنیزم.

بەڵام گەورەترین هەڵەی جێبەجێکارانی بیرۆکەی ســۆســیالیزمی مارکس لە ڕوسیا لەمەیە، کە دوای سەرکەوتن پەرەیان بە دەوڵەتی بیرۆکراتی دا و بواریان ڕەخســـاند بۆ چینە ســـەرمایەدارەکە، کە بتوانن لە قووڵایی ئەم دەوڵەتە بە فەرمانی جیاواز لەوەی پێشوتریان بە شێوە و شکلی نادیار پەرە بە خۆیان بدەن. ئەم بواردانە لە هەر دەوڵەتێکی تری کۆمۆنیزم بەم هەڵەیە تەقلیــدییە ئەنجــام درا. بەمەش لەگەڵ ســـەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە لەهەر دەوڵەتێکدا خاڵی کۆتایی بۆ دادەنرا.

کۆمۆنیزمەکان بیرۆکەکانی سـۆسـیالیزمیان بە تەواوی پێ شـیی

نەکراوە لەوەش تێنەگەیشـــــتن دەبێ دەوڵەت لە ئەنجامی چیەوە دروســـت بووبێت. دانیان بەوەش دا نەنا، کە مەرجی ســـەرکەوتنیان دەبێت هەڵوەشاندنەوەی ئەم شێوە دەوڵەتە بێت، کە لە دەرئەنجامی گەشەی چینی سەرمایەدار و کاملبوونی شێوەی هەرەم دروست بووە ئەمانە دەوڵەتیان بە پاراســـتنی بیرۆکەکانیان دادەنا لەوەش بێئاگا بوون، کە خاوەنی ڕاستەقینەی دەوڵەت چینی ســەرەوە و لووتکەی هەرەمەکەیە دەوڵەتیش (قامچیەکە) هێزەکەیەتی ڕۆژێک دێت پێک دەگەنەوە و دەبنەوە یەک.

هەڵەیەکی تری جێبەجێکارانی ئەم بیرۆکەیە، کە لە دەستیان دا ئەم غەریزەیە بوو، نەیتوانی ســـــەرکوتی بکـــات، بەڵکو ئەگەر هەوڵیشــــــی دابێت لە ڕێی ئامرازە توندەکانی دەوڵەت هەوڵی بۆ داوە. ئەمەش دەرئەنجامی توندتر و ناشــــیرنتری لێ کەوتەوە دەکرا لە بری ئەمە لە ڕێی فکرو تێگەیشـــــتن و خوێندنەوەی زیاتر ئەم غەریزەیە شیی بکاتەوە.

هەروەک باســـــمان کرد چەند جۆرێک لە ڕوحیەتی مرۆڤایەتیی بەهۆی ئەم غەریزەیەوە بوونی هەبوو بەشـــــێکیـــان کۆیلە کراون بەشــــێکیان کۆیلە بوون. بەشـــێکیان چینی ســــەرەوەی لووتکەی هەرەمەکە و بەشـێکیشـیان مرۆڤە ئازادو شـۆڕشـگێرەکە بوون. ئەم دوو جۆرە ڕوحیەتە، مرۆڤە ئازاد و شۆڕشگێرەکە لەگەڵ کۆیلەکراوان

زۆرینەی شـۆڕشـیان پێک دەهێنا، کاتێک لەخاڵی سـەرکەوتن نزیک بوونەوە وردە وردە کۆیلە ئازادەکانی دەســەڵاتی پێشــوو بە حەز و ویسـتی خۆیان هەوڵی کۆیلەبوونیان بە سـروشـتە ئاسـاییەکەیان بۆ ئەم دەسـەڵاتە نوێیەش دووپات کردەوە و چوونە بەرەی شـۆڕش دژ بە ئاغاکانیان و کە ئەم بواردانەش بۆ ئەمان هەڵەیەکی گەورەی سـەرکردایەتی شـۆڕش بوو. بەهۆی ئەم هەڵەیەوە کۆیلەکان توانیان قاڵبی سیاسەتی سروشتیی خۆیان کە خاوەنی قامچیەکەیە بدۆزنەوە واتا ڕوحیەتی گەورەکانی پێشوویان دروست بکەنەوە بەسەر خۆیان.

لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکاندا هەوڵی جێبەجێکاری سـۆسـیالیزم تەنیا ئاراســتە و ئاماژەی ســەرکەوتن و هەژموونی چینێکە بەســەر چینەکەی تردا. واتا دەسـەڵاتی دەوڵەت دەلالەت لە یەک چین بکات و پێی بڵێن چینی پڕولیتاریا یان دەوڵەتی کرێکاری، کە ئەمەش پێچەوانەی بیرۆکەی یەکســـــانی و دادپەروەرییە. چونکە دەبێـت دەوڵەت دوای توانەوەی تەواوی چینەکان بۆ یەک ئاســتی کۆمەڵگە ئەوا ناوێک هەڵبگرێت، کە بەرهەمی دروســـــتبوونی چینێکی نوێ بێت.

واتا ســـــەرکەوتنی ســـــۆســـــیالیزمی ڕاســـــتەقینە نابێت بیر لە سەرخستنی چینێک بکاتەوە بە سەر چینێکی تردا، بەڵکو دەبێت چینێکی نوێ یان کۆمەڵگەیەکی نوێ دروســت بکات لە تێکەڵکردنی

کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا. ئەوا ئەوکات دەتوانێ تۆی رق و کینە و تۆڵەی بەردەوامی چینەکـان لەگەڵ یەکتر ببڕێـت. واتـا (سـۆسـیالیزم) تەنیا بەرەنگاری چینی سـەرمایەدار نابێتەوە بەڵکو بەرەنگـاری کۆی چین و توێژەکـانی کۆمەڵگە دەبێتەوە، وەک فەلســەفە و تا لە کۆتایی زەنگی ســەرکەوتن بە تێکەڵکردنی کۆی چینەکان لێ دەدات و کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست دەکات.

هەرِەشــەکانی فەلســەفەی ســیاســی نوێ لەســەر کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە چین؟

ئەگەر هەر فەلسـەفەیەک لە ڕابردوو لەسـەر چینێک یان توێژێک خەســـڵەتێکی بە بـابەت وەرگرت بۆ ســـــەر خســــتنی، ئەوا پێویستە (سوسیالیزم) هەرەشەیەک بێت بۆ کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. واتا کۆی قەیدی هەر چینێک بەپێی بابەتی بوونەکەی و کەموکورتیەکانی تێک بشکێنێت.

بەمەش چینی خوارەوە لە بری بوونی هێزو سـەرمایە، دەکەوێتە بەر هێرشی هەبوونی غەریزە و گۆڕینی ڕوحیەتی بۆ شێوەیەک، کە هەڵگری بیروبۆچوونەکانی یەکســـانی و دادپەروەریی بێت. ئەوکات دەتوانێ ئەو فەلســــەفەیە جێبەجێ بکرێــت، کە لە خزمەت و بەرژەوەندیی هەمووان دایە.

بە پێچەوانەی جێبەجێکارانی ســـۆســـیالیزمی کۆن، کە تەنیا

ئەیویسـت ئاراسـتەی دەسـەڵاتی بازنەیی لە چینی خوارەوە بۆ سـەرەوە پێچەوانە بکاتەوە. بە چاوپۆشـی لە بوونی غەریزە تەماعکارییەکەی چینی خوارەوە کاتێک سەر دەکەوێت.

کاتێکیش دەوڵەتی پرۆلیتاریا دامەزرا لە ڕوسـیا، ئەم دەوڵەتە نوێنەرایەتی چینی خوارەوەی دەکرد وە جڵەوی دەوڵەت کەوتە ژێر دەسـەڵاتی ئەمانەی کە پێشـتر بە دەسـت ئەم دەوڵەتە ڕیسـوا کرابوون. شـۆڕشـگێڕان و جێبەجێکارانی ئەم ئایدۆلۆجیایە ئامانجی سـەرکەوتنیان تەنیا لەسـەرخسـتنی چینی خوارەوە دەبینی. بۆ سەرخستنی ئەم چینەش لە دەسەڵات پێویست بوو چینی سەرەوەی پێشـوو بەبێ ئامرازەکانی دەسـەڵات لەناو کۆمەڵگە بە ڕیسـوایی بمێنێتەوە، ئەمەش گەورەیی فەلسـەفەکەیانی دەردەخسـت بۆ کرێکارانی جیهان، وە تۆڵەیەکیش بەو ڕقەی پێشوویان کە پێشانی بدەن ئێستا ئەمانە خانەدان و ئاغاکانن. ئەم بواردان و خۆ بەگەورە زانینەی شـۆڕشـگێڕان وای کرد هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجی بیرۆکەکە بگۆڕێت لە شـکانی هەرەم بۆ سـەرەوژێرکردنی هەڵ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت چینی خوارەوە بکەوێتە سـەرەوە، بەمەش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیزم ئاراستە و شێوەی هەرەم گۆڕا بە خولانەوەی نیو بازنەیی کە بنکەی هەرەمەکە بۆ سـەرەوە لووتکەکەی بۆ خوارەوە پێچەوانە بووە. ئەم

هەڵگەرانەوەیەش بە مانای بە ئامانج گەیشتنی بیرۆکەی سۆسیالیزم نەدەهات، چونکە هەوڵی ئامانجی ئەم فەلسەفەیە شکاندنی هەرەم بوو نەک خوولانەوەی. ئەمەش بڕیاری خوارەوە بوو بە حەز و مەیلەکەی، کە خۆشی هەمان دەور ببینێت لە بەشی سەرەوەی هەرەمەکە.

بۆیە هەوڵەکانیان لە سەرخستنی ئەم ئایدۆلۆجیایە شکستی هێنا بەهۆی هەڵەکان و نەقۆزتنەوەی ئەم هەلانەی، کە بۆیان رەخسا بۆ شکانی هەرەمەکە. ئەم هەلانەش وای کرد بنکەی هەرەمەکە لە شوێنی خۆی نەوەستێت، بەڵکو ببێتە جووڵەیەک ئەم جووڵەیەش وردە وردە بە ئاراستەی میلی کاتژمێر بە دەوری خۆی بەردەوام بێت تا خولێک بە دەوری خۆی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتای پێش شۆڕش.

شۆڕشگێران کاتێک خۆیان لەسەرەوە دەبینن، کە بنکەی هەرەمەکەیە، پێیان وایە جارێکی تر ئەم هەرەمە دروست نابێتەوە بەهۆی ژێرکەوتنی لووتکەکەی و دیارنەمانی لە شۆڕشگێران ئەم هەستەیان بۆ دروست دەبێت.

بەڵام کاتێک لە هەڵکوڵینی هەرەمدا دەیان کێشە و لەمپەر بەرامبەر دەنکۆڵی هەڵپاچەکەیان دروست دەبێت، کە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتە بە هەڵگەراوەیی، چونکە کاتێک هەرەم پێچەوانە

دەبێتەوە ئەوا شـــــێوازی بەڕێوەبردنیش پێچەوانەوە دەبێتەوە و دەگۆڕێت. کاتێکیش خۆیان لەســەر ڕاســتەهێڵە ڕووتەختەکەی بنکە هەڕەمەکە دەبینن پێیان وایە هەڕەم و لووتکەکەی بوونی نە ماوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتێک لە شێوە ڕق وتۆڵە لە ژێرەوە هەوڵی خۆ ڕاستکردنەوە دەدات، کاتێکیش هەڵپاچەکەیان لە هەڵکوڵینی هەڕەم دەوە ستێت چونکە ئەمانە وردە بەردی قورس و توندترن لەچاو گڵە نەرمەکەی پێشــوو. ئەمەش هەوڵی ڕاگرتنیان دەدات و ئامێرەکانیان دەوەستێنێ.

بۆیە لەم بـارەوە پێشــــــنیـاری بۆرژوا و خـاوەن بەرژەوەنـدییە ســـــەرمایەکان دێتە پێش بۆ یارمەتیان، کە هەوڵی ئەوە دەدەن بە ڕازیکردنیان بە بەکارهێنانی ئامێرە نووک تیژ و پێشــکەوتووەکەیان، کە هۆکارێکی باشــــە بۆ شــــکانی ئەم بەربەســــتە ڕەقانەی پێیان ناشــکێت. بۆیە ڕازیبوون بە پێشــنیارەکە و ئامادەیی بۆرژواکان لە پاڵ شـۆڕشـگێران دەبێتە هۆی لەدەسـتدانی ئامانجە ڕاسـتەقینەکەی شۆڕش.

ڕاستە ئامادەییان لەسەرەتادا دەبێتە هۆی کون و کۆڵی هەڕەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــــــدا جارێکی تر دەبێتە هۆی دروســــــتبوونی هەڕەمێکی نوێ. بۆیە لە ژێرەوە ئامێرەکە دەســــــت بە هەڵکۆڵینی دەکات لە لووتکەکەی دەردەچێت. لە کۆتاییشدا بۆرژوای شۆڕشگێر

خۆیان دەبن بە لووتکەی هەرەمێکی نوێ.

بەمەش هەوڵی جێبەجێکارانی بیرۆکەی سـۆسـیالیزم لە بری شکانی هەرەم و سەپاندنی دادپەروەری، دەبێتە هۆی سووڕانەوەی خولێکی تەواوی هەرەم بەدەوری خۆیـدا و ئەم هەڵگەرانەوە و تەواوکردنی سـوورەکە بە دەوری خۆیدا چەند دەیەیەک دەخایەنێت تا دەبێتەوە بە هەرەمێکی نوێی قووچەکی.

هەرەمەکە چۆن تێکدەشکێت؟

کاتێک توانیمان کەمی پێویستی بەرهەم بە کۆتا کەسی بنکەی هەرەمەکە بگەیەنین، وە کاتێک توانیمان یەکگرتنێک لە تێگەیشتنی چینی خوارەوە چـاک بکەین بۆ ئەوەی ئەوان لە مـافی بەرهەمی خۆیان، هەمان کەسـی چینی خۆیان نەکەنە ئامانج. بەڵکو چینی سەرەوە بکرێتە ئامانج بۆ وەرگرتنەوەی مافەکەی. ئەوکات لێکدان و ململانێ لە نێوان ئاسـتی یەک چین دەگوازینەوە بە شـێوەیەک لە چینی خوارەوە بۆ چینی سەرەوە.

# سیزیف دەمرێت

هەموو پارتێکی سیاسی لەسەر بیروڕایەک دروست دەکرێت و بیروڕاکانیش لەسەر کۆدەنگی کۆمەڵگە دەبێتە کاری سیاسی بۆ پێویستیەکانی کۆمەڵگە و فەراهەم بوونی.

ئەم کۆدەنگیەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی کە دەنگ بەرز دەکاتەوە و هاواردەکات وەک تەوژمی ڕەشەبایەکی سیاسی لەبەر نەبوونی دادپەروەری، خەریکە هەڵ دەکات و هەموو شتێک ڕادەماڵێت. ئەم هێزەش کاتێک لە چاوەڕوانی ئەم تەوژمە ئامادە دەبێت بۆ هەڵکۆڵینی هەر بابەتێک و ناوێک، کە تێگەیشتنێک هەبێت بۆ هەر شتێک مۆرکێکی نامۆی لەسەر بێت و نەزانراو بێت. چونکە ئەم بابەتە نەزانراوانەی دوێنێ مرۆڤەکان لە خزمەتی دابوون ئەمڕۆ لە دژی مرۆڤەکانە ئەم مەترسییەش جێی گومانە، دەبێت مرۆڤەکان لە کۆتایی هەر تێبگەن، کە ئەوەی لە پێناویدا هەوڵی بۆ دەدەن لە خزمەتی سەرمایەداری و لەناوچوونی خۆیانە.

ئەمڕۆ هەموو پەیڕەوکارانی دادپەروەریی هەوڵ دەدەن لە ڕێی بنەماکانی سەرمایەداری ئەم هەوڵە جێبەجێ بکەن، ئەم هەنگاوەش کار و کردەوەکان پێچەوانە دەکاتەوە و هەوڵەکەش جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەنجامی کارەکەی. بۆیە بۆ وەسفی تایبەتی شێوازی

کارەکەت دەبێت هەنگاوێک بێت لەگەڵ فەلسەفە و ئامانجی کارەکەت بگونجێت، چونکە هیچ یەکێکمان ناتوانێت لە ڕێی سـەرمایەداری و کار و کردەوەی کارگە تایبەتەکان ئەوا وەسفی کارەکانمان بکەین بە یەکسـانی، وە هیچ هێزێکیش ناتوانێت لە ڕێی سـەرمایەدارییەوە ئەنجـامی کـارەکەی دادپەروەری بێـت، بەمەش هەوڵەکـان بۆ دادپەروەریی دەبێـت لە بنەمـاوە بگۆردرێن. چونکە تـا ئێسـتـا هەوڵەکانمان لەپێناو دادپەروەریی ئەنجامی بەدەسـت نەهاتوون، وە ئەم ڕێگەیـانە تەپوتۆز و پیسـییەکی وای گرتووە، کە هەوڵی پێداڕۆیشتنی تێدا کردۆتە کارێکی سەخت، واتا تا ئێستا ئەم ڕێگە تاقیکراوانە بە بەراوردی هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ زۆر بێهودەن. ئەم ڕێگەیە لەگەڵ سـەختی پێدا ڕۆیشـتنی مرۆڤ و هەوڵە بەهەدەر دراوەکان ئەوا ڕێگەی دادپەروەری نین بەڵکو ڕێگەیەکە بە وەسفێکی دادپەروەری، تەنیا بۆ هەوڵە بەهەدەردراوەکەی مرۆڤ دەگری دوای مردنی!

کـاتێـک مرۆڤەکـان دەمرن بەو پووچیە دەگەن، کە لە پێنـاوی دەمرن وە جۆرێکی تریشـیان لە پێناوی دەژین، ئەمەش هەوڵێکە چەند جار پاتە دەبێتەوە وەک ئەفسانە پووچەکەی سیزیف. بۆ ئەو کەسـانەی دە یانەوێت لەپێناوی بژین جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەو کەسـانەی دەیانەوێت لەپێناوی بمرن. جیاوازییەکەش بەپێی چەمک

و ئامانجەکە دەگۆڕێت. کاتێک کەسێک لە پێناو سەرمایە دەمرێت لە ڕووی پووچگەراییەوە جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی لە پێناو دادپەروەریی دەمرێت. کاتێکیش هەر یەکەیان لە پێناو دادپەروەریی دەژییێت و ئەوی تریان لە پێناو سەرمایە، ئەوا ئەو کات ژیان بۆ هەر یەکە یان بە مانا بوونەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، هەریەک پووچییەک لە ئامانجی بابەتی بەرامبەرەکەی دەبینێتەوە، چونکە کەسێک لە پێناو سەرمایە ژیاوە ئەوی تریان لەپێناو دادپەروەری. بەمەش ژیان بۆ هەریەکەمان دوو گۆشەی جیاوازی دەبێت لە ڕووی پڕوپووچیدا. بۆیە پێویستە هەموومان هۆیەک بدۆزینەوە، کە لەپێناوی بژین، ئەگەر نا بەرامبەرەکەمان ئامانجێکی پێچەوانەی هەیە و هۆیەک دەدۆزێتەوە بۆ ئێمە کە لە پێناوی بمرین.

کاتێکیش هۆیەک دروست دەبێت کە هەمووان لەپێناو سەرمایە بژین وەک ئەوە وایە هەمووومان لە پێناو مردن بژین. چۆن دەبێت کاتێک هەمووومان لەپێناو هۆیەکی هاوبەش بژین؟ کاتێک هەمووومان لە پێناو شتێک دەژین خودی ئەم شتە دەبێتە تایبەتمەندیی ژیانی ئێمە، وە بوونیشمان لەسەر ئەم شتە وەسفی خۆی دەکات، واتا جگە لەم شتە بوونمان لە ژیان نابێت و واتا نادات. بۆیە ئەم هۆکارە دەبێتە هۆیەک بۆ بەردەوامبوونمان لە ژیان بۆ بەدەستهێنانی تا لە کۆتاییدا تەنیا دەبێتەوە مایەی بوونمان!

کاتێک مرۆڤایەتی لە مێژووە سەرەتایەکەیدا تەنیا هۆکاری بۆ ژیان ئەو بوونەی کە پێی درابوو تێیدا زیندوو بێت وە هۆیەکی مێژوویی نەبوو بۆ مانەوەی ئەم مرۆڤە سەرەتاییانەی لە پێناوی بژین یان بمرن، وە هۆکاری مانەوەیان تەنیا هۆیەکانی ژیان بوون لە هەوا و خۆراک و پێویستیەکانی ڕاودا، ئامانجیان مردنێکی سروشتیی بوو نەک ئەو مردنەی کە پێش وادەی خۆی لە ڕێی مەترسییەکانی سروشتەوە دەهات.

هەر لەبەر ئەمە مرۆڤە سەرەتاییەکان بەیەک ناو ناساندراون، کە لە (ستراڵ پێتکوس و هۆمو هابیلیس تا دەگاتە مرۆڤی نیاندەرەتاڵ)، چونکە بە یەک ئامانجی هاوبەش وەسف دەکرێن، هیچ مرۆڤێک جیا لەئەوی تر ئەرکێکی تایبەت یان جیاوازی وەرنەگرتووە تا پێناسەی خۆی بکات بە ناوێکی تایبەت بۆ مێژوو وە کاتێک مرۆڤ توانی هۆیەک بۆ ژیان وە هۆکارێک بۆ بەردەوامی و ئەرکێک بۆ پێناسەی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوکات مێژووی تاک دەست پێ دەکات، کە جیاوازی دەکات لە نێو مرۆڤەکان و دروستبوونی ناوەکانیاندا.

بۆیە سەرمایە لەقۆناغی ئێستەدا هەڵخەڵەتێنەرە بەو مانایەی کە هەموو مرۆڤێک لە ڕێگەی سەرمایەداریدا دەتوانێ وەسفی خۆی بکات. ئەمەش جوانترین وێنەی مرۆڤایەتییە، کە لە کۆتاییەکەی

پێی دەگات و ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگریش بێت، ئەوە ناتوانێ ئەم ڕاستیە بسەلمێنێ، کە تەواوی مرۆڤایەتیی لەم ڕێگەیەوە بتوانێ بە دادپەروەری ئەرکی خۆی بۆ مێژوو جێبەجێ بکات. چونکە سەرمایە خۆی هۆکاری دروستبوونی بابەتێکە، کە دادپەروەری لەدژی دەڕوێت، ئەویش چینەکانە. ئەگەر بڕیاریش بێت بە گریمانە تەواوی مرۆڤایەتیی دە ستی بە سەرمایە بگات، ئەو کات نە چینێک، نە قۆناغێکیش بەناوی سەرمایەداریی دەڕوێندرێ، بەڵکو شتێکی تر دەڕوێت لە قۆناغی ململانێی چینەکان مەترسیدارترە، ئەویش ململانێی مانەوە و سڕینەوەی یەکتر دەبێت. چونکە کاتێک هەموو مرۆڤایەتی خاوەن سەرمایە بوو، ئەوا کاڵا و پێویستییەکان بە شێوەیەک لە کورتی دەدەن کە لە هیچ قەیرانێکی قۆناغی مێژووییدا نەبینرابێ. هەموو مرۆڤایەتیی لەم قۆناغە یەک ناو وەردەگرێت وەک مرۆڤی (نیاندەرتاڵ) یان مرۆڤی (سەرمایەدار) چونکە ئامانجیان هاوبەشە، هیچ مرۆڤێکیش بە تەنیا ناتوانێت وەسفی خۆی بکات چونکە بابەتێک نییە جگە لە سەرمایەداریی بیکاتە ئەرکێک بۆ پێناسەی خۆی، بۆیە گریمانەی بوون بە سەرمایەدار و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان لە ڕێی سەرمایەداریدا نەک قسەیەکی پووچ و بەڵگە نەویستە بەڵکو خەیاڵێکە لە خەودا.

ئەگەر بە ڕاشکاوی ڕای بگەیەنین مە سەلەی لەناوچوونی تەواوی

چینەکان لە ڕێی هەر بیردۆزێک تا ئەمڕۆ شتێکی مەحاڵ بووە، بەڵام خراپتر لەهەر شـتێکی تر خودی سـەرمایەدارییە، کە دەبێتە مایەی فراوانبوونی زیاتری مەودای نێوان چینە کان، کە چینی ســــەرەوە کۆنترۆڵی تەواوی چینەکانی خوارەوە دەکات.

بۆیە مــایەی پـێکەنینە، کە تەواوی مرۆڤــایەتیی لە ڕێی مزگێنیەکانی سەرمایەدارییەوە هەوڵێکە بە هەدەری دەدەن کە دوای مردنیان پێی دەگەن ئەویش هەوڵە بە هەدەر دراوەکەیە و ئەرشـیف ناکرێت بۆ مێژوو. وە ئەگەر بشــــکرێت بە ئەرشــــیف، لە مێژووی سەرمایەداریدا دەبێتە مایەی پێکەنین و گاڵتە و گەپی سەرمایەداران بۆ هەوڵەکەت. کاتێک هەموومان بە هاوبەشی لە پێناو شتێک دەژین بێ جیاوازیی ئەوا تەنیا پێناســـەیەک بەســـە بۆ هەمووان کە پێی بناســـرێت. بەمەش هەوڵە بەهەدەردراوەکەی (ســـیزیف) دەبێتە پێناسە و وەسفێک بۆ هەموومان.

"خواوەندەکان سیزیفیان بەوە مەحکووم کردبوو، کە بەبێ پشوو تاوێرە بەردێک بەرەو لووتکەی شاخێک بەرێت..."

ئەفسانەی سیزیف

"خواوەندەکان ســـیزیفیان بەوە مەحکوم کردبوو کە بێ پشـــوو تـاوێرە بەردێـک بەرەو لووتکەی شــــاخێک بەرێـت، کە لە بەر قورســـــیەکەی، دووبارە لەوێوە غلۆر دەبوویەوە بۆ خوارەوە. لەبەر

هەندێک هۆکار، ئەم خواوەندانە باوەڕیان وابوو، کە هیچ ســــزایەک نییە هێندەی ئەو سزایە سەخت بێت، چونکە هەم بێهودەیە و هەم ئومێدی هیچی لێناکرێ. "

ئەگەر باوەڕمان بەو قســـەیەی هۆمیرۆس هەبێت؛ ئەوا دەبێت بڵێین ســــیزیف داناترین و وردترین بونەوەری فانی (mortal) بووە. بەهەرحاڵ، بە پێی گێڕانەوەیەکی تریش، ســـیزیف مەیلی بە لای ڕێگریشـــــدا هەبووە، کە من هیچ دژوازییەک لەمەدا نـابینم. بیروبۆچونەکان جیاواز بوون سەبارەت بەوەی چیی وای لێکردووە لە دۆزەخدا کارێکی وەها بێهودە بکات. با بەوە دەست پێ بکەین، کە ئەو تـاوانبـارکراوە بەوەی گـاڵتەی بە خواوەنـدەکـان کردووە و نهێنیەکـانی ئـاشـــکرا کردوون. ئێجینـای کچی ئیزۆپس، لەلایەن جۆپیتەرەوە ڕفێندرابوو. باوکی بەوە توشـی شـۆک بوو و چووە لای سیزیف سکاڵای کرد. سیزیفیش کە ئاگاداری ئەم مەسەلەی ڕفاندنە بوو، پێشـــنیـازی ئەوەی بۆ ئیزۆپس کرد، کە ئەم ئـامـادەیە ڕاســـتییەکەی پێ بڵێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەویش ئاو بە قەڵای کورێنت (corinth)بدات. بەرەکەتی ئاوی بەسەر هەورە تریشقەدا پەسەندکرد و لەسەر ئەمەش لە دۆزەخدا سزا درا.

هەروەها هۆمیرۆس پێمان دەڵێت کە ســـیزیف مەرگی زنجیر کردووە، پلۆتۆش بەرگەی دیمەنی ئیمپراتۆرییەتە خـامۆش و

چۆڵەکەی (واتا دۆزەخ) ناگرێت. بۆیە خواوەندی جەنگ دەنێرێت تا مەرگ لە چنگی سیزیف ڕزگار بکات.

هەروەها دەگێڕنەوە، کاتێک سیزیف لە مردن نزیک دەبێتەوە، بە شـێوەیەکی هەڵەشـانە دەیەوێ خۆشـەویسـتیی هاوسـەرەکەی تاقی بکاتەوە، بۆیە داوای لێ دەکات لاشــە نەنێژراوەکەی لە ناوەڕاســتی گۆڕەپانێکی گشـــتیدا فڕێبدات. ئیدی کاتێک ســـیزیف لە جیهانی خوارە (دۆزەخ) بە ئاگا دێتەوە و تەواو لەو گوێڕایەڵییە دژوازە بە خۆشـەویسـتیی مرۆیی بێزار دەبێت، مۆڵەت لە پلۆتۆ وەردەگرێت تا بگەڕێتەوە بۆ زەوی و ســزای هاوســەرەکەی بدات. بەڵام وەختێک دووبارە چاوی بە دونیا هەڵدەهێنێتەوە و تامی ئاو و هەتاو و بەردی گەرم و دەریا دەکاتەوە، حەز ناکات بۆ تاریکیی دۆزەخ بگەڕێتەوە. بانگکردنەوە و توڕەبوون و ئاگادارکردنەوەی هیچ سـودێکی نابێت لە گەڵیـدا. ئیتر بۆ خۆی ســـــالانێـک بەرامبەر بە دیمەنی کەوانەی کەنداوەکان و درەوشانەوەی دەریاکان و زەردەخەنەکانی زەوی، ژیان دەباتەوە ســـەر. تا وای لێدێت خواوەندەکان ناچار دەبن فەرمانی گرتنی دەربکەن. بەم جۆرە مێرکۆری دەگاتە ســەری و یەخەی ئەم پیاوە لاســارە دەگرێت و لە شــادییەکانی دەخات و بەرەو دۆزەخی پەلکێش دەکاتەوە، کە تاوێرە بەردەکەی تیادا بۆ ئامادە کراوە.

ئێستا لەوە تێگەیشتین، کە سیزیف پاڵەوانی پووچییە. هەست

و جۆش و خرۆشەکانی بە هەمان ئەندازەی ئازار و ئەشکەنجەکانین. بە سووک سەیرکردنی خواوەندەکان و ڕقی لە مەرگ و هەڵوەدابوونی گەرمی بۆ ژیان، بوونە هۆی ئەو سـزا ترسـناکەی کە تیایدا هەموو بوون لە پێنـاوی بەدیهێنـانی هیچـدا تەرخـان دەکرێ. ئەمە ئەو نرخەیە کە دەبێ بەرامبەر بە هەسـت و سـۆز و جۆشـوخرۆشـەکانی ئەم زەوییە بدرێ. ئیتر، سەبارەت بە سیزیف لە دۆزەخدا، هیچمان پێ ناوترێ.

ئەفسـانەکان بۆ ئەوە هەن تا خەیاڵ ڕۆح بکاتەوە بە بەریاندا. بەڵام سـەبارەت بەم ئەفسـانەیە، مرۆڤ هەوڵ و تەقەللای زۆری جەسـتەیەکی گرژبوو دەبینێت تا تاوێرە بەردەکە بەرز بکاتەوە و بیجوڵێنێت و بەرەو دوندی هەورازێکی بەرێت و لە بری جارێکیش سـەت جار. دەموچاوێکی گرژ، ڕوومەتێکی بە بەردەکەوە نووسـاو، ئەو شانەی بە شە قوڕاوییەکەی بەردەکەی گرتۆتە خۆ، پێیەکان کە چۆن جێی خۆیان قایم کردووە، دوو بازووی هەڵماڵراو و دوو دەستی خۆڵاوی. لە کۆتایی ئەو هەوڵ و تەقەللا زۆرە یدا، کە بە فەزایەکی بێ ئـاسـمـان و زەمەنێکی بێ قووڵایی دەپێورێ، ئـامـانجەکەی دەپێکێت. ئینجا سـیزیف سـەیری تاوێرە بەردەکە دەکات چۆن لەچەند چرکەساتێکی کەمدا، غلۆر دەبێتەوە بۆ خوارەوە، بەرەو ئەو جیهانەی خوارەوە، کە ناچارە سـەر لەنوێ لەوێوە بەرەو دوندەکەی

بەرێتەوە دیسانەوە دەچێتەوە خوارێ.

لە کاتی گەڕانەوەیەیدا، لەو هەڵوەستەیەیدا، سیزیفم بەلاوە گرنگە. ڕوخسارێک ئەوەندە نزیک لە بەردەوە ڕەنج بکێشێت، خۆیشی دەبێت بە بەرد. من ئەو مرۆڤە دەبینم، کە بە هەنگاوانێکی سەنگین و بێدەربەستانەوە، بەرەو لای ئەشکەنجەیەک دەگەڕێتەوە، کە بێ کۆتاییە. ئەو چرکەساتەی ئەوەندە هەناسە وەرگرتنێکە و بە دڵنیاییەوە، وەکو ئەشکەنجەکەی دووبارە دەبێتەوە، ئەوە ساتی هۆشیار بوونێتی. لە هەر چرکەساتێک لەو چرکەساتانەدا، کە تیایدا دوندەکە جێ دەهێڵێت و بەرەو بێشەی خواوەندەکان دادەبەزێتەوە، لە چارەنووسی خۆی باڵاترو لە بەردەکەش سەختتر دەبێت.

ئەم ئەفسانەیە گەر تراجیدیا بێت، لەبەر ئەوەیە کە پاڵەوانەکەی هۆشیارە. ئەگەر لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، ئومێدی بە سەرکەوتن هەبوایە، ئەوکات لەکوێ ئازار و ئەشکەنجەی دەبوو؟ کرێکاری ئەمڕۆ هەموو ڕۆژێکی کارکردنی لەژیاندا بەم تەرزە بەسەر دەبات. پووچێتیی ئەم چارەنووسەش لە پووچێتییەکەی سیزیف کەمتر نییە. بەڵام بە تەنیا لەو چرکەساتە دەگمەنانەدا دەبێت بە تراجیدیا، کە تیایاندا هۆشیار دەبێت. سیزیف، ئەم پرۆلیتارەی خواوەندەکان، کە بێدەسەڵاتە و یاخییە، ڕادەی حاڵەتی بەدبەختانەی خۆی دەزانێت. ئەو لەتەواوی ڕێی گەڕانەوەیەدا بیر لەوە دەکاتەوە، ئەو

ڕۆشـــــنبینییەی کە مایەی ئەشـــــکەنجەیەتی، لە هەمانکاتدا مایەی سەرکەوتنیشیەتی، هیچ چارەنووسێکیش نییە، گاڵتەپێهاتن نەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت.

ئەگەر دابەزین هەندێک جار کەسەری بەدەمەوە بێت، ئەوا دەشێ خۆشیشی بەدەمەوە بێت. ئەم وشەیەش زیادەڕەوی نییە، دیسانەوە ســـــیزیف دەهێنمەوە بەرچاوی خۆم، کە بەرەو لای تاوێرە بەردەکە دەڕواتەوە و ســـەرەتا هەســـتی بە کەســـەر کردووە. کاتێ وێنەکانی زەوی زۆر بە توندی خۆیان بەیەکدا هەڵدەواســـــن، کاتێ هاواری بەختەوەری، قایمتر دەبێت، دەشـــــێ مات و مەلوولی لەدڵی مرۆڤدا سەرهەڵبدات، ئەمەش سەرکەوتنی بەردەکەیە، ئەمە خودی بەردەکە خۆیەتی. ســـەرێک بێ ئەندازە بێت، قورســـترە لەوەی مرۆڤ بتوانێ بەرگەی بگرێت. ئیدی ئەمە شەوی ترس و ئەشکەنجەی ئێمەیە.

بەڵام ڕاستییە ورد و خاشکەرەکانی، وەختێ دانیان پێدا دەنێن، دەفەوتێن و نامێنن. بەم جۆرە دەبینین ئۆدیپ ســـــەرەتا مل بۆ چارەنووســـی خۆی دەدات، بەڵام بێئاگایانە. لێ لەو ســـاتەوەی پەی بە ڕاستییەکە دەبات، مەرگەساتی دەست پێدەکات. بەڵام لەهەمان ســـــاتدا و وەختێک نابینا و نائومێد بووە، تێدەگات کە تاقە داوێکە بە دونیاوە بیبەســـتێتەوە، دەســـتی نەرمونیانی کچێکی لاوە. لێرەدا ســـەرنجێکی گرنگ خۆی دەخاتە ڕوو: ســـەرەڕای هەموو ئەم دەردو

بەڵایــانە، پیری و بەرزیی ڕۆحم وام لێ دەکەن بڵێم کە هەموو شــتەکان باشــن. ئۆدیپەکەی (ســۆفۆکلیس)یش وەکو کیریلۆڤەکەی (دۆســتۆیڤســکی)، ڕەچەتەی ســەرکەوتنی ئەبســێردمان دەداتێ. دانایی کۆن جەخت لەســــەر پاڵەوانێتیی مۆدێرن دەکاتەوە. مرۆڤ بەبێ کەڵکەڵەی نووســــینی ڕەچەتەیەک بۆ بەختەوەری، نـاتوانێ ئەبسێرد کەشف بکات. چی؟ بەم ڕێگە تەسکانە؟ بەڵام بەهەرحاڵ، بە تەنیا یەک جیهان هەیە بەختەوەری و ئەبســێردیش منالّی هەمان زەوین و لەیەکتری جیانابنەوە. هەڵەیە گەر وا بزانین بەختەوەریی بەشــێوەیەکی بنبڕانە لە کەشــفکردنی ئەبســێردەوە ســەرهەڵدەدات. ئۆدیپ دەڵێت: "من گەیشــتوومەتە ئەو بڕوایەی کە هەموو شــتێک باشـــە." ئەم ســـەرنجەش پیرۆزە و لە جیهـانە ترســـنـاک و ســـنووردارەکەی مرۆڤدا دەنگ دەداتەوە. ئەوەمان فێردەکات، کە شـــتەکان کۆتاییان نەهاتووە و نایەت. هەروەها ئەو خودایە لەم جیهانە دەردەکات کە بە ناقایلیەوە بۆی هاتووە و ئازاری بێهودەی بەســەردا پەســەند دەکات، چارەنووســیش دەکات بە مەســەلەیەکی تایبەت بە مرۆڤ، کە پێویســتە لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا یەکلایی بکرێتەوە. هەموو خۆشـــییە بێــدەنگەکەی ســـیزیف لێرەدایە. چارەنووســی تایبەتە بەخۆی و تاوێرەکەش بریتییە لەو شــتەی کە شــکی دەبات. بەم جۆرە، مرۆڤی ئەبســێرد کاتێک لە ئازاری خۆی

ڕادەمێنێت، هەموو بتەکان بێدەنگ دەکات. لە جیهانێکدا، کە لەناکاو خامۆشیی خۆی بەدەست دێنێتەوە، کۆمەڵێک دەنگی بچووکی بێشوماری پڕ لە پرسیار سەرهەڵدەدەن. ئەم دەنگانەش لەبەر ئەوەی ناهۆشیارانەن و هاواری شاراوە و بانگەشەی گشت ڕوخسارەکانن، دەبنە دژواز و نرخی پێویست بۆ سەرکەوتن. هیچ خۆرێک نییە بێ سێبەر بێت و پێویستە مرۆڤ شەویش بناسێت. مرۆڤی ئەبسێرد بە بەڵێ وەڵام دەداتەوە و لەسەر تەقەللاکانیشی بەردەوام دەبێت. ئەگەر شتێک هەبێت پێی بوترێ چارەنووسی تاکەکەسی، ئەوا شتێک نییە پێی بوترێ چارەنووسێکی باڵا. یاخود لانی کەم تاکە چارەنووسێک هەیە، کە وەک ئەنجام دەزانێت حەتمی و بێزراوە. بەڵام سەبارەت بە هەموو شتەکانی تر، دەزانێت کە خۆی ئاغای ڕۆژەکانی خۆیەتی. لەو چرکەساتە هەستیارەشدا، مرۆڤ ئاوڕ دەداتەوە تا ژیانی ڕابردووی بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی. کاتێک سیزیف دەگەڕێتەوە بۆ لای بەردەکە، لەو ماوە کورتەدا، لەو زنجیرە چالاکییە لێکترازاوانەی خۆی ڕادەمێنێت، کە چارەنووسی پێک دەهێنن و خۆیشی خوڵقێنەری بووە. لەبەرچاوی یادیدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و هێندەشی پێ ناچێت مەرگ مۆری خۆی لێیان دەدات. بەم شێوەیە، ئەو بە باوەڕبوونەوە بە ئەسڵی مرۆیی هەموو ئەو شتانەی کە مرۆیین، وەک کوێرێکی عەوداڵ بۆ بینین، ڕێ تەی

دەکات. ئەو کوێرەی کە دەزانێت شـــــەو هەرگیز کۆتایی نایەت و تاوێرە بەردەکەش هێشتا هەر لە غلۆر بوونەوەدایە.

سیزیف لە دامێنی شاخەکە جێدێڵم! مرۆڤ هەمیشە باری گرانی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام ســـیزیف فێری ئەمەکداریی باڵامان دەکات، ئەو ئەمەکدارییەی، کە نکووڵی لە خواوەندەکان دەکات و تاوێرە بەردەکان هەڵدەگرێت. ئەویش دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەموو شـتێ باشـە. ئەم دونیایەش کە هێشـتا بێ ئاغایە، بەلایەوە دونیایەکی زڕ و پڕوپووچ نییە. هەر گەردیلەیەکی ئەو بەردە و هەر پـارچەیەکی کانزایی ئەو شـاخە پڕ لە شـەوە (Night-filled) خۆی لە خۆیدا دونیایەکە. بە تەنیا تەقەللاش بۆ چوون بەرەو لووتکەکان بەسـە بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ سەرشار بکات. پێویستە "سیزیف" بە بەختەوەر بزانین".

کاتێک مرۆڤەکان لەپێناو شتێک ناچاری شتێک دەکرێن، کە زۆر قورســــتر و وەڕزکارترە لە ژیان، هەروەها ئامانجی هەوڵەکەت بە بەراوردی ئەوەی بە هەدەری دەدەی لەپێناوی، زۆر لەوە کەمترە کە بەدەســــتی دێنی. ئەوە دەبێتە مردنێک لەپێناو ژیانێکی نادیار یان ژیانێک لەپێناو مردنێکی نادیار. هەریەکە یان لەپێناو هیچ، وەک یەکە. هیچ جیاوازیەکیان نییە. کەواتە مردن و ژیان لەپێناو هیچ دەبێتە ئەو پووچیەی، کە لە زۆربەی بیروڕاکـانی مرۆڤـایەتیی بە

درێژایی مێژوو دەبینرێت.

ئەم پووچیە کاتێک دروست دەبێت، مرۆڤەکان بەبێ تێگەیشتن دەچنە چوارچێوەی ململانێیەکی بێ ئەنجام یان بە هۆی بیروڕا و لێکدانەوەی زۆر جوانی مرۆڤەکانی تر چەواشە دەکرێن. کاتێک مەرجی خۆشگوزەرانی دەبێتە ڕکابەری نێوان تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە ئەوا ناچارن بە هەوڵی بەردەوامیان ئەم تاوێرە بەردە بەرزکەنەوە. وا تا ڕکابەری هەوڵەکەت ڕێگەی بەرزی گردەکە و گەیشتنی تاوێرە بەردەکەیە بۆ لووتکە "ئەمەش دەبێتە مردنێک لەپێناو ژیاندا".

چونکە نەزانی و کەم عەقلی مرۆڤ هەوڵی بەردەوامی بەرزکردنەوەی ئەم تاوێرە بەردەیە، چەندیش لە عەقڵی ئاسایی مرۆڤ کەم دەبێتەوە ئەوەندەش ئەم تاوێرە بەردە، قورستر دەبێت و غلۆر دەبێتەوە بۆ خوارەوە. کاتێکیش تاوێرە بەردەکە دەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتای پێش جووڵانی، ئەوە بڕیارێکی تر دروست دەبێت، کە هەمان بیرۆکەی پێشووە لە هەوڵێکی تردا. بەڵام بە گومان و باوەڕێکی تر، کە پێی وایە ئەم جارەیان سەرکەوتوو دەبێت، ئەم هەوڵە هەمیشە لە سیستەمی سەرمایەدارییە بە باوەڕو گومانی جیاواز بەردەوام دەبێت کەوا دەکات مرۆڤ لەپێناوی بمرێت.

کاتێک بە گریمانە هەوڵە بەردەوامەکەی سیزیف سەرکەوتوو

دەبێت بە بوونی ناوبرِێک، کە ڕۆژانەیە جیا لە ئەفسانەی سیزیف ناوبرِی تێدا نییە. بەمەش دوای ئەوەی بەردەکە لە شوێنی مەبەست لەسەر تەپۆلکە گردەکە دەوەستێت، سیزیف لە بەیانی ڕۆژی داهاتوو دەگەڕێتەوە هەمان مەبەستی جاران، دەبینێت تاوێرەکە لە شوێنی مەبەست نەگەڕاوەتەوە خاڵی سەرەتایی. بۆیە هیچ بیرۆکەیەک و هەوڵێکی تری ناوێت بۆ سەرخستنی تاوێرەکە. لێرەوە سیزیف ئەنجامی کارەکەی بۆ دەردەکەوێت، کە چەندین ماوە لە پێناویدا هەوڵی بۆ داوە بەمەش دڵخۆشییەکەی بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێت. تا ئەوەی وردە وردە دلخۆشییەکەی نامێنێت دەبێتەوە هەمان دڵتەنگی جاران، کە لە سەرخستنی تاوێرە بەردەکە هەیبوو. سیزیف دوای ئەوەی دڵخۆشییە کاتییەکەی نامێنێت دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، وە ئەنجامی کارەکە بە هیچ دەبینێت بەمەش دەچێتەوە پێش کارو چالاکیی بەرزکردنەوەی تاوێرەکە، کە هەوڵێک بوو لەپێناویدا دەژیا.

دوای ئەوەی سیزیف سزاکەی لەسەر هەڵدەگیرێ، ئەوا پشت بە تاوێرە بەردەکە دەدات و ڕادەکشێت. بیر دەکاتەوە و تێدەگات لەپێناو شتێک ژیاوە ئێستا تەواو بووە و وەستاوە.

بۆیە بەردەوامبوون ئەگەر پووچیش بێت کۆتاییەکەی تەنیا ژیانکردنە لەپێناو هیچ. بەمە سیزیف خۆزگە بە بەرزی تەپۆلکەکە

دەخوازێ کە دوو هێندەی ئێستا بوایە وە قورسی تاوێرەکەش زۆر لەمە زیاتر بوایە بۆ ئەوەی هەر بەردەوام بووایە.

دوای سەرکەوتن سیزیف بە بیرۆکەیەکی تر هەوڵی ژیان دەدات بۆ بەردەوامبوونی چالاکییەکانی لەپێناو شتێکی تر، ئەویش ( ژیان لەپێناو مردندا )، واتا بەردەوامبوون تا مردن. سیزیف بە بەردەوامی ئەو ماوەیە خووی بە ژیانێکی پووچەوە گرت، بۆیە تەنیا دەیەوێت بەردەوام بێت و نەوەستێت لەچالاکییەکانی. وە ئەم خووەی ئێستا هەیەتی لەپێناو خەیاڵێکی هیچدا تەنیا هیوایەکە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، کە بە مردن کۆتایی دێت. بۆیە سیزیف لەپرێکدا تاوێرە بەردەکە غلۆر دەکاتە خوارەوە و بەهەمان شێوەی جارانی بەردەوام دەبێت تا مردن.

لێرەوە شاکارەکەی ( کامۆ ) لە ئەفسانەی پووچی کامڵ دەبێت و کۆتایی دێت بەهۆی درککردنمان بەو پووچییەی، کە هەڵبژاردەی خۆمانە. بەمەش کامڵبوون دەبێتە شتێک، کە هەردوو باری ژیان و مردن هەڵبگرێت. هەر چەندە پووچیش بەشە دانەبڕاوەکەی ژیانە، کە بە هۆی مێژووی ئەفسانەوە هەر بەردەوام دەبێت.

بەهەمان شێوە لە ئەفسانەی سەرمایەداریدا هەوڵی سیزیف دەبینرێت. مرۆڤەکان (دەمرن لەپێناو ژیاندا) وە لە بەدەستهێنانی سەرمایە لە دوا هەوڵی زانینی پووچیەکەی هەر بەردەوام دەبێت.

ئەمجارە بە بیرۆکەیەکی تر (ژیان لە پێناو مردندا) وە لە کۆتا هەوڵیشدا هەر بەردەوامی بە پووچیەکەی دەدات ئەگەر هیچیش بێت.

لەم ڕۆژگارەش ئەگەر مرۆڤەکان دیانەوێت پووچ نەبن، دەبێت ژیان و مردن لەپێناو شتێک بێت، کە باشترین بێت بۆ هەمووان. واتا بوونم دەبێتە ئەو شتە کە پێویست بێت بۆ هەمووان. جگە لەمە هەموو مرۆڤەکان بەم تێڕوانینە ژیان دەکەن، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەژێر سێبەری سەرمایەداریی خەیاڵی بۆ دەکەن.

مرۆڤەکان خەیاڵی چیی دەکەن؟

هەموو مرۆڤەکان بە غەریزە داتەپیوەکەی ناوەوەیان بیر لە بەرزبوونەوە دەکەنەوە. بە هەوا و هەوەسێکی پیس بێ هیچ تەکنیکێک تەنیا بە خەیاڵ دەیەوێت بەرز ببێتەوە بە سەر مرۆڤانێک، کە بە تکا و پاڕانەوە، حەز و ویست و غرووریەکەی ڕابگرن. ئەمە ناوەوەی هەموو مرۆڤەکانە، کە هەڵگری حەز و خولیایەکی خواوەندانەیە. بۆیە هیچ لە مرۆڤەکان ناگەن بە قۆناغی لێک تێگەیشتن ئەگەر ئەم غرووریە بوونی هەبێت. چونکە مرۆڤانێک دەیانەوێت وەک مرۆڤ سەیر بکرێن، ئەوانی تریش وەک خوداوەند. قۆناغی لێک تێگەیشتن دوایین قۆناغی مرۆڤایەتییە، کە لە دەرئەنجامی هەموو قۆناغەکانی ڕابردوو بە هۆی شکست و

نەهامەتییەکانی مرۆڤ و دڕندایەتیەکەی بە قیمەتی کەمتر لە ئاژەڵ لێی دەرچووە. بۆ گەیشتن بەقۆناغی لێک تێگەیشتن دەبێت هەموو مرۆڤایەتیی دان بە مرۆڤبوونی خۆی و بەرامبەرەکەی دابنێ، تا بە قیمەتی مرۆڤ بگات بە قۆناغی "مرۆڤبوون".

تا ئەم ئاستە مرۆڤ لافی گەورەیی لێ دەدات، کە ئاستی خوداوەندبوونە. وە هیچ قۆناغێکیش بەناوی مرۆڤەوە بوونی نییە. چونکە تا ئەمڕۆ نەبۆتە مرۆڤ، هەر لە ڕەوتی گەشەسەندن و قۆناغی پەرەسەندن دایە، هەر یەک لەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەریوە هەر لە سەرەتاوە تا دەچێتە کۆیلەداری و دەبێتە دەرەبەگایەتی و قۆناغەکانی کۆمۆن و سەرمایەداری دەبڕێت، ئەوا لەهیچ کام لەم قۆناغانە وەک مرۆڤ، بوونی نەبووە.

لە هەندێک قۆناغ شێوەیەکی هەبووە، جگە لە دڕندەیەک وەسفێکی تری ناکرێت، تا دەگاتە کۆتا ئاستی ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین. نەک بەرەو مرۆڤبوون دەڕوات، بەڵکو لە بنەماکانی ئاژەڵداری لا دەدات، چونکە بە بەراورد بە بنەماکانی ئاژەڵداری، ئاکاری مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە سەرەتای دروستبوونی، کە لەسەر حەزو ویست و مانەوەی خۆی هیچ شتێک نابینێت تەنیا خۆی نەبێت. بەڵام لە ئاژەڵدا بنەماکان نەگۆڕن تا کۆتاییان لەسەر ئەو سیفەتەی کە دروست کراون و

گەشـــەیان کردووە، جگە لە شـــێوە و قەبارەیان هیچ گۆڕانێکی تر نابینن.

بۆیە مرۆڤـایەتـیی ئەمڕۆ لە قـۆنـاغـی تـێـپەڕیـن دایە لە سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی مرۆڤبوون هەڵبەتە ئەگەر بیەوێت.

ســەرمایەداران هیچ کاتێک دەســتبەرداری ســەرمایەکەیان نابن لەپێناو هیچ شتێک ئەگەر مرۆڤایەتیش بێت. ئەگەر لە نێوان هەموو مرۆڤـایەتی و ســـەرمـایەکەیـان هەڵبژاردەیەک هەبێـت، ئەوە بە دڵنیاییەوە ســەرمایەکەیان هەڵدەبژێرن. ســەرمایەداران لە ســیفەت نەگۆڕن، بەڵام لە شـــێوە هەمەجۆرن. زۆر جار بە چەند شـــێوە دەردەکەون ئەگەر پێویست بکات بۆ پاراستنی سەرمایەکەیان دەبن بە ســۆزێک بۆ نەوەیەک یان لەشــێوەی ئایین یانیش لە شــێوەی نەتەوە بۆ دەوڵەت خۆیان دەگۆڕن. بەمەش زۆرینەیەک لە (گەل) دەکەونە داوی سۆز و چاوچنۆکی حەزی خۆیان، کە بە نەدارییەوە بۆ شــێوەی ســەرمایەدار دەگۆڕێن، تا دەگاتە ئاســتێک زۆرینەیان بە مشتێک نان بە هەواو هەوەسی سەرمایەداری و غەریزەی بەرزبوونەوە بیر دەکاتەوە. ئەمانەش هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ دەسەڵات و ســـەرمایەدارێکی گەندەڵ، چونکە ئەمانە دەبنە پاڵپشـــت و درێژی ماوەی ئەم قۆناغەی، کە هۆکارەکانی بنەقاقای میللەت دەگرێت و نیشانەو مەرجە مەترسیدارەکانی ئەم قۆناغەی تێدا دەردەکەوێت.

نیشانە و مەرجە مەترسیدارەکانی سەرمایەداری چین؟

کاتێک کەسانێک لەهەوڵەکانی ماف و دادپەروەری خۆیان دەبوێرن بە پاساوی ئەوەی شایەن نەبوونی کەسانێک یان بە قەولی ئەوەی ئەگەر شتێک بۆ من نەبێت کە ماوم، ئەوا پێویستە بۆ کەسانی تریش نەبێت.

بەمەش بێئاگان لەوەی دەستبەرداربوون لە هەر مافێک وەک ئەوە وایە کە دەستبەرداری پەتێک بێت لە بەرزاییەکدا، کە بۆ پارێزبەندی ژیان و مانەوەی هەمووان داندراوە.

لێرەدا مرۆڤەکان بێ بەرامبەر دەستبەرداری ژیان دەبن بۆ کەسانێک. وە دەبنە ڕێگە خۆشکەر بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە لەنێو کۆمەڵگە بۆ هەڵوەشانەوەی تەواوی کۆڵەگەکانی ژیان. وە بۆ ڕێگریکردنی ئەم پەتایەش دەبێت ڕەچاوی قۆناغێکی نوێ بکرێت، کە بەدەربێت لەم ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر هەمان هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و بازرگانی جیهانییە.

"بزاڤێکی دژ بە سەرمایەداریی لە گەشەکردن دایە، بە ئامانجی ئەوەی بەر بە تێکدانی ژیانی ملیۆنان کەس لە سەرانسەری ئەم هەسارەیە بگرێت. ئەم بزاوتە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو لە شاری سیاتڵ بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرییانە خۆی پیشاندا و

پاشـان لە شـوێنی تر و بە دەیان هەزار کەس ناڕەزاییان دەربڕی و بەم کردارەیان سـیاسـەتەکانی سـندوقی دراوی نێودەوڵەتی International Monetary Fund و بـانکی جیهـانی World Bank و ڕێکخراوی بـازرگـانی جیهـانی World Trade Organisation یان ئاشـکراتر کرد. ئەم ڕێکخراوانە بۆیە کرانە ئامانج چونکە ڕێ و شـوێنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەسەر وڵاتاندا دەسەپێنن کە کاولبوون و داڕوخانیان لێ دەکەوێتەوە .

ئەو زەبرەی سـندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە خەڵکی ئاسـیا دەوەشـێنێ مەسـەلەیەکی زۆر ترسـناکە.. ڕۆژانە نۆزدە هەزار منداڵ لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو ( وڵاتانی جیهانی سێهەم )دا دەمرن، چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە دەبێ لە پاراسـتنی باری تەندروسـتیدا خەرج بکرێ، بۆ دانەوەی قەرز دادەنرێ. سـندوقی دراو و بانکی جیهانی چاودێری جێبەجێکردنی ( پرۆگرامەکانی چاکسازی بونیادی ) دەکەن، کە ئەوەندە لێپرسـراوە لە مەرگی ئەو نۆزدە هەزار منداڵە تا ڕادەی ئەوەی دەمی هەر منداڵێک لوولەی تفەنگێکی تێکرابێ و دەست بە پەلەپیتکەکەشیدا بنرێ.

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دەسـتی لە مردنیشـدا هەیە، چونکە یاسای بە ڕواڵەت بێتاوان بەسەر وڵاتاندا دەسەپێنێ سەبارەت بە (

لەبەرگرتنەوەی ژیرانە ) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە ئەو وڵاتانە ناتوانن خۆیان داوودەرمان دروســـت بکەن و بە نرخێکی هەرزان بە خەڵکی بفرۆشن. لە جیاتی ئەمە دەبێ ( ڕێپێدان ) لە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی ڕۆژئاواوە وەرگرن، کە نرخەکانی خەڵکانێکی زۆر پێیان نادرێ.

دەرئەنجامیش ملیۆنان کەس لە ئەفریقیا، ئاســـیا و ئەمەریکای لاتین بەهۆی ئەو نەخۆشییانەوە دەمرن، کە چارەسەرکردنیان هەیە. لەوانەش وەک نەخۆشـــییەکانی ســـیل، مەلاریا، کولێرا، HIVی (ئایدز).

ئامانجی ئەم نامیلکەیە لەوەدایە پێمان بڵێت بۆچی پێویســتە لە دژی ســـندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بــازرگــانی نێودەوڵەتی بزووتنەوەیەک ڕێــک بخەین و هەروەهــا بەربەرەکانێی تەواوی ســیســـتەمی ســـەرمایەداریش بکەین، کە بە ملیۆنان کەس دەکاتە قوربانی قازانجەکانی خۆی.

ســـنـــدوقی دراوی نێودەوڵەتی چییە؟ International Monetary Fund

ســـنـــدوقی دراوی نێودەوڵەتی و بـانکی جیهـانی هەردووکیـان لەساڵی ١٩٤٤ دا دامەزراون. بە مەبەستی گەشەپێدانی بازاڕی ئازاد و چاودێریکردنی ئابووری جیهانی بە شێوەیەک، کە لە بەرژەوەندیی

وڵاتە هەرە دەوڵەمەنـــدەکـــانی جیهـــان و بەتـــایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بێت.

وڵاتان لە ســـندووقی بازرگانی جیهانی بەپێی قەبارەی ئابووریان مافی دەنگدانیان هەیە نەک بەپێی پێویســــتی گەلەکەیان. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٥% ی کۆی دانیشتوانی جیهانە کەچی لە ١٧% ی دەنگەکـانی لەنـاو IMF دا هەیە. هەر حەوت وڵاتی پیشەسازی ناسراو بە G٧ یش کە خاوەنی ٤٥% ی دەنگەکانن بە ئاسانی دەتوانن بەپێی سیاسەتی خۆیان دەنگ بدەن. ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ بـانکی جیهـانیـدا قـازانجێکی زۆر زیـاتر وەردەگرن لەو بڕە پارەیەی، کە بە قەرز داویانە بە وڵاتان.

بانکی جیهانی چییە؟ World Bank

بانکی جیهانی قەرز دەبەخشـــێت بە پڕۆژە ژێرخانییەکانی وەک: ڕێگەوبان، بەنداو و وێستگەکانی وزە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەم بانکە بە هاریکاریی ســــندووقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزی بە پڕۆژە بونیادییەکانی چاکســازیی بەخشـیوە. ئەم دوو ڕێکخراوە بڕی ئەو قـازانجەی لە بەرامبەر قەرزەکـانی وەری دەگرێتەوە زیـاترن لە بڕی ئەو قەرزانەی کە داویانە. زۆرینەی ئەو قەرزانەی ئێســـتا ئەم دوو ڕێکخراوە دەیدەن بە هەندێک لە دەوڵەتان هەر لەو قازانجەوە هاتووە، کە لەو وڵاتانەیان وەرگرتەوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٢

بانکی جیهانی و بانکی دراو لە پێشـــــەوەی لیســـــتی ئەو وڵاتە گەشەسەندووانەوە دەهاتن، کە قازانجی ئەو قەرزانەی وەریان دەگرت بڕی ٣, ٧٧١ بلیۆن دۆلار بوو. لەســـەرووی ئەوەشـــەوە ٨٩١ بلیۆن دۆلاریشیان وەرگرتۆتەوە.

لەم ماوەیەدا هەژارترین وڵات، زیاتر لە ســــێ جار بڕی قەرزی ســـاڵی ١٩٨٠ یان داوەتەوە، کەچی لە کۆتاییشـــدا ســـێ ئەوەندەی یەکەمین جار قەرزار بووەتەوە. هەر وەکو بارتن بریگزی Barton Briggs بەڕێوەبەری کۆمپانیای (مۆرگن ســـــتانلی) Morgan Stanley ی دراوی دەڵێ: دوو ســـەت ملیۆن کەســـی ئەمەریکای لاتین لە دەیەی داهاتوو ئارەقە لەبەردەم تیشکی هەتاودا دەڕێژن بۆ خاتری ئەوەی (ســـیتیکۆپ) Citicop بتوانێ لەماوەی ســـاڵێکدا دوو جار نرخی سوودەکانی خۆی بەرزبکاتەوە.

ڕێکخراوی بـــازرگـــانیی جیهـــانی چییە؟ World Trade Organisation

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزرا، بە مەبەستی سەپاندنی بازاڕی ئازاد لەســـەرانســـەری جیهاندا، کۆمیتەی دادوەریی بازرگانی نێودەوڵەتی، کە ڕێکخراوێکی زۆر شاراوەیە، دەتوانێ گەمارۆ بەسەر هەر وڵاتێکدا بسەپێنێ، کە مل بە داواکارییەکانی نادات.

پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکسازیی چین؟

هیچ وڵاتێکی هەژار ناتوانێ قەرز لە ســـــندوەقی دراو یان بانکی جیهانی وەرگرێ تا مل بۆ پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکســـــازی کەچ نەکات. ئەم چاکســـــازییانە ڕێگە دەکەنەوە لەبەردەم کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکــان و گۆڕینی کەرتی دەوڵەتی بۆ کەرتی تــایبەت و نــالەبــاربوونی مــافەکــانی کرێکــاران و کرێ و هەلومەرجی کــار و سەپاندنی بەسەر پێویستییە گشتییەکاندا. هەروەها سەرنەکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەم ســیاســەتانەدا بە واتای پەســەند نەکردنی دانی قەرزە لەلایەن سندووقەکەوە. ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی سەپاندنی نرخ و کرێ بەســەر کەرتی تەندروســتی و فێرکردندا، ســەتان هەزار کە سی ناچار کرد بەوەی لە سەر کارەکانیان دەرکرێن و پیشە سازی خۆجێیەتیش بپووکێتەوە. هەروەها ئەم ســیاســەتانە ڕێیان خۆش کرد بۆ دابەزینی ئاســـتی چاودێری تەندروســـتی و بەرزبوونەوەی ڕادەی مردنی پێگەیشــتوان لەئاســتێکی بەرفراوانی وڵاتانی جیهانی ســێیەم دا. خەســتاخانە گشــتی و تیمارگەکانی نیمچە بیابانەکانی ئەفریقیا و بە شێک لە ئەمەریکای لاتین و ئا سیا بوونە ناوەندێک بۆ گەشــەســەندنی نەخۆشــییەکان. لەوەتەی ســندوقی دراو ســیاســەتە چاکســازییەکانی خۆی لەســاڵی ١٩٩٠ وە لە زیمبابوی ســەپاندووە، ڕێژەی ســەتیی خەرجی تەندروســتیی بۆ هەر تاکێک بە ڕێژەی ســێ — یەک دابەزیوە.

کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی، کە سندووقی ناوبراو هۆکاریەتی، وای کردوە ئایدز بە شێوەیەکی ترسناک زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا بگرێتەوە. خوێندن لە زۆرێک لە وڵاتانی قەرزاردا تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەم دەستەبەرە، ئەویش بە هۆی ناچارکردنی خوێندنگەکان بەوەی کرێ وەربگرن، کە ئەویش دیسانەوە هەر لەلایەن سندووقی دراو سەپێنراوە. هەروەها لەوەتەی سیاسەتەکانی سندووقی دراو سەپێنراوە، کرێی ڕاستەقینەش لە زۆربەی وڵاتە ئەفریقیەکاندا بۆ ئاستی ٥٠ — ٦٠ دابەزیوە. پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکسازیی ئەوەندە نامۆن، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ناوی ( کەمکردنەوەی هەژاری و ئاسانکاریەکانی گەشەسەندنی ) لێ ناون. لەلایەن خاوەن بانکەکانەوە برسیی کراون.

ڕێکخراوی خێرخوازی OXFAM پێیوایە کە ١٠ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕووی کەمخۆراکییەکی سەخت بوونەتەوە. قەیرانی هەرە گەورەش لە (چیای ئەفریقیا) دایە، کە هەردوو وڵاتی ئەسیوپیا و ئەریتریا دەگرێتەوە. لێتوێژینەوەیەکی ساڵی ١٩٩٩ لە چیای ئەفریقیا ئەوە نیشان دا کە :

- نیوەی دانیشتوانی ڕۆژانە بە کەمتر لە ٦٦ پێنس دەژین.
- لە کۆی ١٠ کەس، نزیکەی حەوت کەس بە دەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن.

- له سێ بەش، دوو بەشی دانیشتوانەکەی توانای نووسین و خوێندنەوەیان نییە.
- نیوەی ئەو منداڵانەی، کە تەمەنیان لە ژێر ٥ ساڵانەوەیە، کێشیان لەخوار ئاستی پێویستدایە و ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ هەزاریان لێ دەمرن.

ئەسیوپیا هەفتانە ١,٢ ملیۆن پاوەند بۆ خاوەن بانکەکان دەنێرێ، وەک ڕاپەراندنی ئەرکی ئەو ١٠ بلیۆن پاوەندەی قەرزارە.

ئایا سیاسەتەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی یارمەتیی گەشەسەندنی ئابووری دەدەن؟

دوای ئەوەی لێتوێژینەوەیەک لەسەر ٧٦ وڵات ئەنجام درا کە (بەرنامە بونیادییەکانی چاکسازی) سندووقی دراو جێبەجێ دەکەن، دەرکەوت کە تەنیا چوار وڵاتیان توانیویانە بە شێوەیەکی گونجاو پرۆسە ئابووریەکانیان بگەیەننە شوێنی مەبەست.

لە ئەمەریکای لاتین، ڕاپەراندنی ئەرکی قەرزەکان لە هەشتاکاندا بووە هۆی لەدەستدانی سێ – یەکی دەستکەوتی هەناردەکان. لە کاتێکدا زۆر لەو وڵاتانە لە کۆتایی هەمان دەیەدا زیاتر قەرزدار بوون وەک لەسەرەتای دەیەکەدا. ئێستا ئاستی بژێوی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس، واتە ٢٠٪ دانیشتوان لەخوار هێڵی هەژارییەوەیە.

قەرزەکانی فریاکەوتن چین، کە بەڵێنیان پێدراوە؟

قەرزەکانی فریاکەوتن بەڕێوەن، بەم شـــێوەیە زۆربەی میدیاکانی جیهان لە پاش کۆبوونەوەی کۆمەڵەی وڵاتە پیشەسازییەکان، کە بە G٨ ناســـراون، لە حوزەیرانی ســـاڵی ١٩٩٩ باســـیان لێوە کرد، لە ڕاستیدا G٨ بەڵێنی دابوو بەوەی، کە ئەو قەرزانە بداتەوە. بەمەش وەڵامی هەڵمەتی گەورەی دژ بە قەرزیـــان دابۆوە، کە ڕێکخراوێکی وەک ٢٠٠٠ Jubilea یش تێیدا بەشـــدار بوو. لە بەریتانیا وەزیری دارایی (گۆردان بروان) GordonBrown وەک پـــاڵەوانێکی پارا ستنی قەرزەکانی فریاکەوتن نا سێنرا. تەنانەت ٢٠٠٠ Jubilea یش دەســتخۆشــی خۆی لە G٨ کرد لە بردنە ســەری بەڵێنەکەیان. بەڵام قەرزەکانی فریاکەوتن تەنیا بە چەند وڵاتێکی کەم دران. ئەمە لە کاتێکدا دانی قەرزەکانیش مەرجدارە بەوەی، کە ئەو وڵاتانە مل بۆ مەرجەکانی ســـــندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی کەچ بکەن. هەر دوای ســـــاڵێک ئیدی هیچ وڵاتێکی تر پوولێکیشـــــی لەو قەرزە بەڵێن دراوانە وەرنەگرت.

"زەی ئارلیۆ ZieArlyo ی ســـــەر بەتۆڕی قەرزیی ئۆگەندی ڕوونی کردەوە، کە دەســتپێشــخەریی قەرزی فریاکەوتن بۆتە یەکێک لە ســکانداڵەکانی ســەدەی بیســـت و یەک، ئەو قەرزە پڕ لە فێڵ و تەڵەکەیە."

ئەم ســـیســـتەمە و دەرهاوێشـــتەکانی هەوڵێکە بۆ لەباربردنی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆ ڕێگریکردن لەو سیستەمەش دەبێت مەرجی دروستبوونی ڕێگەیەک بێت کە مرۆڤ تێیدا بەرهەم بێت نەک شتێکی تر. بۆیە ئەرکی هەریەکەمان پاراستنی سروشتی مرۆڤبوونیەتی وە جیاوازیش لەگەڵ سیاسییە لادەرەکان ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت لە یەک کاتدا هەم مرۆڤ بن، هەم ئاژەڵ. وە سروشتیی ئاژەڵیان بە سروشتێکی گەورەتر لەمرۆڤ دەشارنەوە، بەمەش تیۆری "هاوشێوە" گونجاو دەبێت بۆ ڕامالینی ئەو شێوەی، کە لەسەر بابەتێکی هەستی بە ناوی نەتەوە و ئایین و پیرۆزی کەسییەکان دروستی دەکەن لە شکڵی مرۆڤ. تیۆری هاوشێوە دەبێت ئایدۆلۆجیایەک بێت بەشێوەی تێکەڵ و پێکهاتن لەهەر خاڵێکی پێویستی بە هاوبەشی بەکاربێت. ئەگەر هەریەکەیان لە بەشێکدا لە خزمەتی دروستکردنی شێوەیەکی مرۆڤ بێت، ئەوکات مرۆڤێکی تەواو دروست دەبێت. بۆیە ناکرێت هیچ ئایدۆلۆجیایەک بە تەنیا وەبگرین بۆ خزمەتکردن و دروستکردنی مرۆڤێک، چونکە بە تەنیا بەشی ئەو هەموو بیرۆکەیە ناکات، کە لە مێشکێکدا هەیە. ئەوکات هەر ئایدۆلۆجیایەک بە تەنیا بوارێک دەڕەخسێنێ بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکەی بەمەش هەریەکەیان بە ناتەواوی لە بەرەیەکدا سەنگەر لە ئایدۆلۆجیایەکەی تر دەگرێت و دژایەتی بەردەوام دەبێت.

بەڵام لە تیۆری هاوشـــێوە، کە هەموو ئایدۆلۆجیایەک لەخۆ دەگرێت ئەوا مرۆڤێک دروســـت دەبێت لەو قۆناغەی، کە هەموو ئایدۆلۆجیایەکی قبووڵ بێت بێ جیاوازیی خستنەسەر دژایەتی هیچ بیرۆکەیەکی تر. بەمەش هەموو بیرۆکەیەک لە بیرێکدا کۆدەکەینەوە بێ جیاوازی. وە خاڵی هاوبەشی نێوان ئایدۆلۆجیاکان دەدۆزینەوە و دەیکەینە بنەمایەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو لێکدژیەی نێوان بیرەکان. کاتێک بیروڕاکان خاڵی هاوبەشی یەکتر دەدۆزنەوە ئەوا هاوشێوەیەک دروست دەبێت لە دوو ڕووی لێکچوو و دژیەکدا، کە ئەم دژانەش لە تێڕوانینەکانی مێژوودا بۆ یەکتر ماونەتەوە. بۆیە دەکرێت خاڵە دژەکانی هەریەکە یان لابەرین ئەگەر لە ئامانجێک هاوبەش بن وە جیاوازیشـــیان تەنیا لەســـەر چۆنیەتی شـــێوەی کارو وســـفەکەی بهێڵینەوە. واتا تەنیا لە وەسفکردنی ئامانجە هاوبەشەکەیان جیاواز دەبن.

بۆیە دادپەروەریی ڕوحی هەموو ئـــایـــدۆلۆجیـــایەکە. مزگێنی سەرکەوتنی هەریەکەیانە لەداهاتوو، بەڵام بە مەرجی جێبەجێکردنی.

گرنگی تیۆریش لەمەدایە، کە توانای پراکیتکی هەبێت لە ڕووی دادپەروەرییەوە. هەر تیۆرێکی سیاسی ئەگەر توانای جێبەجێکردنی گشـــــت چەمکەکانی تری هەبێت جگە لە دادپەروەری ئەوا نابێتە پراکتیک و هەر بە تیۆر دەمێنێتەوە و ســـــەرکەوتوو نابێت. واتا

ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنیش ناتوانێت بەردەوام بێت، لە کاتێکی کەمدا دەتوێتەوە.

کاتێک دادپەروەریی دەبێتە ئامانج هەردوو ئایدۆلۆجیای سۆسیالیزم و ئاین دەردەکەون بە تایبەتی "ئیسلام" بەڵام ئاینێک لە شێوەی کارکردن نەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی، کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بەکارهاتوون. چونکە ئەم کەرە ستانە هۆکاری دروستبوونی پێویستی سەردەمەکەن. بۆیە ئێستا پێویستی دروستبوونی کەرەستەیەکن، کە بۆ ئێستا شیاوە ئەمەش لافی گەورەیی ئایینەکە و گونجان و هاتنی بۆ هەموو سەردەمێک دەسەلمێنێ. بۆیە دەقی ئایینەکە دەبێت بگەڕێتەوە سەر شێوازی بەرهەمهێنانی جۆری کەرەستەکان، کە کەرەستەیەکی نوێ بە بنەمایەکی دادپەروەریی بۆ ئەمڕۆ بەرهەم بێنێت. ئێمە لێرەوە دەمانەوێت شەڕێک بۆ دادپەروەریی بەرپا بکەین ئینجا بەهەر ڕێگە و ئایدۆلۆجیایەک بێت. لاریمان نییە، گرنگ ئامانجی کارەکەیە، کە دادپەروەرییە. چونکە بەجێهێنان و بەدەستهێنانی دادپەروەریی بە هەر ڕێگەیەک شایەنی پاراستن و ڕێگەی ڕاستەقینەیە. بەڵام هەر ڕێگەیەک ئەنجامی کارەکەی لە جێبەجێکردنی دادپەروەریی نەبوو ئەگەر ئایینیش بوو، دەبێت پشتی تێ بکرێت و ڕاستەقینە نییە. بۆیە هەر کارێک لە ئابڕووەوە سەرچاوەی گرت دەبێ کۆتاییەکە شی

ئابڕومەندانە بێت.

ئێمە دوو ئایدۆلۆژیای جیاواز لە ڕووی ڕێچکەوە هەڵدەبژێرین، کە شـــێوازو تێڕوانینیان بۆ گەیشـــتنی ئامانجەکە جیاوازە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئامانجەکە هاوبەشن ئەویش "دادپەروەرییە".

"ئیســـلام" دەق و تێڕوانینێکی گرنگی ئیلاهییە بۆ دادپەروەریی بەبێ جێبەجێکردنی دادپەروەریی حیکمەتی بوونی نـامێنێـت بۆ پەرستنیش دەبێتەوە تیۆر نەک جێبەجێکار.

بە هەمان شێوە "سۆسیالیزم" فەلسەفەیەکی بوونی ماتریالیست لە ســـیاســـیەت بۆ هەوڵی دادپەروەری هـاتۆتە بوون جگە لە جێبەجێکردنی دادپەروەریی دەبێتەوە شتێکی هیچ لە بووندا.

ئەم دوو ئایدۆلۆجیایە بە کەرەســـتە و شـــێوازی تایبەت لە ئامانجێکی هاوبەش بە تێڕوانینی جیاواز لە خالێکدا کۆ دەکەیەنەوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕێک لە پێناو دادپەروەری.

بۆیە ئایینی ئیســـلام هیچ پێناســـە و وەســـفێکی ناوێت تەنیا ناســـاندنی لە ئێســـتادا دیموکراســـییەتە، کە دەبێتە "دیموکرات ئیســـلام"ی ئەم دوو چەمکەش پێکەوە "دەســـتوور"ە، کە ئەم دەســـتورەش هەموو جوانییەکـانی مرۆڤ بێ جیـاوازی ئەتنی ئـاینیەکـان هەڵـدەگرێـت، کە جێبەجێکـاران هەوڵی گەڕانەوەی ســـەرەتای دەرکەوتنی ئایینەکە نادەن بەڵکو هەوڵی گونجاندێک

**دەدەن بۆ ئەم سەردەمە کە "سۆسیال دەستوور"ە.**

# پێویستی نەتەوەیەك

میشـــــێل فۆکۆ لە کتێبی (دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت) دەڵێت:

"پێم وایە بە دیاریکراوی بەتایبەت لەســــەدەی هەژدەهەمدا ئەوە گوتــاری مێژوو بوو، کە جەنگی کرد بە فــاکتەرێکی بنەڕەتی و تایبەتیی شــیکردنەوەی پەیوەندییە ســیاســییەکان. کە وایە، ئەوە گوتاری مێژوو بوو، واتە نە گوتاری یاســـــا بوو نە گوتاری تیۆری ســـــیاســـــی (بە تیۆرەی گرێبەســــــتەکانی و دڕندەییەکانیەوە، بە دارستاننشـین و مێرگنشـینەکانیەوە، بەدۆخە سـروشـتییەکانی و بە جەنگی هەمووان دژی هەموانەکـانیشـــــیەوە ...هتـد)، بەڵکو ئەوە گوتاری مێژوویی بوو، نەک هەموو ئەوانە، بۆیە ئێســــتا دەمەوێ ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە چۆن بە شـێوەیەکی پارادۆکسـئامێز، توخمەکانی جەنگ، کە پێکهێنەری شیاوی تێگەیشتنی مێژوویی بوو لە سەدەی هەژدەهەمدا، لە شۆڕش بەدواوە، ئەگەر بە تەواوەتی لە گوتــاری مێژوویی وەدەر نەنرابێـت، ئەوە لایەنی کەم تیـایـدا کەم کراوەتەوە و ســــــنووردار کراوەو زەوت کراوە و بێـدەنـگ کراوە و پەراگەندە کراوە. بەمانایەکی دیکە دووبارە بار هێنراوەتەوە و ئارام کراوەتەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی، دوای هەموو شــتێک، ئەوە مێژوو

بوو (جا بۆ لانڤیلی یان بوات نانســـی گێرابێتیانەوە جیاوازیی نییە) کە مەترسییەکی گەورەی خستە بەرچاو: ئەو مەترسییە گەورەیەی کە ئەگەری هەبوو ڕووبەڕووی جەنگێکی بێکۆتــاییمــان بکــاتەوە. جەنگێکی گەورە، کە هەموو پەیوەندییەکانمان — جا هەر چییەک بێ — هەمیشـــــە لەژێر چەپۆکی هەژموونیدا بێت. ئەو مەترســـــییە دوولایەنە بوو — واتە جەنگێکی بێکۆتــایی وەکو بنــاغەی مێژوو، دووەم پەیوەندییەکانی هەژموون وەکو ڕەگەزێکی ســـــەرەکیی مێژوو — کە لە گوتاری مێژوویی سەدەی نۆزدەهەمدا، کەم بۆوە و شکاو بوو بە مەترســــــییەکی نــاوچەیی و ئەڵقەی راگوزەر، هەروەهــا لە فۆرمێکی قەیران و توندوتیژیدا تۆمار کرا. من پێم وایە، گرنگترین شت بریتییە لەو ڕاستییەی کە ئەو مەترسییە دواجار ئارام دەبێتەوە و دەڕەوێتەوە، هەڵبەت نەک بە مانای هاوسەنگکردنەوەی ئەو چاکە و هەقیقەتەی، کە مێژوونووســـانی ســـەدەی هەژدەهەم دەیانویســـت بیدۆزنەوە، بەڵکو بە مانای ئەوەی، کە ئاشـــتی و ئاشـــتەوایی دێتە دی.

من پێم وا نییە ئەو گەڕانەوەیە بۆ کێشـــــەی جەنگ لە گوتاری مێژووییدا زادەی چاندنەوەی ئەو شتە بێت یان زادەی چاودێریکردنی فەلسەفەی دیالێکتێکی بێت. من پێم وایە ئەوەی ڕوویدا شتێک بوو وەک دیــالێکتیکیزەبوونی نــاوەکی یــان دیــالێکتیزەبوونی زاتەکیی

گوتـــاری مێژوویی. ئەوەش پەیوەنـــدییەکی ڕوون و ڕەوانی بە بۆرژوازیبوونەوە هەبوو. جێگۆڕکێیەی (هەڵبەت ئەگەر نەڵێین پووکانەوە) ڕۆڵی جەنگ لە نێو گوتاری مێژووییدا، چۆن ئەم جارە پەیوەندییەکانی جەنگ— کە لە گوتاری مێژووییدا پەیوەندییەکی باڵادەست بوو — بە شێوەیەکی نێگەتیڤ و بە شێوەیەکی دەرەکی، دووبارە دەردەکەوێتەوە؟ چیتر ڕۆڵی جەنگ بریتی نییە لە پێکهێنانی مێژوو، بەڵکو ڕۆڵی جەنگ بریتییە لە پاراســــتن و ئاگاداربوون لە کۆمەڵگە. چیتر جەنــگ مەرجی هەبوونی کۆمەڵگە و پەیوەنــدییە سیاسییەکان نییە، بەڵکو هێشتنەوەی جەنگی ناوخۆیی دەردەکەوێ، کە کۆمەڵگە لەو هەڕەشــــە و مەترســــییانە دەپارێزێت، کە زادەی خودی جەســــتەی کۆمەڵگەن. بیرۆکەی جەنگی کۆمەڵایەتیی گەڕانەوەیەکی گەورەیە لە مێژووەوە بۆ بایۆلۆژیک، لەمەســــەلەی دروستبوونەوە (Constituent) بۆ مەسەلەی پزیشکی.

ئەمڕۆ هەوڵێک دەدەم ئەو پرۆســــەی خۆدیالێکتیزەکردنە باس بکەین، هەروەها تیشــک بخەمە ســــەر پرۆســــەی بە بۆرژوازیبوونی مێژوو و گوتاری مێژوویی. جارێ لە ڕابردوودا هەوڵمدا ئەوە بخەمە ڕوو کە چۆن و بۆچی، بۆرژوازیەت لە کایەی مێژوویی — ســیاســی ســــەدەی هەژدەهەمـدا، لە دۆخێکی دژواردا بوو. ئەوەشــــی بۆ دەرکەوت، کە بەکــارهێنــانی گوتــاری مێژوویی وەک چەکێـک لە

ململانێ ســـیاســـییەکاندا، ڕووبەڕووی ئاســـتەنگ و دژواریی زۆری دەکاتەوە. ئێســتا دەمەوێ ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە، کە چۆن ئەو ئاستەنگانە لەنێوچوون و لابران. دیارە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە بۆرژوازیەت لە هەندێک ساتەوەختدا بووە خاوەنی مێژوو یان دان بە مێژووی خۆیدا نا، بەڵکو بەهۆی شـــتێکی زۆر تایبەتەوە، واتە دووبارە پێکهێنانەوەی ســـیاســـییانە نەک مێژووییانەی ئەو چەمکە بەناوبانگەی، کە بریتییە لە چەمکی (نەتەوە)، ئەو چەمکەی پێشتر ئەریســـتۆکراتیەت لە ســـەدەی هەژدەهەمدا کردبوویە بابەت و زاتی مێژوو. ئەو ڕۆڵە و ئەو دووبارە پێکهێنانەوە ســیاســییانەی نەتەوەو بیرۆکەی نەتەوە بوو کە زەمینەی ئاڵوگۆڕێکی ڕەخســاند و جۆرێکی تازەی گوتاری مێژوویی هێنایە کایەوە. من دەقە بەناوبانگەکەی سـێیس سـەبارەت بە چینی گەل، ئەگەر وەکو خاڵی دەسـتپێکیش نەبێ ئەوە وەکو نموونەیەکی ئەو ئاڵوگۆڕە وەردەگرم. وەکو دەزانن ئەو دەقەی ســـێیس ســـێ پرس دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە: "گەل چییە؟ هەموو شتێکە. تا ئێستا چینی گەل لە سیستمی سیاسیدا چی بووە؟ هیچ. داوای چی دەکەن؟ دەیانەوێ لەو سـیسـتمەدا ببن بە شـتێک. ئەو دەقە هەم دەقێکی بەناوبانگە و هەم سـواوە. بەڵام ئەگەر کەمێـک وردتر و نزیکتر ســـەرنجی بدەین ئەوە کۆمەڵێـک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لەخۆیدا هەڵگرتووە.

سەبارەت بە نەتەوە، ئێوە دەزانن کە (بۆ کورتکردنەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو شتانەی کە پێشتر وتم) تێزی پاشایەتیی ڕەها برتییە لەوەی نەتەوە بوونی نییە، ئەگەر هەشبێ ئەوە مەرج و ئەگەر و یەکێتیی جەوهەریی بوونی خۆی لە کەسایەتیی پاشادا دەدۆزێتەوە. نەتەوە لەبەر ئەوە بوونی نییە، کە کۆمەڵێک خەڵک یان ئاپۆڕەی خەڵکێک هەن، کە لە شوێنێکی دیاریکراودا دەژین و یەک زمان و یەک نەریت و یەک یاسایان هەیە. ئەوە ئەو شتە نییە، کە نەتەوەی لێ دروست دەبێ. ئەوەی نەتەوە دروست دەکات و دەیهێنێتە کایەوە، پێکەوەبوونی تاکەکان لە پاڵ یەکتر نییە، چونکە ئەوان ئەگەر لە پاڵ یەکتریش بن هێشتا لە تاکەکەس زیاتر نین، تەنانەت یەکەیەکیش پێک ناهێنن، بەڵکو ئەوەی نەتەوە دروست دەکات بریتییە لەوەی ئەو تاکەکەسانە پەیوەندییەکی — یاسایی و فیزیکی — و تەنانەت جەستەییش لەگەڵ کەسێکی ڕاستەقینەی زیندوو دروست بکەن کە بریتییە لە پاشا. ئەوە پەیوەندیی فیزیکی — یاسایی جەستەی پاشایە لەگەڵ هەریەکێک لە خەڵکەکەیدا، کە جەستەی نەتەوە پێک دەهێنێت. یەکێک لەیاساناسان لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دەڵێ، "هەر زاتێکی تایبەت لەبەردەم پاشادا تەنها تاکە کەسێک دەنوێنێت"، نەتەوە هیچ جەستەیەک پێک ناهێنێت، نەتەوە بە تەواوەتی لە کەسایەتیی

پاشـــادا خۆی حەشـــار داوە، دژی ئەو دیدگایە بۆ نەتەوە — واتە نەتەوە تەنها شـوێنەوارێکی یاسـایی جەسـتەی پاشـایە، هەقیقەتی نەتەوە زادەی هەقیقەتی تاکەکەسی و بێهاوتای پاشایە- کاردانەوەی بەگزادەکان بوو کە فرەنەتەوەکان (لایەنی کەم دوو نەتەوەیی) لەو نەتەوەیە دەرهێنـا. لێرەوە کـاردانەوەی بەگزادەکـان، پەیوەنـدیی جەنـگ و هەژموونی لە نێوان ئەو نەتەوانەدا هێنـایە کـایەوە و پاشـاشـی کردە کەرەسـتەیەک لە کەرەسـتەکانی جەنگ و هەژموونی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەوە. ئەوە پاشا نییە، کە نەتەوە دروســـت دەکات، بەڵکو ئەوە نەتەوەیە کە لەپێناو ململانێ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، پاشـایەک دەهێنێتە سـەر تەخت. ئەو مێژووەی کە لەلایەن کـاردانەوەی بەگـزادەکـانەوە نـووســـــرایەوە، ئەو پەیوەندییانەی کرد بە تۆڕێکی شیاوی تێگەیشتنی مێژوویيانە.

بەڵام لەلای ســـێیس پێناســـەیەکی تەواو جیاواز بۆ نەتەوە دەبینین، یان پێناســـەیەکی دوولایەنە دەبینین. لە لایەک نەتەوە وەک دۆخێکی یاسایی یان تەشریعی لەقەڵەم دەدرێت. سێیس دەڵێ بۆ ئەوەی نەتەوەیەکمان هەبێت، ئەوە دەبێت دوو فاکتەرمان هەبێت: یاســایەکی هاوبەش، یاســادارێژییەکی هاوبەش. ئەوە ســەبارەت بە دۆخی یاســایی و یاســادارێژی. پێویســتییەکانی ئەم پێناســەیە کە یەکەمین پێنـاســـەی نەتەوەیە (یـا یەکەمین کۆمەڵەی مەرجە

پێویستەکانی دروستکردنی نەتەوە)، زۆر لەو پێناسەیە کەمترە کە لەلایەن پاشا ڕەهاگەرەوە کراوە — هەڵبەت ئەوە بەر لەوەی قسە سەبارەت بە نەتەوە بکەین- نەتەوە بۆ ئەوەی هەبێ، پێویستی بە پاشا نییە، تەنانەت پێویستی بە حوکوومەتیش نییە. نەتەوە بەر لە دروستبوونی حوکوومەت و بەر لە دەرکەوتن و لەدایکبوونی فەرمانڕەوا و بەر لەبوونی دەسەڵاتێکی ڕاسپێردراویش بوونی هەیە، بەڵام بەو مەرجەی یاسایەکی هاوبەش و دەستەیەک هەبێ، کە مافی یاسا دەرکردن و یاسادارشتنیان هەبێ، ئەو دەستەیەش بریتییە لە دەستەی یاسادارێژی. کە وایە، نەتەوە زۆر لەوە کەمترە کە پێناسەی پاشایەتیی ڕەها پێویستیەتی. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، نەتەوە زۆر لەوە زیاترە کە لە پێناسەی کاردانەوەی بەگزادەکاندا هاتووە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، هەروەها بە گوێرەی ئەو مێژووەی، کە لەلایەن بۆلانڤیلیۆوە نووسراوەتەوە، ئەوەی بۆ بوونی نەتەوەیەک پێویستە، بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە بەرژەوەندیی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، هەروەها چەندان شتی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە، وەک دابو نەریت، تەنانەت زمانیش.

بە قسەی سێیس، بۆ ئەوەی نەتەوەیەک دروست بکرێت، پێویستە یاسای ڕوون و ڕەوان و دەستەیەک هەبێ ئەو یاسایانە دەربکات. واتە دووانەی یاسا — یاسا دارێژ مەرجێکی فۆرمییانە و

بنەڕەتیی بوونی نەتەوەیە، بەڵام ئەمە تەنها قۆناغ و بەشی یەکەمی پێناسەکەیە. بۆ ئەوەی نەتەوە بمێنێتەوە و یاساکانی پەیڕەو بکرێن و یاسادارێژەکانی (نەک تەنها لەدەرەوەی نەتەوە، بەڵکو لەناوەوەی نەتەوەش) دانیان پێدا بنرێت، بۆ ئەوەی نەتەوە بمێنێتەوە و گەشە بسێنێت، هەڵبەت نەک تەنها وەکو هەبوویەکی یاسایی و ڕواڵەتی، بەڵکو هەبوویەکی مێژوویی، پێویستە چەندان توخم و پێشمەرجی دیکە بوونیان هەبێت، سێیس زۆر لەسەر ئەو پێشمەرجانەی دیکە دەوەستێت و سەرنجیان دەخاتە سەر. ئەو پێشمەرجانە بە جۆرێک لە جۆرەکانی پێشمەرجی گرنگی بوونی نەتەوەن و سێیس دابەشیان دەکاتە سەر دوو گروپ: گروپی یەکەمی ناو ناوە "کارەکان" وەک کشتوکاڵ و پیشەوەری و پیشەسازی و بازرگانی و هونەرە ئازادەکان. سەرەڕای ئەو گروپەی یەکەم، گروپێکی دیکە هەیە، کە ئەو ناوی لێناوە گروپی "ئەرکەکان" وەک، سوپا و دادوەری و کڵێسە و بەڕێوەبەرایەتییەکان. کارەکان و ئەرکەکان: بۆ لێکدانەوە و وەسفکردنی ئەو دوو گروپە پێویستییە مێژووییەی نەتەوە، دەتوانین دوو چەمکی زۆر وردتر بەکار بهێنێن، کە بریتین لە "ئەرکەکان" و "دەزگاکان". بەهەر حاڵ، خاڵی گرنگ بریتییە لەوەی لە ئاستی ئەرکەکان و دەزگاکاندایە، کە پێشمەرجی مێژوویی بوونی نەتەوە دیاری دەکرێ. کە سێیس لەم ئاستەدا ئەو شتانەی پێناسە

کردووه و بە پێناسەکردنی مەرجە مێژووییەکان وەکو پێویستییەکی یا سایی – ڕواڵەتیی نەتەوە، من پێم وایە سێیس ئاراستەی هەموو شـیکردنەوەکانی پێشـووتری ئاوەژوور کردۆتەوە، جا چ پشـتیان بە تێزی یا شایەتیخوازی بە ستبێت یان لە سەر هێڵی ڕۆسۆگەراییدا بن ( ئەمە یەکەمین خاڵە کە دەبێ باس بکرێت).

ڕاستییەکەی، کاتێک پێناسەی یاساییانەی نەتەوە پەرەی سەند، ئەو توخمانە چی بوون کە سـێیس وەکو پێشـمەرجی بنەڕەتیی بوونی نەتەوە لە قەڵەمی دان، واتە کشـتوکـاڵ، بـازرگـانی و پیشەسازی و ...هتد؟ ئەوانە پێشمەرجی بوونی نەتەوە نین، بەڵکو ڕێک لەو کاتەی کە خەڵکی یان تاکەکان لە سـەرزەمینەکان و کەنار ی دارسـتانەکان و دەشـتودەرەکان پەرتوبڵاو بوونەوە و بڕیاریاندا کشـتوکاڵ و بازرگانیی خۆیان پەرە پێبدەن و پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن. ئەو کات یاسا و دەوڵەت و حوکوومەتیان بۆ خۆیان دروسـت کرد. واتە کۆی ئەو ئەرکانە تەنها ئاکامی دروسـتبوونی یاسـاییانەی نەتەوەن، یان لایەنی کەم لێکەوتەیین. پاش دروسـتبوونی یاسـاییانەی نەتەوە بوو، کە توانرا ئەو ئەرکانە بەگەڕ بخرێن. ئێستا دەزگاکانی وەک سـوپا و دادگا و بەڕێوەبەرایەتی...هتد پێشـمەرجی بوونی نەتەوە نەبوون، ئەگەر ئاکام و ئەنجامی بوونی نەتەوە نەبن، ئەوە لایەنی کەم کەرەسـتە و

دەســتەبەری نەتەوەن. کاتێک کە نەتەوە دروســت بوو جا دەتوانین شتی وەک سوپا و دادگا و ...هتد دابمەزرێنین.

بۆیە دەبینین، کە ســـێیس شـــیکردنەوەکەی ئاوەژوو کردەوە. کارەکان و ئەرکەکان، یان ئەو ئەرک و دەزگایانە دەخاتە پێش بوونی نەتەوەوە، هەڵبەت ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە وا نەبێ، ئەوە لایەنی کەم لە ڕووی پێشـــــمەرجی بوونیەوە وایە. نەتەوە کاتێک دەتوانێ وەکو نەتەوە بوونی هەبێ و بچێتە نێو مێژووەوە و لە ڕێگەی مێژووەوە درێژە بە خۆی بـدات، کە توانـای بـازرگـانی و کشـــــتوکاڵ و پیشـــــەوەریی هەبێت، هەروەها تاکەکانی توانای دروســـتکردنی ســـوپا و دادگا و کڵێســـاو ئیدارەیان هەبێت، ئەوەش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵە کەســـــێک دەتوانن کۆ ببنەوە، یاســـــا و یاسادارێژ بۆ خۆیان دیاری بکەن، هەروەها دەتوانن دەستووریش بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەگەر ئەو کۆمەڵە کەسە توانای هێنانە ئارای بازرگانی و پیشـــەوەری و کشـــتوکاڵ و ســـوپا و دادگا... هتد یان نەبێ، ئەوە هەرگیز بە مـانـا مێژووییەکەی نـابنە نەتەوە. ڕەنگە لەڕووی یاســـــاییەوە ببنە نەتەوە، بەڵام هەرگیز لەڕووی مێژووییەوە نابنە نەتەوە. نە گرێبەست و نە یاساو نە کۆدەنگی ناتوانن نەتەوە بهێننە ئاراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕەنگە کۆمەڵە کەسێک لە ڕووی مێژووییەوە توانای ئەنجامدانی کارەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی

خۆیان هەبێ، بێ ئەوەی یاسـا و یاسـادارێژی هاوبەشـیان هەبێت، چونکە ئەو کۆمەڵە کەسـە توخمە سـەرەکی و وەزیفییەکـانی نەتەوەیان هەیە، تەنها توخمە ڕواڵەتییەکانیان نییە. ئەوانە توانای دروستکردنی نەتەوەیان هەیە، بەڵام نەتەوە نین.

لەسەر ئەو بنەمایە، دەتوانین — سێیس خۆیشی هەروای کردووە — کۆی ئەو ڕووداوانە شیبکەینەوە کە لە فەرەنسای کۆتایی سەدەی هەژدەهەم ڕوویان داوە. کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەوەری و هونەرە ئازادەکان هەبوون، بەڵام کێ ئەو کارە جۆراوجۆرانەی ڕاپەراندووە؟ بێگومان چینی گەل، تەنها چینی گەل. ئەی کێ سـوپا وکلێسـاو ئیـدارە و دادگـاکـانی بەڕێوە بردووە؟ بێگومـان هەنـدێـک ئەرک و پۆستی گرنگ هەبوون هیی ئەریستۆکراتەکان بوون، بەڵام بە قسەی سـێیس ئەوە چینی گەل بوو کە نۆ لەسـەر دەی ئەو دەزگایانەی بەڕێوە دەبرد. لەبەرامبەردا، چینی گەل، کە بەرپرسـیـارێتی پێشـمەرجە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیان لە ئەسـتۆ گرتبوو، بەڵام پێگەیەکی ڕەسـمیی بە دەوڵەت نەبەخشـی. لە فەرەنسـا یاسـای هاوبەش نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەبووە زنجیرەیەک یاسا بووە، هەندێ لەو یاسـایانە بەسـەر بەگزادەکاندا پەیڕەو دەکران، هەندێکیشـیان تەنها چینی گەلی دەگرتەوە، هەندێکی دیکەشـیان تەنها کلێسـایان دەگرتەوە و ...هتد. هیچ یاسـایەکی هاوبەش بوونی نەبووە، هیچ

خەڵکێکی یاساداڕێژیش بوونی نەبووە، چونکە یاسا و ڕاسپاردە یان فرمانەکان لەلایەن شتێکەوە دیاری کراون، کە سێیس ناوی لێناوە "سیستمی دادگا –Aulic system واتە سیستمی دادوەری، یان دەسەڵاتی ستەمکارانەی پاشایەتی.

پێم وایە دەکرێ لەو شیکردنەوەیەوە کۆمەڵێک دەرئەنجام هەڵێنجێنین. بێگومان هەندێکی لەو دەرئەنجامانە دەرئەنجامی سیاسیی ڕاستەوخۆن. ئەوەی کە دەڵێین ئەو دەرئەنجامانە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسین بە مانای ئەوەی وەک دەبینین فەرەنسا نەتەوە نییە، چونکە مەرجی ڕواڵەتی و یاسایی نەتەوەبوونی نییە، واتە یاسای هاوبەش و یاساداڕێژەری نییە. گەرچی لە فەرەنسادا یەک نەتەوە بوونی هەیە، واتە کۆمەڵە تاکەکەسێک هەن، کە توانای دەستەبەرکردنی بوونی جەوهەری و مێژوویی نەتەوەیان هەیە. ئەم خەڵکە مەرجی مێژوویی بوونی نەتەوەیەکی دیاریکراون. لێرەوە ئێمە ناتوانین لە فۆرمەلەبوونی سەنتەرییانەی دەقەکەی سێیس تێبگەین مەگەر لە پەیوەندییەکی مشتومڕئامێزەوە – مشتومڕێکی ڕواڵەتی – بە تێزەکانی بۆلانڤیلی و بوات نانسی و ... ئەوانی دیکەوە نەبێ، کە دەیانگوت، "چینی گەل نەتەوەیەکی تەواوە". ئەو فۆرمەلەبوونەی دەیەوێ بڵێ، "چەمکی نەتەوە، کە ئەریستۆکراتیەت دەیویست تایبەتی بکات بە کۆمەڵە

کەسێکەوە، کە تاکە سەروەتیان هەندێ نەریت و ستاتۆسی هاوبەش بوو، بەس نەبوو بۆ وەسفکردنی حەقیقەتی مێژووییانەی نەتەوە".

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەو قەوارە دەوڵەتییەی کە شانشینی فەرەنسا هێنابوویە ئارا، لە ڕاستیدا نەتەوە نەبوو، چونکە بارودۆخی مێژوویی کەم بوو، کە زەروور و پێویستە بۆ دروستکردن و پێکهێنانی نەتەوە باشە ناوەڕۆکی مێژوویی نەتەوە لە کوێدایە؟ تەنها و تەنها لە چینی گەلدا. تەنها چینی گەل مەرجی مێژووییبوونی نەتەوەیە، بەڵام ئەو نەتەوەیە پێویستە لە ڕووی یاساییەوە لەگەڵ دەوڵەتدا سازو تەبا بێت. چینی گەل نەتەوەیە، توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە لە نێو چینی گەلدایە. ئەگەر بمانەوێ ئەو پێشنیازانە بە شێوەیەکی جیاواز وەربگێڕین، ئەوە چینی گەل دەڵێ، "هەر شتێک کە نەتەوەییە ئەوە هیی ئێمەیە، هەر شتێکیش کە هیی ئێمەیە ئەوە نەتەوەیە".

سێیەس ئەو گەلاڵە سیاسییەی دانەهێناوە و لە گەلاڵەکردنیشیدا بە تەنها نەبووە، بەڵام بێگومان ئەو گەلاڵەیە بووە مندالّدانی گوتارێکی سیاسیی تەواو. وەکو دەشزانن، هێشتا لەنێو نەچووە. من پێم وایە مندالّدانی ئەو گوتارە سیاسییە دوو تایبەتمەندیی تایبەتی هەیە، یەکەم پەیوەندییەکی تازەو تایبەتی نێوان تایبەت و گشتی یان بەشەکی هەرەمەکی، واتە پەیوەندییەکی تایبەت کە بە

دیاریکراوی دەکەوێتە بەرامبەر ئەو شـــتەی کە گوتاری کاردانەوەی بەگزادەیی جیـا دەکـاتەوە. بـاشـــە لە بنەڕەتەوە کـاردانەوەی بەگزادەکـان چی دەکـات؟ کـاردانەوەی بەگزادەیی، مـافی تـایبەتی بەگزادەکـان، ئەو مـافەی کە بە خوێن چەســـپێنراوە لە ڕێگەی ســـەرکەوتنەکانەوە دەســـتەبەر کرا، لە جەســـتەی کۆمەڵایەتی و قەوارەی پاشـایەتی جیا کرایەوە. ئەو جەستەیەی کە لەلایەن پا شا و دەســـتوپێوەندەکانیەوە پێکهێنرابوو. پێکهاتەی ئەو جەســـتە کۆمەڵایەتییە هەرچییەک بێ، کە ئەو کـاردانەوەیەی دەورە داوە، بەڵام ئەو کـاردانەوەیەیە کە دەیەوێ ئیمتیـازی ڕەهـا و تـایبەتی بەگزادەیی بپارێزێت. لەبەرامبەردا ئەم مافێکی تایبەتی بە تەواوەتی لە کۆی جەســـتەی کۆمەڵایەتیی جیـا کراوەتەوە و بەتـایبەتی بەکارهێنراوە، بەڵام لە وتارەکەی سێیس دا مەسەلەکە پەیوەستە بە شتێکی دیکەوە. ئێستا شتێکی زۆر جیاواز دێتە کایەوە و دەڵێ ( دیارە ئەمە قســـەی چینی گەلە ): "ئێمە نەتەوەیەکین لەنێو کۆی تـاکەکـانی دیکەدا، بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە ئێمە پێکی دەهێنین تاکە نەتەوەیە کە دەتوانێ نەتەوەیەک پ ێک بهێنێت. ڕەنگە ئێمە خۆمان گشـت جەسـتەی کۆمەڵایەتیی نەبین. بەڵام دەتوانین ئەرکی گشـــتیی دەوڵەت ڕاپەڕێنین. ئێمە دەتوانین گشـــتێتی دەوڵەت لە ئەســـتۆ بگرین." تـایبەتمەنـدیی دووەمی ئەو گوتـارە بریتییە لە

ئـــاوەژووکردنەوەی تەوەری کـــا تییـــانەی داخوازییەکە. چیتر داخوازییەکان بە ناوی یاســـای ڕابردوو یان پشـــت بە کۆدەنگی یان سەرکەوتن یان داگیرکاری بەستوو، ناخرێنە ڕوو، بەڵکو داواکارییەک لەســـــەر بنەمای ئەگەرێک یان ئایندەیەک دەخرێنە ڕوو، ئایندەیەک کە هاودەمی ئێستایەو ڕاستەوخۆیە، چونکە پەیوەندیی بە جۆرێ لە ئەرکی گشـــتێتی دەوڵەتەوە هەیە، گشـــتێک کە پێشـــتر بەناوی نەتەوەوە لە جســـــتەی کۆمەڵایەتیدا خراوەتە گەڕ، بۆیە خوازیاری ئەوەیە وەک تاکە نەتەوەیەک دان بە پێگەکەیدا بنرێت، هەروەها لە فۆرمێکی یاسایی دەوڵەتدا دانی پێدا بنرێت.

بۆیە ئەمە ئاکامە ســـیاســـییەکانی ئەو جۆرە شـــیکردنەوە و گوتارەیە. دیارە ئاکام و دەرەئەنجامی تیۆریشـــی هەیە، بۆ نموونە، ئەوەی لەو بارودۆخەدا نەتەوەیەک پێناسە دەکات. دێرینییەکەی یان ســروشــتە کۆنەکەی یان پەیوەندییەکانی بە ڕابردووەوە نییە، بەڵکو ئەوەی نەتەوە پێناســە دەکات بریتییە لە پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە. ئەوەش چەنـد مـانـایەکی هەیە: یەکەم، نەتەوە لە بنەڕەتەوە لە ســـۆنگەی پەیوەندیی بە نەتەوەکانی دیکەوە دیاری ناکرێت. ئەوەی نەتەوە جیا دەکاتەوە پەیوەندییەکی ئاســـــۆیی نییە بە گروپەکانی دیکەوە (وەک نەتەوەکانی دیکە، نەتەوە دوژمن و نەیارەکان، نەتەوە دراوسێکان)، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی نەتەوەکان جیا دەکاتەوە،

بریتییە لە پەیوەندییەکی شـــاقووڵیی نێوان کۆمەڵە کەســـێک کە توانای دروســـتکردنی دەوڵەتیان هەیە و نێوان بوونی کردارییانەی دەوڵەت خۆی. لەســـەر بنەمای ئەم تەوەرە شـــاقووڵییەی نەتەوە/ دەوڵەت، یان تەوەری دەوڵەتێکی ئەگەرانە/ دەوڵەتێکی کردارییانەیە کە دەبێ نەتەوە پێناســـە بکرێ و بێتە کایەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە، ئەوەی کە هێزی نەتەوە پێک دەهێنێت، هێزە فیزیکییەکەی نییە، یان توانای سەربازییەکەی نییە، یان بەشێوەیەکی گشتی گوڕ و تینی بەربەریەتەکەی نییە کە مێژوونووســانی ســەدەی هەژدەهەم دەیانویســـت وەســـفی بکەن. ئەوەی ئێســـتا هێزی نەتەوە پێک دەهێنێت، شـتێکە وەکو تواناکانی، ئەگەرە هێزەکییەکانی (بالقوە)، کە کۆی هەموو ئەوانە لە دەوری فیگەری دەوڵەتدا ڕێک دەخرێن: تا توانای دەوڵەتییانەی نەتەوەیەک زیاتر بێت، ئەوە بەهێزتر دەبێت ئەوەش مانای ئەوەیە ئەوەی نەتەوە جیا دەکاتەوە هەرگیز هەژموونی نەتەوە نییە بەســـەر نەتەوەکانی دیکەوە. ئەوەی ئەرکی بنەڕەتی و ڕۆڵی مێژوویی نەتەوە پێک دەهێنێت، ئەوە نییە کە پەیوەندییەکی هەژمووندارانە بەســـەر نەتەوەکانی دیکەدا پەیڕەو بکات، بەڵکو شـــتێکی دیکەیە کە بریتییە لەوەی: بتوانێ خۆی بەڕێوە ببات، ڕێکخستن و هەڵسوڕاندن و دەستەبەرکردنی دەستوورێک و کارکردن وەک دەوڵەت و دەســـەڵاتی دەوڵەت. هەژموون نا، بەڵکو کۆنترۆڵی

دەوڵەت. چیتر نەتەوە بەشـــێک نییە لە پەیوەنـدییە بەربەرییە شـــەڕانگێزەکـانی هەژموونـدا، بەڵکو نەتەوە کرۆکێکی چـالاک و پێکهێنەری دەوڵەتە. نەتەوە دەوڵەتە، لایەنی کەم نەتەوە دەوڵەتە لە سـەروەختی دروستبوونیدا، دەوڵەتە لە سـەروەختی لەدایکبووندا و کۆمەڵە کەسێکیش پێشمەرجی مێژوویی بوونی نەتەوەیە.

ئەگەر حەز بکەن، ئا ئەوە چەند دەرئەنجامێکی تیۆرین لەســـەر ئاســـتی شـــتێک، کە بەنەتەوە ناســـراوە. ئێســـتا با بزانین دەرئەنجامەکانی نەتەوە سەبارەت بە گوتاری مێژوویی چییە. ئێستا ئێمە گوتـارێکی مێژووییمـان هەیە کە دووبـارە کێشـــەی نەتەوە دێنێتەوە بەر بـاس و تـا ڕادەیەک جـارێکی دیکە دەوڵەت وەکو کێشـــەی ســـەرەکیی خۆی دەناســـێنێت. لەو گوتارە مێژووییەی لەسەدەی حەڤدەهەمدا هەبوو، ئەو خۆی بدوێت، وەکو پێشتر هەوڵم دا بۆتانی ڕوون بکەمەوە. ئەرکی ئەو گوتارە بریتی بوو لە پاساودان و ســروود بەخشـــین: دەوڵەت ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە، لە ڕێگەی زیاتر خۆبەهێزکردنی لەئاســـتی مافە بنەڕەتییەکانی خۆیدا، ڕەوایەتیی تایبەتی خۆی دەچەسپێنێت. ئەوە گوتاری مێژوویی بوو لە ســـەدەی حەڤدەهەمدا و تا ئێســـتاش هەر وایە. دژی ئەو گوتـارە بوو کە کـاردانەوەی بەگزادەکـان هەڵمەتە گورج برەکانی خۆی ڕێک خست و جۆرە گوتارێکی جیاوازی خستە

ڕوو، کە تیایدا نەتەوە ندەیتوانی یەکێتیی دەوڵەت تێک بشکێنێت و ئەوەشی خستە ڕوو کە لەژێر سایەی ڕواڵەتییانەی دەوڵەتدا هێزێکی دیکەن کە بە دیاریکراوی هێزی دەوڵەت نین، بەڵکو هێزی گروپێکی تـــایبەتن کە مێژووی تـــایبەت بەخۆیـــان هەیە و پەیوەنـــدییەکی تایبەتیان بە ڕابردووی خۆیانەوە هەیە و ســـــەرکەوتن و خوێن و پەیوەندیی هەژموونییانەی خۆیان هەیە.

ئێستا گوتارێکی مێژوویی دەبینین کە زیاتر هاوئاهەنگی دەوڵەتە و چیتر ئەرکی بنەڕەتیی بریتی نییە لە دژایەتیکردنی دەوڵەت. ئامانجی ئەم مێژووە تازەیە ئەوە نییە ڕێگە نەدات دەوڵەت گوتاری خۆپاســـاودانی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵکو مەبەســـتی ئەوەیە مێژووی پەیوەنـدیی هەمیشـــــە تێکئـالاوی نێوان نەتەوە و دەوڵەت، نێوان ئەگەرە هێزەکییە (بـــالقوە) دەوڵەتییەکـانی نەتەوەو گشـــــتێتی کردارییانەی (بالفعل) دەوڵەت بنووســــێتەوە. ئەوەش زەمینەی بۆ نووسـینەوەی مێژوویەک ڕەخسـاند کە لە بازنەی شـۆڕش و دووبارە بونیادنانەوە و گەڕانەوەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ سیستمی سەرەتایی شـــتەکان دەخوولایەوە وەکو ئەوەی لەســـەدەی حەڤدەهەمدا هەبوو. ئێســـتا جۆرە مێژوویەک دەبینین، کە لە ڕاســـتەهێڵێک دەچێ، کە خاڵی یەکلاکەرەوە تیایدا بریتییە لە گواســـــتنەوە لە وەهمەوە بۆ واقیع، گواســـــتنەوە لە گشـــــتێتیی (totality) نەتەوەییەوە بۆ

یونیڤێرســـاڵیەتی (Universality) دەوڵەت. ئا ئەوە مێژوویەک بە ئاراستەی ئێستا و دەوڵەت چڕ بۆتەوە، مێژوویەک کە لە ئاسۆی نزیکی دەوڵەت و پەیکەری گشتی و هەڕەمەکیی دەوڵەت لە ئێستادا دەگاتە ترۆپک. ئەوەش زەمینەی بۆ نووســینەوەی مێژوویەک خۆش کرد ئەم خــاڵی دووەمە کە تیــایــدا پەیوەنــدییە بــاوەکــانی هێز سـروشـتێکی شـەڕانگێزانەی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە بە تەواوەتی مەدەنییە.

لە شیکارییەکەی بۆلانشیلێدا هەوڵم دا ئەوەتان بۆ بخەمە ڕوو کە چۆن ڕووبەڕووبوونەوە و دەســـــتەویەخەبوونی نەتەوە جیاوازەکان لەیەک جەستەی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی دەزگاگەلی وەک (ئابووری، پەروەردە، زمــان، مەعـریـفە و ...هـتــد)ەوە ڕووی داوە. بەڵام بەکارهێنانی ئەو دەزگا مەدەنییانە، لەو شـــــیکارییەدا، تەنها هەر وەکو کەرەســـتەیەک لە جەنگە ســـەرەکییەکاندا بەکار هاتووە. ئەو دەزگاگەلە کەرەســـــتەی هەژموونداریییەک بووە، کە وەک داگیرکاری ســروشــتێکی دووبەرەکی و جەنگ ئاســای هەبووە. بە پێچەوانەوە، ئێســــتــا مێژوویەک دەبینین کە تیــایــدا ململانێ بە جەوهەرە جیاوازەکانیەوە، جێگەی جەنگ – جەنگی هەژمووندارێ دەگرێتەوە. قسەکە لەسەر پێکدادانی سەربازی نییە، بەڵکو مەبەست تەقەللا و ڕکابەری و فشــارێکە لەپێناو یونیڤێرســاڵیەتی دەوڵەت. دەوڵەت و

یۆنڤێرسالێیەتی دەوڵەت، هەم دەبنە بابەتی ململانێ، هەم دەبنە گۆڕەپانی جەنگ. کەوایە، لەبنەڕەتەوە ئەو ململانێیە ململانێیەکی مەدەنییە کە هەژموون نە ئامانجیەتی نە ڕێگەیەکە بۆ گوزارشتکردن لەخۆی، بەڵکو دەوڵەت هەم بابەت و هەم فەزای ئەو ململانێیەیە. ئەو ململانێیە لە ڕێگەی ئابووری و دەزگاکان و بەرهەمهێنان و کارگێڕییەوە ڕوو دەدات. کە وایە، ئێمە ململانێیەکی مەدەنیمان هەیە، بەڵام ململانێی سەربازی یان ململانێی خوێناوی هیچ نییە جگە لە ساتێکی ئاوارتە و دەگمەن. قەیرانێک یان قۆناغێک ڕاگوزەر لەو ململانێیەدا. جەنگی ئەهلی زۆر دوورە لەوەی ببێتە بناغەی پێکدادان و ململانێکان، جەنگی ناوخۆیی تەنها قۆناغێکە، قۆناغێکی قەیراناوی، کە نابێت بە زمانی جەنگ یان بە زمانی هەژموون قسەی لەبارەوە بکرێت، بەڵکو دەبێ بە زمانی مەدەنی و ناسەربازی قسەی لەبارەوە بکرێت.

من پێم وایە، ئەم بابەتە، پرسیارێکی بنەڕەتی سەبارەت بە مێژوو و سیاسەت دەخاتە ڕوو، ئەوەش نەک تەنها لە سەدەی نۆزدەهەم، بەڵکو لەسەدەی بیستەمیشدا هەمان پرسیار قوت دەکاتەوە. چۆن دەتوانین بە دیدێکی مەدەنی و بە زمانێکی مەدەنی لە ململانێیەک تێبگەین؟ ئایا ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ململانێ — ململانێی ئابووری، ململانێی سیاسی، ململانێ لەپێناو دەوڵەتدا بە

دید و چەمکێکی ناجەنگییانە نا بەڵکو تەنها لە دیدێکی ئابووری و سیاسییەوە لێی بکۆڵینەوە؟ ئایا پێویست دەکات بچینە ئەودیوی کۆی ئەو شتانە و قووڵایی بێبنی ئەو جەنگ و هەژموونە ئاشکرا بکەین کە مێژوونووسانی سەدەی هەژدەهەم دەیانویست دیاریی بکەن؟ بەهەر حاڵ، لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، لەدوای دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی نەتەوە، لایەنی کەم خاوەنی مێژوویەکی تازەین. ئەم مێژووە لەو مێژووە جیاواز بوو کە لەسەدەی هەژدەهەم نووسرایەوە، ئەوەش لە ڕووی ئەوەی ئەم مێژووە هەوڵ دەدا لەناو فەزای دەوڵەتدا لە بناغەو قووڵایی مەدەنییانەی ململانێکان بکۆڵێتەوە و ئەم ململانێیە بخاتە جێگەی ئەو بنەما جەنگی و سەربازی و خوێنینەی کە مێژوونووسانی سەدەی هەژدەهەم ئاشکرایان کرد.

ڕاستییەکەی ئێمە لەبەردەم بارودۆخی ئەگەرانەی گوتارێکی مێژوویی تازە داین. ئەم مێژووە تازەیە چ فۆرمێکی بەرجەستە وەردەگرێت؟ ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی گشتی وەسفی بکەین ئەوە دەتوانین بڵێین، کە ئەم مێژووە بە گەمەیەک یان پێکەوە گونجاندنێکی نێوان دوو تەونی شیاوی تێگەیشتن (Intelligibility) جیا دەکرێتەوە کە ئەو دوو تەونە هاوشانی یەکترن و بەر یەک دەکەون و تا ڕادەیەکی دیاریکراویش یەکتر تەواو

دەکەن. یەکەمین تۆڕی شـــیاوی تێگەیشـــتن (Intelligibility) بریتییە لەو تۆڕەی، کە لەســـەدەی هەژدەهەم دروســـت کرا و بەکار هێنرا. کـاتێـک گوێز و ئووگەســـتین تێری و تییێر – تەنـانەت میشـــێلیش –مێژوویـان نووســـییەوە، پەیوەنـدییەکـانی هێز، پەیوەندییەکانی ململانێیان کردە خاڵی دەســـتپێک، ئەوەش هەمان ئەو فۆرمەی وەرگرت کە پێشتر لەسەدەی هەژدەهەم ناسرابوو، واتە جەنگ و شـــەڕ و هێرش و پەلامار، هەروەها مێژوونووســـانی ئەریســـتۆکراتی، وەک مۆنلۆزی،- هەڵبەت تێری و گویزۆش- ئەو ململانێیەیـان وەکو بنـاغەی مێژوو لەقەڵەم داوە بۆ نموونە، ئۆگەستین تێری دەڵێ، "ئێمە پێمان وایە نەتەوەین، بەڵام ئێمە دوو نەتەوەین لەسەر یەک سەرزەمیندا، دوو نەتەوە لە یادەوەرییەکانیاندا نەیار و لە پرۆژەکانیاندا ناتەبا: ســـەروەختێک یەکێکیان هێرشـــی کردۆتە ســـەر ئەوی دیکەیـان". بێگومـان هەنـدێ لە ئـاغـاکـان (ماســـتەرەکان) چوونە پاڵ دۆڕاوەکان، بەڵام ئەوانی دیکە، واتە ئەوانەی هەروەکو ئاغا مانەوە، "بێگانە و نامۆ بوون بەهەســـت و نەریتەکانی ئێمە، وەک بڵێی هەر دوێنێ بوو کە گەیشـــتنە لامان. هیچ وشەیەکی ئێمەیان سەبارەت بە ئاشتی و ئازادیی نەدەبیست، وەک بڵێی ئاشـــنای زمانی ئێمە نەبن، وەک بڵێی باووباپیرانی ئێمە بێگـانە بن بەوان، ئیـدی ئەوان ڕێگەی خۆیـان گرتە بەر و هیچ

بایەخێکیان بە ڕێگاکەی ئێمە نەدا." هەروەها گویزۆ دەڵێ: "سێزدە سەدە زیاترە، فەرنسا دوو میللەتی تێدا دەژی، میللەتێکی سەرکەوتوو و میللەتێکی دۆڕاو". ڕێک ئا لێرەدا هەمان خاڵی دەستپێک و هەمان تەونی شیاوی تێگەیشتنی (Intelligibility) سەدەی هەژدەهەممان هەیە".

دێینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانەی، کە یەکە یەکە لەمەرجی یاسایی بوونی نەتەوەیەکدا هەیە، بە تایبەتی ئەو نەتەوانەی تا ئێستا بە پەراوێزی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ماونەتەوە وە هیچ مافێکی یاسایی نێونەتەوەیان نییە تا بە نەتەوە بچوێنرێن. یەکێک لەو نەتەوانە کوردەکانن کە دابەش دەبن بەسەر چوارپارچەی نێودەوڵەتیدا. کوردەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەستیان بە ڕواڵەتە مێژوویەکەیان کرد کە ئەوانیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر توانای بەدەستهێنانی مافە یاسایی و یاسا داڕێژیەکەیان هەیە، کە بتوانن دەوڵەتی پێ دروست بکەن وەک هەر نەتەوەیەکی تر، بەڵام مخابن کوردەکان جگە لە نەبوونی توانایەکی باشی عەقلی و یاسایی بۆ کاری سیاسی، ئەوە توانای کارگێری سەربەخۆی خۆشیان نەبوو بەهۆی ئەوەی هیچ کاتێک سەردەستە و بەکارهێنەر نەبوون، بەڵکو هەر بە کرێگیراو و بەکارهێنراون بەمەش هەلێکی پێدرا لە قۆستنەوەی مافە یاساییەکەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەکیس

خۆی دەدات.

باشتر بڵێین ئەم ڕواڵەتە مێژووییەی کوردەکان بە نەبوونی یاسایەکی دارێژراو بۆ پێناسینی نەتەوەکەی خۆی وای کردووە ساڵەهای ساڵە بە پێکهاتە نەتەوەکانی تر بناسرێنەوە، وە بە یاساکانی ئەم نەتەوانە بە ڕێپێدراوی دەرچەیەکی کەم کاربکات ئەمەش وای کردووە بە ئەرگۆمێنت کەمی مێژوویی داوای مافی یاسایی و پێکهاتەی نەتەوەیی خۆی بکات.

بۆ جیابوونەوەش لەم نەتەوانە کە ئاقارێکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە تەنها بە تێڕوانینێکی جیا لە بیرکردنەوە و نەویستنی ئەم نەتەوانە جیا نابێتەوە، بەڵکو دەبێ سەر لەبەری مێژوومان چاک بکەینەوە، بەم تێکەڵەی ئێستا هەیە بە هەمان تێڕوانینی پێناسەی ئەوان بۆ خۆمان جیا نابینەوە، هەر چۆنێک بڕۆین ڕواڵەتەکانمان دەبێتەوە بەشێک لە تێکەڵەی مێژووییەکانی تورک و فارس و عەرەب. بەمەش یان دەبێت کوردەکان دەستبەرداری سەرلەبەری مێژووی خۆیان بن، کە بە تێکەڵاوی مێژووی ئەوانەوە گرێدراوە یانیش دەبێت بە پێناسەیەکی هاوبەشی نوێ لەگەڵ ئەم نەتەوانە کاربکەن.

لێرەش هەردوو بابەت قورسی دەبێت چونکە نەک ئەم ڕواڵەتە مێژووییە لەسەر ئاستی نەتەوە مۆرکی نەگرتووە بەڵکو بە قووڵایی

گرێ کوێرەیەکی توند ســـایکۆلۆژیەتی تاکەکانی کوردیش گرتۆتەوە واتــا کــاریگەری تێکەڵە مێژوویەکەمــان لەگەڵ ئەم نەتەوانە چۆتە ئاســـتی هەر تاکێک لەهەر کەســـێکیش نەتەوەیەک لەم نەتەوانەی چاک کردووە، ئەمەش کارێکی ئەستەم دەبێت بۆ جیابوونەوە.

دوای جەنگی جیهانی یەکەم کوردەکان بە تێگەیشـــتنێکی زۆر کەم لە بواری ســـیاســـەت بۆ پێناســـە یاســـاییەکەی هەنگاوی نا و پێویســـتی بە فۆرمێکی تری جگە لە نەتەوە بوو بۆ ناســـینی خۆی، چونکە تا ئەم کات هەستی نەتەوەیی بەلای ئەوان نامۆیی و تەنیایی دەنوانـد ئەمەش کـارێکی قورس بوو بۆ نەتەوەیەک، کە بەدرێژایی مێژوو بە یارمەتی نەتەوەکانی تر لەســـەرچۆک هەنگاوی ناوە ئێســـتا لە پرێک چۆن دەتوانێت لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت.

بەمەش ســـروشـــتی کوردەکان ڕواڵەتێکی مێژوویی ســـەربەخۆی نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەستێکی پچڕ پچڕی کۆمەڵەی جیاوازی ئەم نەتەوەیە و کە هەر کۆمەڵەیەکیــان تێڕوانینێکی جیــاوازی بۆ مێژووی نەتەوەکەی هەیە هەوڵی داوە لە ڕێی تێڕوانینەکانی خۆیەوە وەسـفی بکات، بۆیە ئەم تێڕوانینە جیاوازانە بەربەسـتێکی سـەرەکی نەبوونی نەتەوەیەکی ســـــەربەخۆیە کە گرنگترین مەرجی پێناســــــە نەتەوەییەکەی لەدەست داوە.

کورد لە هەوڵی سـەربەخۆیی بۆ یاسـاڕێژی دا فۆرمێکی جیاوازی

بۆ هەستی نەتەوەیی هەڵبژارد ئەویش لە چوارچێوەی گرێدراوی مێژووی نێوان نەتەوە و ئاییندا جەستەیەکی پیرۆزی هەڵبژارد واتا "هەر زاتێکی تایبەت لە بەردەم پاشادا تەنها تاکە کەسێک دەنوێنێت" نەتەوە هیچ جەستەیەک پێک ناهێنێت. نەتەوە بەتەواوی لە کەسی پاشادا خۆی حەشارداوە.

کەسایەتییە ئایینیەکان هەوڵیاندا لە ڕێی تەریقەتی جیاوازی ئایینی ڕۆڵی پاشا بگێڕن، ئەم کەسایەتییە دروست بکەن، کە نەتەوە لەخۆیان بەرجەستە بکەن، واتا نەتەوە یەکێتیی جەوهەری بوونی خۆی لە کەسایەتیەکەدا دەدۆزێتەوە، بەمەش نەتەوە دەبێتە بەشێک لە شوێنەواری یاسایی کەسێک، کە بە تەنها خۆی دارێژەڕی ئەم یاسا گشتییەیە بۆ هەمووان لێرەوە هەمووان لەناو یەک کەسایەتیی بەرجەستە دەبن و پێناسە دەکرێن هیچ تاکێکیش بە مانا یاساییەکەی نادۆزیەوە کە خۆی وەسف کات بە مافێکی سەربەخۆ و جیا لە جەستەی کەسایەتی ڕەها دەرکەوێت. واتا هەمووان لەناو یەک جەستەدا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەدەن. هەر لەبەر ئەمەیە نەتەوەیەک بوونی نییە ئەگەر تاکەکان هەریەکەیان بۆ یەک لە پەیوەندیەکی جەستەیی و فیزیکیدا نەبنە دارێژەڕی یاسایەکی گشتی بۆ هەمووان.

کوردەکان بە کولتووری خۆیانەوە لەگەڵ سێ نەتەوە جیاوازەکەی

تر دەبن بەچوار کولتووری تێکەڵ و کە پێکهاتەی سروشتی هەر چوار پارچەی ئەم نەتەوە پێک دەچێت لە ڕووی هەڵوەستە سیاسییەکانەوە، کە هیچ جیاکاریەکی عەقلانی یان فەلسەفەیەکی تایبەت بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆی نییە. هەر بۆیە هەریەکەیان دەیەوێت لە هەر بەشێکی ئەم کوردستانە بوونی نەتەوەکەی خۆی لە حزبەکەی یان لەسەرکردەکەی بەرجەستە بکات ئەمەش دەبێتە لێکترازان لەنێو یەک نەتەوەدا کە وا دەکات هەریەکەیان وەک نەتەوەی جیاواز لێک بڕوانن.

لەدوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دابەشکردنی مافە یاسایی نەتەوەکان ئەوا شێخ مەحموودی حەفید بە ناوی کەسایەتی بەرزی ئاینی و پاشماوەی شێخی تەریقەت شاڵی پاشایەتی خستە سەرشانی بۆ ئەوەی نەتەوەیەک لە کەسایەتیی خۆی پێناسە بکات. ئەمەش جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەمەودای نێوان شێخ و دەروێشەکان و یاسا و نەتەوەدا.

واتا کوردەکان لە بڕی بەدواکەوتن و گەڕان بەدوای کەسایەتییە سیاسی و یاساییەکان، ئەوا شێخ و تەریقەتیان کردە پێناسەی وەسفی خۆیان، کە ئەمەش هیچ پەیوەندیی و لێزانیەکی بەسەر دورستکردنی دەوڵەت و نەتەوە نییە. بەڵکو هەولێکی تر بوو بۆ گەڕانەوەی هەمان فۆرمی یاسایی کۆن کە ئیمپراتۆری عوسمانی

لەسـەر هەڵوەشـاوە. کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ وەرگرتنی قەوارەیەکی نوێ وەک دەوڵەت پێویسـتی بە فۆرمێکی یاسـایی نوێ بوو جگە لەم فۆرمە کۆنەی دەوڵەتی عوسـمانی، کە هەموو دەوڵەتان لە دژی ئەم فۆرمە دروست دەبوون، نەک بە هەمان شێوە دروست ببنەوە. بەمەش پێش وەرگرتنی فۆرمی دەوڵەت، کورد پێویسـتی بوو، کە مەرجی یاسـایی نەتەوەکەی بسـەلمێنێ، کە یاسـایەکی هاوبەش و یاساداڕێژیەکی گشتییە بۆ هەر پارچەیەکی دابەش بوو، دروستبوونی نەتەوە پێویسـتی بە پاشـا و شـێخ و کەسـایەتی پیرۆز و پارتە سـیاسـی و بزووتنەوە شـۆڕشـگێریەکان نییە. چونکە ئێمە باس لە ڕواڵەتی مێژوویی نەتەوەیەک دەکەین، کەواتە ئەمانە هەموو لێکەوتە و دەرئەنجامی بوونی نەتەوەن. بەشـێکی بچووککراوەی نەتەوەن تا دەگاتە ئاستی پێناسەی تاکێک، ئەمانە نەک دروستکەری نەتەوەن بەڵکو فۆرمێکی یاسـایی نین لەنێو نەتەوەدا، لەبەر ئەوەی نەتەوە پێش ئەوان بەر لە دروسـتبوونی حوکوومەت بوونی هەبووە بەمەش پێویستی بەمانە نییە بۆ ئەوەی ببێتە نەتەوە.

فۆرمی نەتەوەپەرسـتی لەم سـەردەمە جیهانییە بەشـێوەیەکی جیاواز بازی داوەو گۆڕانی بەسەر داهاتووە ، جیاواز لەو دروشمانەی سـەدەکانی ڕابردوو کە پێی وابوو بوونی نەتەوەیەکی دەرکەوتوو هەلبژێردراو دەبێ هەژموونی هێزی داگیرکاری بەسـەر نەتەوەیەکی

تردا هەبێت. بۆیە ئەم جیاکارییەی ئەمڕۆ لە نەتەوەیەکی هەڵبژێردراو سەرکەوتوو دەیبینین بەهۆی هێز و داگیرکاری و جەنگەوە نییە، بەڵکو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی عەقلی تاکەکانە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیدا، لە ڕووی ئابووری بازرگانی و پیشەسازی کە ئەمانەش دەبنە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی تاک و خۆشگوزەرانیان لەگەڵ گرنگترین خاڵ کە ئاستی بەرزی رۆشنبیری نەتەوەکەیە بە گشتی.

هەر بۆیە ڕواڵەتی مێژوویی هەر نەتەوەیەک کە لە ڕێگەی مێژوو درێژە بەخۆی بدات دەبێ توانای بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی هەبێت، بوونی ئەمانەش پەیوەست دەبێت بە ئاستی ڕۆشنبیری، واتا لە بابەتی کشتوکاڵ دەبێت بەشێوەیەک ئاستی بەرهەمی بەرزکەیەوە لەگەڵ چۆنیەتی بەرهەمی باشی نەتەوەکانی تر بگونجێت.

هەر نەتەوەیەک بۆ بەردەوامی ڕوالەتە مێژوویيەکەی دەبێت یاسا و یاساڕێژی بۆ خۆیان دیاری بکەن، هەروەها دەستووریش بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەگەر ئەم کۆمەڵە کەسە توانای هێنانە ئارای بازرگانی و کشتوکاڵ و پێشوەری سوپا و دادگا و سیستەمی نەبێت. ئەوە مانای نەتەوەیەکی لە ڕووی یاساییەوە لە دەست دەدات. ڕەنگە لە ژێر یاسای نەتەوەیەکی تر وەک کۆمەڵەیەکی

بچووککراوە دەرکەون. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە هــاوشـــــانی نەتەوەکانی تر نابێت لە کێبڕکێی پێشکەوتنی ئەم سەردەمە.

بۆیە کوردەکان نەک خاوەنی ددانپێدانی یاسای گشتی نەتەوەکان نین، بەڵکو خاوەنی یاسایەکی دان پێدراوی ناوخۆش نین. بنەماکانی دروســتکردنی حکوومەتیان پێکهاتە و تێکەڵەیە لەچەند ئاوێتەیەکی دژە یاســایی. ئەمانەش هیچیان خزمەت بە یەکگرتن و ســەربەخۆیی نەتەوەی یاســـــایی ناکات، بەڵکو ڕواڵەتە مێژوییەکەشـــــی لەبەر دادەمالێت و دەیکاتە چەند کۆمەڵەیەکی لێک ترازاو.

بۆ ئەوەی ڕواڵەتە مێژووییەکەمان بە یاســایی بکرێت، پێویســتە بابەتە دژەیاساکان وەک خێڵ و کەسایەتییە پیرۆزەکان و حکومەت لەشــێوەی تەریقەت و شــێخگەری هەڵوەشــێتەوە، یاســادارێژییەکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لەپەیوەندییەکی جەســـتەیی و فیزیکی هەســـت پێکراو بۆ ئەم یاســـایە دروســـت بکرێت، ئەو کات ئەتوانین ســەرەتای پێش مەرجی دروســتکردنی دەوڵەت لەبنیاتنانی عەقلیەتی تاک دروست بکەین. نەک نەتەوەیەک لەسەر تاکە کەسێک یان چەند کەســێک بنیات بنێین، ئەمانە هۆکاری دروســت نەبوونی بابەتە یاســـــایی و تێکچوونی ڕواڵەتی مێژووین تەنانەت دروســـــت نەبوونی دەوڵەتیشن.

سروشتی کوردەکان لەهەر چواربەشی دابەشکراودا سروشتێکی

نزیـــک و لێکـــدانەبڕاوی هەیە لەڕووی بـــایلۆژیـــدا، لەزۆر ڕوودا لەهەنگاوەکانی پێشخستنی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچە وەک یەک چۆتە پێش. هیچ کامیان جیا لەبەشـــەکەی تر تەکنیکێکی جیاوازی تاقی نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی لێکەوتەی جیاواز یان ئەنجامی باشتر لە پێشخستنی نەتەوەی ببینێت. ئەمەش وای کردووە کوردەکان لەهەر شوێنێک دا لەسەر یەک ئاستی زەمەنی مێژوودا هەنگاوەکانی باوێت.

کوردەکان جگە لەو هەســـتانەی بەناوی باوەڕبوونی نەتەوەیی لەجەستەی پاشاو سەرکردەو ڕێبازەکانی، هیچ هەستێکی تر لەمانای نەتەوەبوون نابینێت. بەمەش هەموو نیشتمان و نەتەوە دەچێتە دڵ و میزاجی کەســێک، ئەگەر نیشـــتمان و نەتەوە تەنها لەجەســـتەی کەسێک دابێت، دەبێ سنووری نیشتمان و ئازادی ئەم نەتەوەیە چی بێت کە ئەم جەستەیە پێی ئەدات.

لەبەر ئەمەیە هەریەکەمان نیشـــتمان و نەتەوەکەی لەجەســـتەو ڕەنگێک دا دەبێت، وەک ڕەنگەکانی سور و زەرد و کەسک و سپی و هەموو ڕەنگەکانی تر. تا وای لێدێت نە ڕەنگێک ئەمێنێت نە جەســـتەیەکش بۆ ئەوانەی بەپێی پەتی هەوڵدەدەن و هاوار دەکەن سنوری نیشتمان بکێشن.

ئەم شەڕەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەکوردستانی با شوور لەدژی ئینگلیز بەدەرویشـــەکانی شـــیخ کرا ... هەمان شـــێوە

لەبەشـــەکانی تری کوردســـتانیش دەرویشـــەکان دەبوونە قوربانی شۆرشەکانی شێخ.

وەک شـــێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و شۆرشی سەید ڕەزا دەرسیمی لە کوردستانی باکوور، ئەمانە هەمان چیرۆکی یەک بابەتین کە هەنگاوەکانیان بۆ دروستکردنی نەتەوە لە جەســـتەیەکدا یەک ئەنجامی تراجیدی وەک یەکی بۆ کۆتایی هەموو شۆڕشەکان دروستکرد. ئەم ئەنجامەش تەنها بۆ شۆڕشەکان نەبوو بەڵکو کۆتا وادەی داواکاری نەتەوەیەک بوو بۆ وەرگرتنەوەی شـێوە یاســـاییەکەی خۆی لەبەر ئەمە دەکرا لە ســـنوورێک بە فۆرمێکی یاسایی و سیاسییانە ئەم هێڵە بکێشرێت نەک بە چەکێکی شکاوی عوسمانی باروتێکی سووتا و دەوڵەت دروست بکەین. کوردەکان لە ڕووی نەتەوەیی توانـای لاوازیی خۆیـان بە تەواوی دەرخســـــت و بەمەش نەوەستان لاوازی و ناکۆکی لە یەکگرتن و ڕێککەوتن لەسەر کەســـایەتییەک وەک ڕابەر و نوێنەریان بۆ پرســـی کورد بە تەواوی هەڵوێستی دوژمنەکانی گۆڕی بۆ هەڵوەستەیەک لەسەر داگیرکردن و ژێردەست خستنیان بێ گوێدانە هیچ ترسێک لەهێزی ئەم نەتەوەیە.

ئەم هەوڵانەی لە ســـەرەتای ڕێبازی نەتەوەیی گیرانە بەر گۆڕانی بەســـــەردا نەهات و خەباتی ڕزگاری لەهەر چواربەشـــی بە هەمان بیرۆکە گەشـــــەی پێ دراوە بەردەوام بوو تـا وادەی ئەمڕۆ. ئەم

بیرۆکانەش لەهەر بەشـێکی ئەم نەتەوەیە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کردە بنەما بۆ ئەم یا سایەی لەلایەن سەرکردەو پارتە سیا سیەکان دەردەچوو. شــۆڕشـــەکەی کوردســـتانی باکوور کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە جیا لەو نەتەوەی کە خۆی دەیەوێت بە پنتێک جیاوازی قبوولی ناکات، واتا نەتەوە دەبێت لەســـەر بنەمای داڕشـــتنی ئەو درووســـت بکرێت نەک زیاتر، لەکوردســـتانی رۆژئاواش رەنگدانەوەی دارشتنەکەی شۆڕشی باکووری دەبینرێت کوردستانی رۆژهەڵات نەک بەرەوپێ شچونێکی سیا سی و سەربازی هەیە و بەڵکو هۆکارێکن بۆ لەکەدار و ڕەشـــکردنی ئەم باوەڕانەی کە بنەمای نەتەوەیی لەســـەر دادەمەزرێن.

دوای ئەم هەموو گۆرانکاریەی لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم تا کۆتاییەکانی ئەم ســەدەیە ئەوا پێشــهات و ئاریشــە ســیاســییە نێودەوڵەتیەکانی عیراقی بەســـــەرکردەوە، جارێکی تر کوردی وەک نەتەوەیەکی ســــتەملێکراو بیرکەوتەوە، کوردەکانی عیراق ئازارێکی زۆریان بەدەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکان چەشت وە شۆڕشەکانیش چیان لەم ئازارە کەم نەکردەوە.

دواین مەینەتی ئەم میللەتەش دەســـەڵاتێکی شــــۆڤێنی و شۆڕشێکی بەسەر شانکەوتوو بو کە بووە ئازارێک هاوارەکەی هەموو وڵاتانی بۆ چارەسـەرێک هاندا بەپێدانی هێڵێکی دەسـتکرد کە دواتر

ناونرا هێڵی سی و شەش.

دوای دیاریکردنی ئەم سنووره میللەت وەک ڕێزێک کردیه خەڵاتی شۆڕشگێران بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی خۆسەری، شۆڕشگێران بە سەر چەند پارتێکی سیا سی دابەش دەبوون کە گرنگترینیان دوو پارتی سیاسی دەسەڵاتداربوون کە نەیانتوانی ئەم دیاریە بپارێزن وەک خۆی، دەکرا ئەم سنووره دەستکردە بشکێنن فراوانتری کەن بۆ سنووره راستەقینەکەی خۆی. ئەم سنووره وەک هێڵێکی کارەبایی لەژێر چاودێری وڵاتان وەک خۆی یان تۆزێک کەمتر ماوەتەوە، پارتی سیاسی شۆڕشگێران بە ناوی دروستکردنی هەر وەهم یێک لە پشت ئەم هێڵە کارە باییە د یاری ئەم نەتەوە یان وردوخاش کرد ئەم سنوورەشیان کردە چەند بەش و ناوچە کە لە ئێستادا ئەم نەتەوەیە رەنگی چەند نەتەوەیەکی گرتووە. هەریەکەیان بەوەسف و ناوێک ئەناسرێنەوە.

گەل لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات زیانێکی زۆری کرد و بە هیوای چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی ئەم زیانە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر هەڵگەڕایەوە. بەهۆی نەبوونی پەیوە ندیەکی توندوتۆڵ و متمانەپێکراوی نێوان تاکەکان لە چارەسەرێکی هاوبەشدا وای کرد هەریەکەیان بە ئارا ستەیەکی جیاواز داکەوێت و متمانەیەکی ڕەها بۆ چارەسەرێکی گونجاو بەجەستەیەک بدات. هەر ئاراستەیەکیش

لەســـەری هەرەمی کۆمەڵەی خۆیدا وەک خواوەند لەگەڵ خواوەندی لایەنەکەی تردا لە پەیوەنــدییەکی هــاوبەش و تونــدوتۆڵــدا بن بۆ یەکتری، ئەم پەیوەندییەش چوارچێوەی بەرژەوەندی خواوەندەکانی پارێزراوتر کرد لە بەرێوەبردنی گەلدا.

ئەم جۆرە نارێکخراو و یەکنەگرتنەی نێوان تاکەکان تا دەگات ئـاســـتی کۆمەڵە دەبێتە بێ هیوابوونی هەمووان لە گۆڕینی ئەم دەسەڵاتەی کە دەکرێت بگۆردرێت، بەمەرجی پەیوەندییەکی هاوبەش و دیسپلینکراو لە ئامانجێکدا.

یەکگرتن و ئیرادەی گەل لە بەرامبەر دەســـەڵاتدا گەلێ ڕووداوی ڕاستەقینەمان دەخاتە یاد کە چۆن شکۆی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەرامبەر یەکدەنگیی میللەت و هاریکاری نێوان تاکەکان وردوخاش دەبێــت، ئەم بەڵگە مێژووییەش لە زاری یوڤــال نوح هەراری دەگێرنەوە بە هوتافی بژی شۆڕش:

"مێژوو بەڵگەی بەهێز و یەکلاکەرەوە لەســـەر پرســـی گرنگیی هاریکاریی هەمەکیی و بەرفراوان لەنێوان مرۆڤەکاندا بەدەســـتەوە دەدات. هــاریکــاریی هەمەکییــانە ڕۆڵی گرنــگ و ســـەرەکی لە قەڵەمبازەکانی ناو مێژوودا گێراوە. کاتێک باس لە هاریکاری و هاوارییی هەمەکیی و ژیانی هەروەزیی مرۆڤەکان دەکەین، مەرج نییە ئەم ژیانە بە دڵخوازی تاکەکان بووبێت. دەشــێت مێژووی داســەپاو

بووبێت هەردەم سەرکەوتن بۆ کەسانێک بووە، کە باشتر و گونجاوتر هاوکاریی یەکتریان کردبێت، ئەم بنەمایە بە تەنها لە کێبڕکێی نێوان مرۆڤەکان و گیانداراني تردا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نەگێراوە، بەڵکو لە ململانێی نێوان گروپ و کۆمەڵە و دەستە مرۆییەکان لەگەڵ یەکتریدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. ڕۆم، یۆنانی تێکشکاند، ئەم سەرکەوتنەی ڕۆمییەکان لەبەر ئەوە نەبوو کە ڕۆمەکان قەبارەی مێشکیان گەورەتربێت، یان توانایەکی زیاتریان لە دروستکردنی کەرەستە و ئامرازدا هەبێت، بەڵکو ئەم سەرکەوتنە بە توانا و لێوەشاوەیی ئەوان لە بەقەرارکردنی تەونی پەیوەندی بەرفراوان و بەڕێوەبردنی ئەم تەونە پەیوەست بوو. ڕۆمەکان بە بەراورد بە یۆنانییەکان، باشترو بەرینترو کاریگەرتر هاوکاری یەکتریان دەکرد و تەونەکانی پەیوەندییان بەرێوە دەبرد. بە درێژایی مێژوو ئەوە سوپا ڕێکخراو و خاوەن دیسپلینە بەهێزەکان بوون، کە بەسەر گرووپ و دەستە نارێکخراوەکاندا زاڵبوون و چینە سەردەستە کەمینەکان کە یەکگرتووتر و پەیوەندیی هاریکاریی نێوانیان توکمەتر بوو، بەسەر چینی زۆرینەی نارێکخراودا فەرمانڕەوایەتییان کردووە. بۆ نموونە لەساڵی ١٩١٤ تەنها سێ ملیۆن ئەشرافزادە و ئەفسەر و بازرگانی ڕووسی بەسەر زیاتر لەسەدوهەشتا ملیۆن جوتیار و کرێکاردا فەرمانڕەوایەتییان کردووە. سەردەستە و چینە باڵاکەی ڕووسیا

دەیانزانی چۆنچۆنی بەهۆی خواست و بەرژەوەندیی هاوبەشیانەوە، هاریکار و هاوکاری یەکتربن، لەکاتێک ١٨٠ ملیۆن ڕەشە خەڵک توانای ئەوەیان نەبوو بەشێوازێکی کاریگەر خۆیان ڕێکبخەن و رۆحی هاوکاری لە نێوان خۆیاندا بەرقەرار بکەن، لە ڕاستیدا بەشێکی گەورە لەهەوڵ و کۆششی چینە سەردەستەکە، لەسەر ئەوە چڕببوویەوە، کە رێگە نەدەن زۆرینەی خەڵکی هونەری هاریکاریکردنی یەکتر و خۆڕێکخستن فێربن.

بۆ بەرپابوونی شۆڕش، چەندێتی و زۆرێتی لە ژمارەدا مەرجی سەرەکیی نییە سەرپێخستنی شۆڕشەکان پەیوەندی بە حەشاماتی خەڵکەوە نییە، بەڵکو لەلایەن تۆڕێکی بچووک لە کادیرانی رێکخراوەوە سەرپێ دەخرێن، ئەگەر دەخوازیت شۆڕشێک بەرپا بکەیت، لە خۆت مەپرسە: "داخۆ بڵێی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شوێنم بکەون؟" بەڵکو بپرسە: "چەندێک لە پشتیوانان و شوێنکەوتوانی من توانای ئەوەیان تێدایە بە شێوازێکی کاریگەر، هاوکار و هاریکاری یەکتر بن؟". چونکە زۆری و بۆری، بنەمای شۆڕش نییە، بەڵکو کاری رێکخراوەیی بنەما و پایەی شۆڕش پێکدێنێت، ئاخر شۆڕشی ڕووسیا ئەودەم هەڵنەگیرسا، کە گوایە ١٨٠ ملیۆن جووتیار لە دژی قەیسەر ڕاپەڕین، بەڵکو شۆڕش ئەوکات فۆڕمی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرت، ژمارەیەکی کەم لە

کۆمۆنیستەکان، کە لەپەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین، لە کات و لە شوێنی گونجاودا و بە پرەنسیپ و بەدیسپلینی تۆکمەوە، خۆیان هاویشته ناو یارییەکەوە. لە ساڵی ١٩١٧، لە کاتێکدا ژمارەی ئەندامانی چینی باڵا لە ڕووسیا دەگەیشتە سێ ملیۆن کەس، پارتی کۆمۆنیست تەنها بیست و سێ هەزار ئەندامی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمۆنیستەکان بە هۆی ڕێکخستنە تۆکمە و شایستەکەیانەوە، کۆنترۆڵی ئیمپراتۆرییەتی بەرفراوانی ڕووسیایان بەدەستهێنا. ئەودەم جڵەوی دەسەڵات لە ژێر دەستە کەم تواناکانی قەیسەر و دەستانی لەرزۆکی حکومەتە کاتییەکەی "کێرنیسکی – Kerensky" ترازا، کۆمۆنیستەکان چەشنی سەگێک چۆن پارچە ئێسقانێک لە نێو کەڵبە تیژەکانیدا توند دەگرێت، بە تامەزرۆییەوە پڕیان بە دەسەڵاتدا کرد و جڵەوی کاروبارەکانیان گرتەدەست. کۆمۆنیستەکان دەسەڵات و هەژمونی خۆیان تاکو کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٨٠ پاراست، دیسیپلین و ڕێکخستنی تۆکمە، بۆ ماوەی هەشتا ساڵ ئەوانی لە لووتکەی دەسەڵاتدا هێشتەوە و پێدەچێت هۆکاری کەوتنیان لە قۆناغی دواتردا، زیاتر بە سەرهەڵدانی کەموکوڕی لەکاری ڕێکخراوەییاندا پەیوەست بێت (نیکۆلای چائۆشیسکۆ –Nicolae Ceausescu)، دیکتاتۆرە کۆمنیستەکەی ڕۆمانیا، لە ٢١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ دا،

کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بۆ پاڵپشتی خۆی ڕێکخست. بە درێژایی چەندین مانگ بەر لەم کۆبوونەوەیە، بە تایبەت لەو کاتەوە یەکێتیی سـۆڤییەت دەسـتی لە پاڵپشـتی حوکوومەتە کۆمۆنیسـتییەکانی ڕۆژهەڵات هەڵگرتبوو، شـــۆڕش و نـائـارامی پۆڵەنـدا، ئەڵمـانیـای ڕۆژهەڵات، هەنگاریا، بولگاریا و چیکۆسـلۆڤاکیای گرتبوویەوە. چائۆشیسکۆ، کە لەساڵی ١٩٦٥ەوە بەسەر ڕۆمانیادا فەرمانڕەوایەتی دەکرد، هێشـتا لەو باوەڕەدابوو لە بەرامبەر شـەپۆلی ناڕەزایەتی و لێشـاوی ڕۆژگار، خۆی بە پێوە دەگرێت. تەنانەت سـەرباری ئەو شۆڕشەی، کە لە شاری (تێمیشوارا Timisoara)ی ڕۆمانیادا و لە ١٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ دا دژ بە دەسەڵاتەکەی سەری هەڵدابوو، کەچی ئەو هەر لە سەر مانەوەی لە دە سەڵاتدا پێداگربوو. چائۆشیسکۆ لە وەڵامی ئەم شۆڕشەدا، ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییەی لە شـاری بوخارسـتی پایتەختدا ڕێکخسـت. ئامانجی ئەو، لەم کۆبوونەوە جەماوەرییە ئەوەبوو، بۆ خەڵکی جیهانی بسـەلمێنێت هێشـتا دانیشـتوانی ڕۆمانیا خۆشـیان دەوێت، یان لانیکەم لێی دەترسن. دەزگا لەرزۆک و پەشێوحاڵەکەی حیزب، بە زەبر نزیکەی هەشتاهەزار کەسی کۆکردەوە، بەڵکو بە هەر نرخێک بووە مەیدانی ناوەندی شـار قەرەباڵغ بکەن. هاوکات داوا لە هاوڵاتیان کرا نەچنە سـەر کاری ڕۆژانە و لە ماڵەکانیان بەدیار ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە

دابنیشن.

ســـــەرۆک لەناو و هەرا و هۆریای بە ڕووکەش پڕ لە تامەزرۆیی جەماوەردا. لەو باڵەکۆنەی بەســـەر مەیدانەکەی دەڕوانی، دەرکەوت. ئەمەش ئەو ڕۆتینە هەزاربـــارەیە بوو، کە لە مـــاوەی دەیەکـــانی ڕابردوودا چەندین جار ئەنجامی دابوو. دواجار ســـــەرۆک یەکێک لە وتارە دووبارە و تاقەتپڕوکێنەکانی خۆی دەســـتپێکرد. بە تەنیشـــت سەرۆکەوە، ئێلینا- Elena ی هاوژینی و بەرپرسانی باڵای حیزب وەستابوون. سەرۆک بۆ ماوەی هەشت خولەک ستایشی سیستەمی سۆشیالیزمی ڕۆمانیای کرد و لەناو چەپڵەڕێزانی بە زەبری ئاپۆرای خەڵکیدا هەســتی بە خۆشــنودی دەکرد. ســەرئەنجام قەوما (ئێوە دەتوانن لە یوتیوب ئەم دیمەنی دارشـــووخانە ببینن، تەنها ئەوەندە بەسە لەبەشی گەڕانی یوتیوب "کۆتا وتاری چائۆشیسکۆ" بنووسن و دواتر بە چاوی خۆتان مێژوو ببینن).

وەک لە ڤیدیۆکەی ســــەر پەڕەی یوتیوبیشــــدا دەردەکەوێت، سەرۆک لەپاش هەشت خولەک قسەکردن، ئێستێک دەکات و پاشان بە ڕســـتەیەکی درێژ تێهەڵدەچێتەوە: "من دەمەوێت ســـوپاســـی ڕێکخەرانی ئەم ڕووداوە مێژووییەی بوخارســـت بکەم، کە دەرخەری ئەوەیە..."، دواتر بێدەنگ دەبێت، ســــەرۆک چاوەکانی زەق دەبن، باوەڕ بە دوو چاوی خۆی ناکات. ئەو بە واق وڕماوییەوە لە شـوێنی

خۆیدا وشـک دەبێت. سـەرۆک فریانەکەوت ڕسـتەکەی تەواو بکات، ئێوە بە چـاوی خۆتـان دەتوانن لەو ڤیـدیۆیەدا ببینن، کە چۆن لەمـاوەی تەنهـا یەک چرکەدا جیهـانێـک دادەڕوخێـت. ئەو دەمەی سەرۆک کۆتا ڕستەی خۆی بەیان دەکرد و هێشتا خاڵی بۆ کۆتایی ڕستەکە دانەنابوو، یەکێک لەناو ئاپۆراکەوە دەستی بە هوتافکێشان کرد. تا ئێستا کەس نازانێت ئەو کەسە کێ بوو، بەڵام هەر هاواری دژ بە سـەرۆک لە گەروویەوە دەرپەڕی، بەدوایدا کەسـی دووەم و سێیەم و کەسانی تریش هەمان هوتاف و دروشمیان وتەوە. هێندەی نەخایاند سەراپای خەڵکی دەستیان بە فیکەلێدان و جنێوبارانکردنی سەرۆک کرد!

ئەم ڕووداوە بە شـێوازی پەخشـی ڕاسـتەوخۆ لە تەلەفزیۆنی ڕەسـمی ڕۆمـانیـاوە دەگوازرایەوە. بەشـی هەرە زۆری خەڵکی بەجۆشـهاتووی ڕۆمانیا بینەری ئەم داوەشـانە مێژووییە بوون. دەمودەسـت هێزەکانی ئاسـایش فەرمانیان دەرکرد پەخشـەکە ڕابگیرێـت. بەڵام کـارمەنـدانی تیڤی سـەرپێچیـان لەم فەرمـانەی هێزەکانی ئاسـایش کرد. کامێرامان، بە ناچاری زومی کامێراکەی بەرەو ئاسـمان وەرچەرخاند، تاوەکو دانیشـتوانی گۆی زەوی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی سـەر ڕوخسـاری سـەرۆک و ڕابەرانی حیزب بە چـاوی خۆیـان نەبینن، بەڵام بێژەری تیڤی درێژەی بە ڕوومـاڵی

ڕێوڕەسمەکەدا و بەرپرسانی تەکنیکیش لە گواستنەوەی ڕووداوەکە بەردەوام بوون. دانیشتوانی ڕۆمانیا و دانیشتوانی وڵاتە لیبراڵەکان گوێبیستی تەواوی هوتاف و جنێوەکانی حەشاماتی ناو مەیدانەکە بوون. لەکاتێکدا چائۆشیسکۆ لەبەرامبەر مایکەکە هاواری دەکرد: ئەلوو... ئەلوو... ئەلوووو. وەک بڵێی بیەوێت وەهای پیشانبدات، کە کێشەیەک لە مایکرۆفۆنەکەدایە هەیە. ئێلینای هاوژینی، کە شڵەژانی بە ئاشکرا پێوەدیار بوو، بە توڕەییەوە دەقیژێنێت بەسەر حەشاماتەکەدا و دەڵێت: بێدەنگ... بێدەنگ... بێدەنگ... جەنابی سەرۆک بەسەر هاوژینەکەیدا دەتەقێتەوە و دەڵێت: هێشتا پەخشی ڕاستەوخۆ بەردەوامە، تۆ دەمت دابخە. پاشان جەنابی سەرۆک بەشێوازی تکاکارانە ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و دەڵێت: "هاوڕێیان، هاوڕێیان، تکایە هاوڕێیان، ئەم کارەتان لە پڕەنسیپی حیزبەوە دوورە".

بەڵام هاوڕێیان نەیاندەویست بێدەنگ بن. ئەو دوای نیوەڕوانە ئەفسانەی کۆمۆنیزم لەسەر ئەو باڵکۆنە هەرەسی هێنا. ڕۆمانیای کۆمۆنیستیی کەوت، ئەویش دروست لەوکاتەی، کە هەشتا هەزار کەسەکەی مەیدانی ناوەندی شار بە چاوی خۆیان بینیان، کە ئەگەر یەکگرتوو بن و نەترسن، ئێجگار لەو پیاوە پیرە پاڵتۆلەبەرەی سەر باڵەکۆنەکە بەهێزترن. ئەوەی لەو دەمەدا بۆ ئامادەبوان جێگەی

سـەرسـوڕمان بوو، کەوتنی ئەم ڕژێمە نەبوو لە ماوەی تەنها چەند چرکەیەکدا، بەڵکو ئەو ڕاسـتییە بوو، کە چۆن ئەم پیرەپیاوە و گەوجانەی دەوروبەری توانیویانە بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ حوکمی ڕۆمانیا بکەن؟ بۆچی شـۆڕشـگێران هێندە کەم و دەگمەنن؟ ئەو مرۆڤەی یەکەم جار جنێوی بە سەرۆک دا ئەم ٣٦ ساڵە لە کوێ بوو؟ بۆچی هەندێک جار حەشاماتی خەڵک بە درێژایی دەیەکان چەپڵە لێدەدەن و ملکەچیی دەنوێنن و هەر کارێک، کە کەسـانی وەک ئەو پیاوە سـەر باڵکۆنەکەی فەرمانیان پێبکات، جێبەجێی دەکەن، لە کاتێکدا لە هەر ئان و سـاتێکدا دەتوانن داییەزێننە خوارێ و پارچەپارچەی بکەن. چائۆشیسکۆ و هاوڕێکانی بۆ ماوەی چوار دەیە بەسەر بیست ملیۆن هـاوڵاتیی ڕۆمـانییەوە فەرمـانڕەواییـان کرد. بۆچی؟ چونکە ئەوان سـێ مەرجی گرنگیـان جێبەجێ کردبوو. یەکەم: ئەوان ئەندامانی دڵسـۆزی حیزبی کۆمۆنیسـتیان بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی تۆڕە هەرەوەرزییەکانی وەک سـوپا و سـەندیکاکان و تەنانەت یانە و ڕێکخراوە وەرزیشـییەکان دانابوو. دووەم: ئەوان هەر ڕێکخراوێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیان سەرکوت دەکرد، کە بیانزانیبایە پێگەی کۆمۆنیسـتەکان لاوازدەکات. سـێیەم: ئەوان پشـتیان بە هاوکاری و هاریکاریی دەسـتەخوشـکە کۆمۆنیسـتەکانی تری ناو یەکێتیی سـۆڤییەت و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەسـتبوو. بە

چاوپۆشـــیی لەوەی جاروبار لەنێوان ئەم حیزبە کۆمۆنیســـتانەدا ململانێ دروست دەبوو. بەڵام لەکاتی پێویستدا هاوکاریی یەکتریان دەکرد. یان لانیکەم جۆرێک ڕەفتاریان دەکرد، کە هیچ کەس لە دەرەوە نەتوانێت درزە بکاتە ناو بەهەشتی کۆمۆنیستییەوە. بیست ملیۆن هاووڵاتیی ڕۆمانیا لەژێر ئەم هەلومەرجەدا و وێڕای هەموو ئەو دژواریی و مەینەتییانەی ئەم ڕابەرانە بەڕەوایان دەبینی بە ســەریان بهێنن. نەیانتوانی بە شـــێوازێکی کاریگەر جووڵانەوەیەکی دژبەرانە ڕێک بخەن. چائۆشیسکۆ تەنها ئەوکات هەرەسی هێنا، کە چیتر ئەم ســێ مەرجە لە ئارادا نەمابوون. لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشـتادا، یەکێتیی سۆڤیەت دەستی لە هاوکاریکردنی حیزبە کۆمۆنیستییەکان هەڵگرت و ڕژێمە کۆمۆنیســـتییەکانی یەک بەدوای یەک کەوتن. لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا چائۆشـــیســـکۆ چیتر نەیدەتوانی دڵی بە پاڵپشتیی دەرەکیی خۆش بکات. لە لایەکی ترەوە، ئەو شۆڕشانەی لە وڵاتـانی دراوســـێدا ڕوویـان دەدا. هێز و ورەی بە نەیـارانی چائۆشـیسـکۆ بەخشـی. هاوکات حیزبی کۆمۆنیسـتی ڕۆمانیی لە ئاســتی ناوخۆدا دووچاری باڵباڵێن و دووبەرەکی هاتبوو. بەســـەر چەند بەرەیەک و دەستەیەکی دژبەیەک دابەش بوبوو. میانڕەوەکانی ناو حیزب دەیانویست خۆیان لە شـەڕی چائۆشیسکۆ ڕزگاربکەن و پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت، ڕیفۆرمێکی گشتگیر سەرپێ بخەن.

خودی چائۆشــیســکۆ بە ســازدانی ئەو گردبوونەوە جەماوەرییەی مەیدانی بوخارسـت و گواسـتنەوەی لە ڕێگەی تیڤییەوە بە شـێوازی ڕاستەوخۆ، دەرفەتێکی زێڕینی بە نەیارەکانی بەخشی، تاوەکو لە برِ و ئاســـتی هێزی خۆیان تێبگەن و لەدژی ئەو ڕاپەڕن. چ ڕێگایەک خێراتر لە پەخشی تەلەفزیۆنی دەتوانێت گرۆتین بە تەشەنەسەندنی شۆڕش بدات؟

ئەو چرکەساتەی دەسەڵات لە دەستە پۆڵایینەکەی سەرۆکی سەر باڵەکۆنەکە دەرچوو، لە ڕاســـتیدا بۆ حەشـــاماتی ئامادەبووی مەیدانەکە نەگواســـترایەوە. ئەو حەشـــاماتە ســـەرباری گرۆتینی شۆڕشگێرانە و زۆری ژمارەیان، نەیاندەزانی چۆنچۆنی دەبێت خۆیان ڕێک بخەن. کەواتە هەروەک ڕووســـیای ســـاڵی ١٩١٧، ئەمجارەیش دەســـەڵات کەوتە دەســـت گروپێک لە ســـیاســـەتبازان، کە جگە لە توانای خۆڕێکخستنی خێرا و دیسـیپلینی تۆکمە، هیچی تریان شـک نەدەبرد. شـــۆڕشـــی ڕۆمانیا لەلایەن کەســـانێکەوە، کە خۆیان بە (بەرەی ڕزگاری گەل) دەناســـاند، پڕی پێداکراو دزرا. لە ڕاســـتیدا بەرەی ڕزگـاریی گەل جگە لە نوســـخەیەکی میـانڕەوی حیزبی کۆمۆنیســـتی جـاران، هیچی تر نەبوو. بەڵکو لەلایەن ئەنـدامـانی نـاوەنـدیی حیزبی کۆمۆنیســـتی جـارانەوە پێـک هێنرابوو. (ئۆن ئیلیچکۆ Ion Iliescu -) ڕابەرایەتیی ئەم بەرەیەی دەکرد.

ئیلیچکۆ ئەندامی پێشـووی مەکتەبی سـیاسـی حیزب و ماوەیەکیش ڕابەری وەشانی پڕوپاگەندەی حیزبی کۆمۆنیست بوو. ئۆن ئیلیچکۆ و هاوڕێکانی لەبەرەی ڕزگاریی گەل، کە لە لێشاوی بەهێزی لیبراڵیزم تێگەیشـــتبوون، لەهەر شـــوێنێـک بۆیـان بلوایە، خۆیـان وەک سـیاسـەتمەدارانێکی دیموکراتخواز دەناسـاند و لەهەر مایکرۆفۆن و بڵندگۆیەکەوە، کە بەردەست بوایە بانگەشـەیان بۆ ئەوە دەکرد، کە ئەوان گوایە لە ڕابەرانی پێشووی حیزبی کۆمۆنیست بوون و دەتوانن لە ئەزمونی دوورودرێژی کاری ســـیاســـیان و تۆڕی پەیوەندیی ڕێکخراوەیی هاوڕێکانی خۆیان سـوود وەربگرن. ئەوان بەوە باوەڕیان بە خەڵک دەهێنا، گوایە دەتوانن بەم ئیمکانیەتەیانەوە کۆنترۆڵی وڵات بگرنە دەســت و ڕێگری لە بەتاڵانبردنی ســەرچاوەکانی داهات بگرن. لە ڕۆمانیای دیموکراســیدا بەجۆرێک یاریی بە خەڵکەکە کرا، وە خەڵک نەیانزانی لە کوێوە لێیان دەدرێت ڕۆمانیای دیموکراســـی بە خێرایی ســـەرچاوەکانی داهاتی وڵاتی خســـتە ژێر چنگی کەرتی تایبەتەوە و بە نرخی ڕەمزی و هەرزان بە کۆنە کۆمۆنیســـتەکانی جارانی فرۆشـــتەوە. ئەم کۆنە کۆمۆنیســـتانە کەســـانێک بوون، کە دەیانزانی بڕیار وایە چیی ڕوویدات و لەپێناو بەچنگ خســـتنی پێگە و پۆســتی سـیاسـی و کارگێڕییدا هاریکاریی یەکترییان دەکرد. ئەو کۆمپانیا دەوڵەتییانەی کاتی خۆی ژێرخانی نەتەوەیی و ســـەرچاوە

سروشتییەکانی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بە بەرپرسانی پێشووتری حیزبی کۆمۆنیزم هەرزانفرۆش کران و ئەندامە ئاساییەکانی حیزبیش تەنها بە پێدانی نرخی ڕەمزی، خانو و باڵەخانەی گونجاویان بۆ خۆیان کڕی ئەو دەمەی هاوڕێیانی حیزب بوون بە وەزیر، ئەندام پەرلەمان، بەڕێوەبەرانی بانک و ملیاردێر، ئۆن ئیلیچکۆ وەک سەرۆککۆماری ڕۆمانیا هەڵبژێردرا. شۆڕش ئەمەبوو. تا ئێستا کەس نازانێت ئەو هەشتا هەزار هاووڵاتییەی گۆڕەپانی ناوەندیی بوخارست کێ بوون و چییان دەست کەوت. ئەم باندە نوێیەی فەرمانڕەوایانی وڵاتی ڕۆمانیا، کە تاوەکو ئێستا (٢٠١٦) بە سەر ئەو وڵاتەوە حوکم دەکەن، لە کۆنە کۆمەنیستەکان و خزمە نزیکەکانیان پێکهاتوون. ئەو حەشامەتەیش، لە شاری (تێمیشۆارا) و (بوخارست) گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە، پێدەچێت هێشتا لە پاشماوەکان بخۆن. بۆچی بەم جۆرەیە؟ چونکە ئەو حەشاماتە نەیانزانی بە چ میکانیزمێک و چۆن چۆنی هاوکاریی پێشکەش بە یەکتر بکەن و لە چ ڕێگایەکەوە و بە چ شێوازێک ڕێکخراوێکی کاریگەر دابمەزرێنن، تاوەکو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بپارێزرێت. (بەڕاست حەشاماتی خەڵک دەزانن بەرژەوەندیی هاوبەش چییە؟!)

شۆڕشی ساڵی ٢٠١١ی میسریش توشی هەمان چارەنووس هات. ئەو دەرفەتەی تەلەفزیۆنی لەساڵی ١٩٨٩ دا لە ڕۆمانیا ڕەخساندی،

فەیســـــبووک و تویتەر لە ســــاڵی ٢٠١١دا بە زیادەوە لەمیســــر ڕەخســـاندیان. ســۆشــیال میدیا کۆمەکی حەشــاماتی خەڵکی کرد، تــاوەکو هەمــاهەنگیی لەگەڵ یەکتریــدا بکەن. ئەم هەمــاهەنگییە بەجۆرێک بوو، لەســاتی گونجاودا هەزاران کەس پێکەوە ڕژانە ســەر شـەقام و ناو مەیدانەکان و ڕژێمی موبارەکیان سـەرنگون کرد. بەڵام ئامادەکردنی ســــەد هەزار کەس لە مەیدانی تەحریر، شـــــتێکە و چنگگیرکردن لە مانشـێتی سـیاســەت و دەســەڵات شــتێکی ترە. خرۆشانی خەڵکی ئاسایی لە مەیدانە گشتییەکاندا بابەتێکە و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کەسانی گونجاو لە شوێن و کاتی گونجاو و لەناو باڵەخانەکانی دەسەڵات، بابەتێکی ترە. سەرئەنجام کاتێک موبارەک کەوت، خۆپیشـــاندەران نەیانتوانی جێگای بەتاڵی ئەو پڕ بکەنەوە. لە میســــردا تەنهــا دوو دامەزراوە بوونیــان هەبوو، کە بتوانن بە شـێوازێکی کاریگەر وڵات بەڕێوەبەرن. ئەوانیش سـوپا و ئیخوانەکان بوون. ســەرەتا شـۆڕش لەلایەن ئیخوانەکانەوە پەرەی پێدرا و دزرا، دواتر پلە بە پلە شۆڕش کەوتە دەست سوپا.

کۆنە کۆمۆنیستەکانی پێشووی ڕۆمانیا و جەنەڕاڵەکانی سوپای میســر، بە بەراورد بە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیان یاخود بە بەراورد بە خۆپیشاندەرانی بوخارست و قاهیرە، وشیارتر و زیرەکتر نەبوون و دەســـتانێکی درێژتر و کارامەتریان نەبوو. هۆکاری ســــەرکەوتنی

ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ماهییەتی ڕێکخستنەکانیان. دەستکەوتەکانی ئەوان لە هەناوی هاریکاریی ڕێکخراوەیی و خۆگونجاندنیان لەگەڵ دۆخەکە و سیاسەتی پڕ لە مروونەتیاندا پەنهان بوو. ئەوان لە حەشاماتی خەڵکی باشتر هاوکاریی یەکترییان دەکرد و باشتر لەگەڵ دۆخەکەدا خۆیان دەگونجاند و بە بەراورد بە کۆنە پارێزانێکی وەک چائۆشیسکۆ و موبارەک، مروونەتی زیاتریان دەنواند".

ئەم هاریکارییە لە تۆڕی هاوکاریی بە کۆمەڵدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرەی گەل لە پرسێکی هاوبەشدا.

بەمەش دەردەکەوێت ناوەرۆکی مێژوویی نەتەوە تەنها لەچینی گەل دایە، تەنها چینی گەل مەرجی مانەوەی مێژوویی نەتەوەیە نەک شتێکی تر. ئەوە چینی گەل دەڵێ "هەر شتێک کە نەتەوەییە ئەمە هیی ئێمەیە، هەر شتێکیش کە هیی ئێمەیە ئەوە نەتەوەییە". بۆیە دروستکردنی ئەم فۆرمە نەتەوەیییەی ئێستا زۆر جیاوازە لە فۆرمە یاساکانی پێشوو کە هەوڵی بۆ دەدرا بەهۆی پێشکەوتنەوە کە بواری زیاتری بۆ نەتەوەکانی تر ڕەخساند بۆ بەرزبوونەوە تا ئاستی باڵایی، لە مرۆڤی باڵاوە دەستی پێکرد بۆ نەژادی سەروتر ئێستا لە نەتەوەی باڵا بۆ کەمینەیەکی باڵاتر دەچێت. بەمەش زۆرینەیەک لەمرۆڤە ناهۆشمەندەکان بەرەو مەترسی قڕ بوون و لەناوچوون دەچن و بەهۆی نەزانییەوە لە پلیکانەکانی سەرەتای مێژوو بەجێ

ماون، هەموو هەوڵێکیشـــیان بۆ بەدەســـت هێنانەوەی ئەم مافە ســەرەتاییانەن بۆ بەختەوەری کە خۆیان بێ بەرامبەر بەخشــیویانە وە بە بەرامبەر پێیان دەدرێتەوە. کاتێکشی ئازادیت کە هیچ شتێک نییە ئازادیەکەی خۆی تێدا دەربڕێت، من کاتێک ئازادم تێربم کە هیچ ژەمێک نییە تێرم کات، بۆیە فۆرمی نەتەوە ئێســـتا لە زۆری ژمارەی دانیشـــتوان و ســـەرکردە یان هوتاف و گریان و هاوار و هەڕەشـــە ناچێت، بەڵکو لەکولتوورێکی باڵا دەچێت کە ئاســـتی هۆشـــمەنـدیی مرۆڤ بگەیننە ئەو پەڕی، بەمەش کەمینەیەکی هۆشمەند باڵاتر دەبێت لە زۆرینەیەکی نەتەوە نووستوەکانی جیهانی سێیەم وەک:

"لە ئێســـتـــادا ڕێژەی لەدایکبوون لەو وڵاتــانەی لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە پێشـــکەوتوون، وەکو ژاپۆن و کۆریای باشـــوور، لەدابەزینی بەردەوامـدایە. لەگەڵ ئەمەدا، هەوڵی چڕ و بێوچـان بۆ پەروەردەکردنی منـداڵان لەئـارادایە. بەوەدا ژمـارەی منـداڵان لەو وڵاتانەدا بەردەوام ڕووی لە کەمبوونە، بۆیە تا دێت کوالیێتی خوێندن و فێرکردنیان بەرزتر دەکرێتەوە و ئاســـتی چاوەڕوانییەکان لەم منداڵانە، تا دێت زیاتر هەڵدەکشــێت. کەواتە وڵاتانی وەک ژاپۆن و کۆریای باشـــوور، هەوڵەکانیان بۆ پەرەپێدان بە توانای ئەو ژمارە کەمەی منـداڵ، تەرخـان کردووە. منـداڵێکی کەمتر، پەروەردەیەکی

باشـتر. چۆن وڵاتە تازە فراژاییبووەکانی وەک هیندسـتان، بەرازیل و نەیجیریـا دڵ بەوە خۆش بکەن، کە ڕۆژێـک لە ڕۆژان ململانێی وڵاتێکی وەکو ژاپۆنیـان پێ دەکرێـت؟ نموونەی ئەم وڵاتە تـازە فەراژیبووانە، وەک شەمەندەفەرێکی ئێجگار درێژ وایە، کاربەدەستان و خوداپێداوەکان لە ڤاگۆنی نمرە یەکدا، قاچ لەسـەر قاچ لێی دانیشـتوون. ئەم کەمینەیەی ناو ڤاگۆنی نمرە یەک، وەک زۆرینەی وڵاتە پێشـکەوتووەکانی دونیا، بۆ خۆیان خاوەنی باشـترین خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیین و سەروەت و سامانی بێ ئەژماریان پێکەوەناوە، بەڵام سـەدان ملیۆن هاووڵاتی ئاسـاییی، کە ئاخێنراونەتە ناو ڤاگۆنی نمرە سـێ و نمرە دە نمرەکانی ترەوە، هێشـتا بەدەسـت پەتا، درم، نەزانی، دەمارگیری، نەخوێندەواریی، هەژاریی و دەیان دەرد و بەڵای ترەوە دەناڵێنن. لێرەدا پرسـیارێکی گرنگ بەرۆکی کاربەدەستە بەڕێز و خەمساردەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە دەگرێت. داخۆ سەردەستە و کاربەدەستانی کۆمەڵگەی هیندستان، نەیجیریا و بەرازیل، هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ سـەدەی بیسـتویەک کردووە؟ چۆن بە ملیۆنان هاووڵاتی ڕەشـوڕووت و نەخوێندەوار و بە ئابوورییەکی پڕ لە نادادیەوە، ڕێگە سـەخت و دژوارەکانی سـەدەی بیسـتویەک دەبڕن؟ چ جۆرە چارەسـەریەک شـک دەبەن؟ ئایا بۆ چارەسـەری کێشـەی سـەدان ملیۆن هاووڵاتی ئاسـاییی، سـەرمایە

تەرخان دەکەن و وەبەرهێنان دەکەن؟ یان ئەم سەدان ملیۆنە بەخۆیان و کێشەکانیانەوە بەدەستی چارەنووس دەسپێرن وگرنگی بە پێشخستن و پەرەپێدانی ژیانی چەند ملیۆن دەوڵەمەندێک دەدەن؟ ڕاستی ئەوەیە لە ئێستادا تەنها ئەم دوو بژاردەیە لەبەردەم کاربەدەستانی وڵاتە تازە فراژی بووەکاندا بوونی هەیە. لە سەدەی بیست هیچ نەبێت، کاربەدەستان سوودێکیان لە چارەسەری کێشەی حەشامات و هاووڵاتیانی ئاسایی دەبینی، چونکە لانیکەم ئەو خەڵکە هەژارە لە ڕووی ئابووری و سەبازییەوە بەها و نرخیان هەبوو. بەپێچەوانەوە سەدەی بیست و یەک وا نییە.

یەکێک لەستراتیجیەتە بێڕەحمەکانی سەدەی بیست و یەک بۆ چارەسەری کێشەکان، دەکرێت بریتی بێت لەوەی ڤاگۆنی نمرە سێ و نمرەکانی پاش ئەو، لە شەمەندەفەرەکە جودا بکرێنەوە. چونکە بەم جۆرە هێز و گڕوتینی زیاتر بۆ شەمەندەفەرەکە دەگەڕێتەوە و خێراییەکەی زیاتر دەبێت. گرنگ سەرنیشینانی ڤاگۆنی نمرە یەکە، بۆ دەبێت ئەمانە باجی بارگرانی ڤاگۆنەکانی تر بدەن. بەرازیل بۆ ئەوەی لە سەدەی بیست و یەکدا لە قافڵەی پێشکەوتن بەجێنەمێنێت و بۆ ئەوەی بتوانێت کێبڕکێی ژاپۆن بکات، دەبێت لە بری کات کوشتن بە دیار ملیۆنان کرێکاری ئاسایی و گرنگیدان بە تەندروستیان، بیر لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤی باڵای

پەرەپێدراو بکاتەوە.

ئامانجی ئاڵای پڕۆژەی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستدا، کە بریتی بوو لە زاڵبوون بەسەر قاتوقڕی، تاعون و جەنگ، توانی پێوەرێکی جیهانیی بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و تەندورستی و ئاشتی بۆ هەمووان، بئافرێنێت. ئامانجی باڵای پرۆژەی تازەی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا، کە خۆی لەدابینکردنی نەمریی بەختەوەریی هەمیشەیی و خوداییبووندا دەبینێتەوە، چاوی لەسەر ئەوەیە خزمەتێکی وا پێشکەش بە مرۆڤایەتیی بکات، کە مێژوو بەخۆیەوەی نەبینیوە، بەڵام بەوەدا کە ئەم پرۆژەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، چاوی لەوەیە بەهاکانی ئێستا تێپەڕێنێت، بۆیە ڕێی تیدەچێت لەو سەرەوە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی چینێک لە مرۆڤی خودائاسا برەخسێنێت. دواجار ئەم چینە، بەهاکانی لیبرالیزم ژێرپێ دەخەن و لەگەڵ مرۆڤە ئاساییەکاندا بەو جۆرە ڕەفتار دەکەن. کە کاتی خۆی ئەورووپاییەکان لەماوەی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ دانیشتوانی ئەفریقادا کردیان.

ئەگەر داهێنانە زانستییەکان و پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان، مرۆڤایەتیی بەسەر دوو گرووپی حەشاماتی بێکەڵک و کەمینەی خوداشێوەی پەرەپێدراودا دابەش بکەن، یاخۆ ئەگەر دەسەڵات و هێز لە مرۆڤەکان بسەنرێتەوە و ڕادەستی ئالگۆریتمەکان بکرێت،

ئەودەم لیبراڵیزم لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، پاش کەوتنی لیبڕاڵیزم، کام ئایین یان ئایدۆلۆجیای نوێ بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە و پەرە سەندنی نەوە خوداشێوەکانی ئێمە لە ئایندەدا بۆ پێشەوە ئاراستە دەکات؟".

لەکۆتایی دەمەوێ بڵێم کوردەکان پێش ئەوەی بیر لە نەتەوە بکەنەوە دەبێت بیر لە پەیوەندیی جەستەیی و فیزیکی بکەنەوە کە پێکیان دەبەستێتەوە لە تۆڕی هاوکاریدا، وە پێش ئەوەی بیر لە دەوڵەت بکەنەوە دەبێ بیر لە یەکگرتن و دروستبوونی نەتەوە بکەنەوە، وە پێش ئەوەی بیر لە کولتوورێکی باڵای نەتەوە بکەنەوە، دەبێت بیر لەبوونی دەوڵەت بکەنەوە، وە پێش ئەوەی بیر لە کولتووری باڵای کەمینە بکەنەوە، دەبێت بیر لە کولتوورێکی باڵای نەتەوەیی بکەنەوە، پێش هەموو ئەمانەش دەبێ بیر لە وەرگرتنەوەی دیارییەکەتان بکەنەوە لە شۆڕشگێران. بۆ وەرگرتنەوەی ئەم دیارییەش بیر لە گردبوونەوە جەماوەرییەکەی تشاوسیسکۆ بکەنەوە، دەبێ بیر لەوەش بکەنەوە کە دوای تشاوسیسکۆ چی ڕوویدا، ڕێ نەدەن بە خەڵکانێک لە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی پێشوو بە شێوە و ڕوخساری جیاوازی ئەم دیارییەتان لێ وەرگرنەوە.

لە کۆتایی چەمکی نەتەوەیی دەچێتە سەر ئایدۆلۆجیایەکی تر دەبێتە ناسیۆنال سۆسیال دەستووری.. نیزامی.

# سەرچاوەکان


١. کتێب: پوختەی سەرمایەی مارکس،

نووسەر: کارلۆ کافێرۆ

چـاپی یەکەم: ٢٠١٧، چـاپی دووەم: ٢٠١٩، لاپەڕە: ٢٣٩، وەرگێڕان: بابان ئەنوەر، چاپخانەی حەمدی .

٢. کتێب: هێنری لۆڤیفزە

نووسەر: کۆمەڵێک نووسەر

چاپ : ٢٠١٩ ، چاپخانەی حەمدی، لاپەڕە: ١٠٢- ١٠٣، وەرگێڕانی کۆمەڵێک وەرگێڕ

٣. تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هزرەوە

نووسەر: جان فریفیل

سـاڵی چاپ: ٢٠١٩ ، چاپخانەی تاران، لاپەرە: ١١٣ ، وەرگێڕ : فوئاد مەجید میسری

٤. کتێب: کارل مارکس و لیۆن تروتسکی

نووسەر: مایک گۆنزالیس – ئیسە کۆنارا

ساڵی چاپ: ٢٠١٦، چاپخانەی : دلێر ، لاپەڕە: ٣٧

وەرگێڕ: بابان ئەنوەر

٥. کتێب: ئەفسانەی میزیۆ

نووسەر: ئەلبیرکامۆ

چاپی یەکەم : ٢٠١٤، چاپی دووەم: ٢٠١٥، چاپخانەی تاران، لاپەڕە: ١٨٣-١٨٩، وەرگێڕ: ئازاد بەرزنجی.

٦. دەروازەیەک بۆ سۆسیالیزمی شۆڕشگێر

نووسەر: کۆمەڵێک نووسەر

چاپ: چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، لاپەڕە ١٠٩- ١١٥

٧. کتێب: دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت

نووسەر: میشێل فۆکۆ

چاپ: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشـە، لاپەڕە ٣٣٩-٤١٨، وەرگێر: ئارام ئەمین شوانی

٨. کتێب: هۆمۆ دیۆس

نووسەر: یوڤال نوح هەراری

چـاپ: چـاپی یەکەم، چـاپخـانەی نـاوەنـدی ڕەهەنـد، لاپەڕە: ٢٤٣، ٢٥١، ٦٠٤، ٦٠٧، وەرگێڕ: وریا ئەحمەد